# ڕۆشنبیری سەربازی

## شیکردنەوەی چەند بابەتێکی سەربازی

ئامادەکردنی

ملازمی دوو/ هێمن قادر

# پێشەکی

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بە سوپاسکردنی ئەو هەموو بەهرەمەندییەکان تەواو دەبن.

مرۆڤ کاتێك لە ژیاندا دەژی پێویستە کار بۆ ئەوە بکات شوێن پەنجەی خۆی لەسەر ژیان بە جێبهێڵێت و، شوێن دەستی خۆی دیاری بکات، وە تەمەنێکی پانی هەبێت باشترە وەك لە تەمەنێکی درێژ.

کتێبخانەی کوردی بەشێوەیەکی گشتی لەڕوی زانستی سەربازییەوە دەستکورتە و، کەمتر گرنگیان داوە بە وەرگێڕانی کتێبە سەربازییەکان، ئەوەش وای لەمن کرد کە لەگەڵ کاری وەرگێرانی کتێبی دیکە دەست بکەم بە ئاوڕدانەوە لە هەندێك بابەتی گرنگی سەربازی، بەڵام بەشێوەیەکی نۆبەرە و، سەرەتایی، ئەمەم بە باش زانی وەك دەستپێکی کارەکانم، ئەم بەرهەمە بخەمە خزمەتی سەربازی، بۆ ئەوی وەك بەرچاوڕونییەك باس لە چەند چەمك و بابەتێکی گرنگی هەنوکەیی و پێویست بکەین.

هەرچەند لە کۆلێژ و خوێندنگە سەربازییەکان گرنگی پێدراوە، بەڵام وەك پێویست نییە و، کەسە سەربازییە گەورەکانیشمان گرنگییەکی ئەوتۆیان نەداوە بە نوسینەوەی بیرەوەری و یاداشتەکانیان و، ئەمەش خاڵێکی دیکەیە لەوەی کتێبخانەی کوردیان بە ئەزمون و، لێوەشاوەییەکانی خۆیان دەوڵەمەند نەکردووە،

ئەوەیش هەیە وەك پێویست هێندە باسی خەتاب و بەرخودانی سیاسی كردوە باسی لایەنی سەربازی نەكردووە.

بۆیە من دەمەوێت لێرەدا بەكورتیی ئاماژە بدەم بە چەند زاراوە و چەمكێك كە یەكە سەربازییەكان بەكاری دەهێنن و، لە ناو ئەدەبیاتی سەربازیدا ئاماژەیان پێ دەدرێت، دەمەوێت بەم كارە بچوكەم تیشك بخەمە سەر چەند دەستەواژەیەك لەو دەستەواژانەی كە پێویستە كەسی سەرباز بیانزانێت، لەم باسەدا نەمدەویست خوێنەری بەڕێز بێزار بكەم و درێژە بە باسەكەم بدەم، بەڵكو تەنها دەمەوێت بە كورتی باسی ئەو دەستەواژانە بكەم و ناوی لێ بنێم (ڕۆشنبیری سەربازی).

هیوادارم بتوانم بەم كارەم سودێك بە كتێبخانەی سەربازی كوردی بگەیەنم و، من لێرەدا بەپێی تواناو زانیاری خۆم خستوەتە بەردەست بەڕێزتان، ئەم هێشوەم خستوەتە سەر شارای كتێبخانەی كوردی، هیوادار سودی تەواو بە خوێنەرانمان بگەیەنێت.

ملازمی دوو:

هێمن قادر حسین

زەڕایەن

# مێژوی دانانی پلەی سەربازی

لە هەموو سەردەمێکدا پلەی سەربازی پێگە و، شوێنێکی دیاری کراو و، بەرزی هەبوە، بە ئەندازەی ئەو جێگەیەی تیایەتی دەسەلات و، ئەرك و، دەستکەوتی لە ناو هەیکەلی هێزە چەکدارەکاندا هەیە، بەلام بەشێوەیەکی سنودار، لە دوو لایەنەوە ئەبێت ڕەچاوی فەرمانەکان بکات، هەم لەلایەن فەرمادەکەیەوە دەبێت سەرجەم فەرمانەکانی وەك خۆی پیادە بکات و، لە هەمان کاتیشدا فەرمانەکانی بەسەر بەردەستەکانی جێبەجیٚ بکات و، بە وردی چاودێری بکات، وەك هاتنی فەرمانەکە پێویستە پیادەی بکات لە کاتی ئاشتی و جەنگدا.

لەگەلٚ دەرکەوتنی هێزە چەکدارەکاندا لە سەرەتای پێکهێنانی سوپادا بەکارهێنانی پلەبەندی لەناو هەموو سوپایەکدا، لە هەموو بوارەکانی سەربازی و، فەرماندەیی و، بەڕێوەبردن بنەمایەکی زۆر زۆر سەرکەوتوە بۆ ئەوەی هەماهەنگی لەناو سوپادا دروست ببێت، بۆیە دەبینی هەموو سوپایەك لیستو تابلۆی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکخراو و، گونجاو هەیکەلی هەرەمی سوپاکە دابمەزرێنێت.

لەگەلٚ تێپەڕبونی کات و، پێشکەوتنی کۆمەلٚگە، هێزە چەکدارەکانیش پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە بینیوە لە دانان و، جیاکردنەوەی ڕشتەی هەر کۆمەلە چەکدارێك لەناو ڕیزەکانی

سوپادا، بەو پێیەی هێزەکان زیاتر گەورەو بەرفراوان بوون کۆنترۆڵ کردنیان و، سەپاندنی دیسپلینی سەربازیش بەسەریاندا ئاڵۆزتر بووە و، ئەگەر بە شێوەیەکی دیاری کراو ڕێك نەخرێت ئەوە کۆنکترۆڵکردنی زۆر ئەستەم دەبێت، لەسەرجەم وڵاتانی جیهاندا کار لەسەر پلەی سەربازی و، پلەبەندی ڕێکخستنی سوپا دەکرێت، جگە لە چەند وڵاتێك کە لە مێژە کاریان لەسەر پلە بەندی ناو سوپاکەیان، ئەوانیش: سوپای سوری سۆڤیەتی (١٩١٨ – ١٩٣٥) سوپای ڕزگاری گەلی چین (١٩٦٥ – ١٩٨٨)، سوپای ئەلبانی (١٩٦٦ – ١٩٩١)، بەڵام ئەوانیش دوای ڕودانی چەندین کێشە و، ئاڵۆزی لەناو سوپاکەیاندا زۆر بەخێرایی پەنایان برد بۆ بەکارهێنانی هەیکەلی پلەبەندی بەکارهێنان لەناو سوپادا.

پۆشاکی سەربازی لە زۆر وڵاتدا هەندێك نیشانە و، هێماو دروشمی لەسەرە بەڵگەیە لەسەر ئەوە ئەم کەسە خاوەنی ئەو پلەیە کە هەڵیگرتووە، لە هەموو سەردەمێك و، تەنانەت لە هەموو وڵاتێك بە پێی دروشمی ئەو وڵاتە پلە سەربازییەکە نەخشێنراوەو، هەر دروشمێکیش ماناو بەڵگەی دیاریکراوی لەخۆ دەگرێت، دەبینین هەندێك لە پلەکان ئەستێرەیە و، هەندێکیان تەنها خەتێکی قوماشیی و، هەندێکیان هەڵۆ یاخود شمشێر و، گەڵای درەختە... هتد.

# پلەی سەربازی لە سەردەمە دێرینەکاندا

لە ساڵی (٥٠١ پ.ز) یۆنانییەکان یەکەم نەتەوە بوون کە پلەی سەربازییان دیاریکرد، ئەویش بەوەی هەموو هۆزێك (١٠) کەسیان وەك سەربازی خۆیان هەڵدەبژاردو پێیان دەوت (ئیستراتیجوس) جەنەڕاڵ، ئەم دە کەسە دەبونە خودای جەنگی ئەو هۆزە.

پلەی ئەم دە کەسە هەمووی لە یەك ئاستدا بوو، هیچ کەس لەوی دیکە پلەی بەرزتر نەبوو، بەڵام بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان پشتیان بەڕاوێژو دەنگدان دەبەست، بۆ نمونە لە جەنگی (مارسون – ٤٩٠ پ.ز) پشتیان بە زۆرینەی دەنگ بەست بۆ هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە، هەریەکە لەو کەسانە ئەرکی تایبەتی لەسەر شانبو، لەخوار پلەی (ئیستراتیجوس)چەندین کەس هەبو کارو بارەکانی خوارەوەیان ڕادەپەڕاند و، وەك پلەی (عەمید، عقید، رائد) هەر یەکەو بە پێی شوێنەکەی خۆی کاریان پێ سپێرابوو، هەیکەلی سوپاکە بەم شێوەیە ڕێکخرابوو: (دە سەربازی ڕم بەدەست، پاشان سەد، پاشان هەزار، پاشان ئەسپوارەکان).

دوای ئەوەی یۆنانییەکان توانیان گەشتیگەلی دابمەزرێنن، دەستیانکرد بە ڕیزبەندی پێکهاتەی هەیکەلی هێزی دەریایی، لەو سەردەمەدا پێشکەوتو ترین هێز، سوپای یۆنانییەکان بوو، ئەسکەندەری مەقدۆنی سەرپەرشتی دەکرد، بەهۆی ئەو دیسپلین و، ڕێك و، پیادەکردنەی یاسا سەربازییەکان بەردەوامبوون لە سەرکەوتنی یەك لەدوای یەك.

## ڕۆمانەکان:

بەڵام لەسەردەمی ڕۆماندا بەشێوەیەکی وردترو ڕێکخراوتر هەیکەلی سوپاکە دامەزرابوو، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا سوپایەك لە هێزێکی عەشایەرییەوە بوو بەهێزێك ڕێکخراوی جەنگی، ڕۆمانەکان یاسای (لیجون) واتە: فەیلەقیان دانا بۆ سوپاکەیان، سەرکردەکەشیان دەدا بە (سناتۆر)ێك بۆ ماوەی سێ ساڵ، ناویان لێنابوو فەرماندەی (لیجیت – تریبیون) فەیقلەیش دە یەکەی بە ئەندازەی لیوایەکی لە ژێر دەستدابوو، پێیان دەوت (کوهورت) هەر یەکە لەم کەتیبانە شەش یەکەی (سینیتوری)ی لە ژێر دەستدا بوو کە هەریەکەیان (٦٠ بۆ ١٦٠) سەربازیان هەبوو، سینیتور لە پلەی (عقید)دابوو، هەر هەشت کەس یان دە کەسە بەرپرسێکیان هەبوو بەرپرسەکانیشیان لە پلەی ملازی ئەمڕۆدا بوون.

بەهۆی ئەوەی یاسای پلەبەندی لای ڕۆمانەکان زۆر پێشکەوتو تر و، دروستربون زۆر نزیکە لە ڕیزبەندی و، داڕشتنەوەی هەیکەلی سوپای هاوچەرخ، بەو پێیەی سوپای ڕۆمانییەکان ڕونتر و، پێکهاتەی هێزەیەکان ڕێکخراو تر و، زانستیانەتر داڕشتبوو لە سوپاکانی پێش خۆیان، بۆیە نزیکترین یاسابوو کە سوپاکانی دوای خۆیان کار لەسەر داڕشتنەوەیە سوپاکەیان لەسەر ئەو یاسایە کار بکەن.

## تورك و، مەغۆل و، فارسەكان:

پێكهاتەی سوپای ئەمانە لەسەر بنەمای  دە كەسی بوون، بەو پێیەی هەر  دە كەسە و، یەك كەس فەرماندەی دەكردن، بەو شێوەیە پێكهاتەی سوپاكە دەڕۆشت بۆ سەد و، دوو سەد و، هەزار. بەڵام سەركردەی هەموو ئەم سەربازانە لەژێر فەرماندەیی یەك كەسبوو پێیان دەوت (خانی گەورە)، بەپێی ئەو سەربازانەی لە ژێر دەستیان دابوو پلەبەندی لەناویاندا دابەش كرابوو، بەهۆی بونی زاراوە و، شێوەزاری كەسەكان، ناو و نازناو لە ناو ئەم سوپایانەدا فرە چەشن بوون و، ناوێكی دیاركراویان نەبوو، سەركردەی ئەسپوارەكان (اسبوردین سالار)و سەركردەی تیر بەدەستان ( تیربوز) سەركردەی هێزی پیادە (بیجان سالارابو) سەركردەی قەڵا (أرجابود) و، چەندین ناوی دیكەیان هەبوو.

## عەرەبەكان لەسەردەمی نەفامی و، هاتنی ئیسلام

لەسەردەمی نەفامیدا عەرەبكان ناوێكی دیاریكراویان نەدابوو بە سەربازەكانیان، بەڵكو هەركەس بیتوانیایە چەك هەڵبگرێت دەبوویە سەرباز لە ناو جەنگاوەرانی هۆزەكەیاندا، ئەمەش پلەیەكی دیاری كراوی نەبوو، سەركردەی سەربازەكەشیان دەدایە دەستی سەرۆكی هۆزەكەیان یان كوڕە گەورەی هۆزەكەیان یان گەورەی عەشیرەتەكەیان، لەكاتی دیار

نەبونی یەكێك لەم كەسانە ئەوە كەسێكیان دیاری دەكرد پێییان دەوت (منكب).

بەڵام لەسەردەمی هاتنی ئیسلامدا و، لەكاتی دەستپێكردنی فەتحی ئیسلامیدا زیاتر بەشێوەیەكی ڕێكخراو كاریان لەسەر پێكهاتەی هەیكەلی سوپاكەیان كرد و، هەر دە كەسیان سپارد بە (عەریفێك) سەرو ئەمانەشەوە سەركردە و، فەرماندەیان دادەنا، بەڵام لەسەردەمی ئەمەوییەكاندا هیچ گۆڕانكاری لەم ناوانە نەكراو وەك پێشوو بەردەوام بوو.

كاتێك عەباسییەكان هاتن عەریفێك دە سەربازی بەڕێوە دەبرد و، هەموو سەد كەسیشیان دەسپارد بە (نقیب)ێك، لەسەرو هەموو دە نەقیبێك سەركردە (قائد)ێكیان دادەنا، لەسەرو هەر دە سەركردەیەك ئەمیرێكیان دادەنا، بەڵام ئەم كەسانە هیچ نیشانەو هێمایەكی دیاری كراویان نەبوو، بەڵام هەموو هێزێك ئاڵای تایبەیتی بەخۆیان هەبوو كە پێیان دەوت (اللواء – الراية).

## سەدەی ناوەڕاست:

لەم سەردەمەشدا پلەی سەربازی ئەوەی ئەمڕۆ هەیە هێشتا بونی نەبوو، بەتایبەت لەو سەردەمەی كە چینایەتی باڵی كێشابوو بەسەر ئەوروپادا، بەتایبەت كاتێك كە شەڕیان لەسەر وڵاتێكی دیكە هەڵدەگیرساند هیچ پلەبەندییەكی ئەوتۆ لەناو سوپاكەدا بونی نەبوو، نەریتی ئەوكات وەهابوو هەر چەند

کەسێك لە ژێر فەرماندەی یەك کەسدا جەنگیان دەکرد، بەڵام چەند سەرکردەیەکی دیاریان هەبوو کە بڕیارەکانیان لەوانەوە وەردەگرت، هەمیشە یەك کەس هەبوو سەرکردەی سوپاکە بگرێتە دەست، پاشان هەر قەڵایەك یان سەربازگەیەك سەرکردەیەکی دیاریکراوی هەبوو.

## پێکهاتەی پلەسەربازییە هاچەرخەکان:

بەکۆتایی هاتنی سەدەی ناوەڕاست ئەم پلە سەربازییانەی ئەمڕۆ وردە وردە دامەزرا و، دەرکەوت، سەرکردە و، فەرماندەکان لەلایەن پادشاوە دیاری دەکراو پلەی چاوساغ یان ڕێپێدراو و، سەربازییان دەبەخشییە چەکدارەکان، هەمیشە فەرماندە و، سەرکردەکان لەناو چینە باڵاکانی کۆمەڵگەوە هەڵدەبژێردران، یەکەی پێکهاتەی سەرەکی ئەو سەردەمە پێی دەوترا سریە (Company) ئەمانەش کۆمەڵێك بوون لەلایەن دەسەڵات دارانی ئەو ناوچەیە دیاری دەکرا و، ئەم سەربازانەش لەژێر فەرماندەیی یەك کەسدابو پێیان دەوت کاپتن (captain) واتە سەرۆك، ئەم کاپتنەیش هاوکارێکی هەبوو پێی دەوترا ملازم (Lieutenant) بە زمانی فەرەنیس بەکەسێك دەوترێت لەکاتی دیار نەبونی فەرماندە ئەم جێگەی بگرێتەوە، بۆ هاوکاری ئەم ملازمشە (بلاتون) هەبوو لەکاروباری ئیداری و، ئەرکە لاوەکییەکانی ناو سریەکەدا هاوکاری ملازمەکەی دەکرد.

بەڵام لەخواروی ئەمانەوە ئەفسەر هەبوون ( Warrant Officers) ئەمانە پێویستیان بەوە نەبوو لەلایەن پادشاوە دیاری بکرێن، بەڵکو بەهۆی پسپۆڕی و، پێویستی ئەو سریەیەوە دیاری دەکرا و، بە داواکاری خۆی ئەو پلەی پێدەدرا، وەك: پشەوەر و، پزشك و، دەست ڕەنگینەکان. لەخوار ئەمانەشەوە ئەفسەری پۆل هەبوو (Noncommissioned Officers ) لەدوای ئەمانەشەوە کەسانێك هەبوون ئەمانەش بەرپرس بوون لە ڕاهێنانو مەشق پێکردنی سەربازەکان بریتی بوون لە ڕەقیب (Sargent) عەریف (Corporal) کە وشەیەکی ئیتاڵییە بەمانای سەرکردەی کۆمەڵێك دێت، ئەمانیش هاوکاریان هەیە پێی دەوترێت جێگری عەریف (Lance Corporal) ئەویش سەربازێکی دێرین و، ئەزموندارە لە کاروبارەکاندا.

# پلە سەربازییەکان

لە ناو سوپادا وەك هەر فەرمانگەو دامو دەزگایەکی تر، زنجیرە پلەبەندی هەیە بۆ کارمەندان، بۆیە دەبنین لە ناو سوپادا بە شێوەیەکی وردتر و، ڕونتر کاری هەموو تاکێك جیا کراوەتەوە و، بە شێوەیەکی پلەبەندی ڕیزکراوە لە بچوکترین ئاستیدا تا دەگاتە بالاترین ئاستی هێزەچەکدارکان.

## سەرباز:

تاکێکە پەیوەندی دەکات بە هێزە چەکدارەکانەوە لە ژێر فەرمانڕەوایی ولاتێکی سەربەخۆدا، ئەرکەکانی سەرشانی دیاری کراوەو پیێ دەزانێت، لەهەر ولاتێکدا سەربازەکان ناوەڕۆکی هێزە چەکدارەکان پێکدەهێنن، بە چەند سەربازێك لە ناو یەك گروپدا کاردەکەن دەوترێت: (دەستە – حضیرة).

## سەربازی یەك ( پ.پ١ ):

پلەیەکی سەربازییە لە پلەی پۆلیسی پیادە، بچوکترە لە عەریف.

## عەریف:

پلەیەکی سەربازییە لە پلەی (پ.پ١) گەورەترەو بچوکترە لە پلەی ڕەئیس عورەفا، دەبێتە سەردەستەی کۆمەڵێك سەرباز.

**پ.پ٤:**

پلەیەکی سەربازییە لە جێگری عەریف گەورەترە، لە پلەی ڕێپێدراو (مفوض) بچوکترە بە پلەی ئەفسەری پۆل‌و دەبێتە سەر دەستەی کۆمەڵێك سەرباز، لەکاروباری سەربازیدا عەریف هاوکاری دەکات.

**جێدار ( ملازم ):**

لە فەرهەنگە زمانەوانییەکاندا: وشەی (لزم) بە واتای لکاندن بە شتێکەوەت هاتووە، بە و مانایەی بە زۆر پەیوەستت کردووە. لزما: واتە بەردەوامی و پەیوەست بوون، واتە: ئەوەی بە شتێکەوە پەیوەست بکرێت‌و بە هیچ شێوەیەك لێی نەبێتەوە – چونکە کەسێك کە دەبێتە هەڵگری ئەستێرە و، دەبێتە ئەفسەر بەردەوام لەگەڵیدا دەبێت و، هەرگیز لێی نابێتەوە وەك دەرگایەکی کراوەی ناو باڵەخانەیەکی فراوان وایە–

ئەوەتا لە قورئانی پیرۆزدا بەم شێوەیە باسی وشەی (لزم) کراوە، دەفەرموێت: ﴿قُلْ مَايَعْبَأُ بِكُمْ رَبِّي لَوْلَا دُعَاؤُكُمْ فَقَدْ كَذَّبْتُمْ فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَاماً﴾. الفرقان: ٧٧.

واتە: تۆ ئەی موحەممەد! ﷺ بەو بێ باوەڕانە بڵێ: خودا هیچ بایەخێکیان ناداتێ ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێ کە بانگتان بکا بۆ باوەڕ بە خواو بە پێغەمبەری خوا ﷺ تا لەوەوپاش بڕوبیانووتان نەمێنێ و، نەڵێن کەس بانگی نەکردین بۆ مسوڵمانبوون، چونکە ئێوە خواو پێغەمبەرتان ﷺ بە درۆ لەقەڵەمداوەو لەبەر ئەوە سزای ئەو

تاوانەتان پێوە ئەنووسیٚ و، ناچارئەبیٚ و، ئەو سزایەتان هەر ئەدریٚ.

## جێدار، وابەستە (ملازم):

ئەوەی لە ڕووە مێژووییەکەوە هاتووە، یەکەم کەس عومەری کوڕی خەتاب ئەم ناوەی دۆزیوەتەوە بۆ فەرماندەی ئەو کەسانە و ئەو ناوەی لێناون، لەو سەردەمەدا ئەو کەسە بووە کە سەپەرشتی (٥٠) سەربازی کردووە.

ملازم: پلەیەکەی سەربازییە بە پێدانی یەك (ئەستێرە) بۆ هەرکەسێك کە کۆلێجی سەربازی یان تەدریبی سەرەتایی سەربازی تەواو بکات.

دوای تەواو کردنی کۆلێژ بەپێی لێهاتووی‌و هەڵسەنگاندنیان ڕشتە (صنف)ی ئەفسەرەکان جیا دەکرێنەوە، بەڵام ئەوەی کە دیارەو ئێستا بەرچاوە پاش دەرچونی فەسیلێکی پێدەدرێت، پێکدێن لە (٣٥– ٣٧) سەرباز، ملازم بەو شێوەیە دەمێنێتەوە تا سیٚ ساڵ تەواو دەکات، پاشان دەبێت بە (ملازم اول).

## نقیب:

بەم پلەیە دەوترێت (نقیب)، چونکە چاودێری خەڵکەکە دەکات‌و تێکەڵیان دەبێت، چاو ساغی ئەو کەسانەی لە ژێر دەستیەتی، یان بۆ ئەو کەسانەی کە پەیمان لەگەڵ هۆزەکەی دەبەستێت، ئێستا بەپێی ڕشتەو شوێن‌و کارکانیان

دەسەڵاتەکانیان دەگۆڕێت، بەڵام ئەم پلەیە لەسەردەمی سەرەتاییەکانی پێك هێنانی سوپای ئیسلامیدا دەرکەوتوەو بەکار هێنراوە.

لەسەر ئاستی ئەفسەری پلەی سێیەمە، کە پێیان دەوترێت یاریدەدەران (الاعوان: ئەفسەر، ئەفسەری یەك، نقیب) بە پلەی پاش ئەوان دەوترێت سەرکردە (القادە: رائد، مقدم، عقید) بە پلەی پاش ئەوانیش دەوترێت فەرماندە: (الأمراء: عمید –لیوا– فەریق، فەریقی یەك– موهیب، یان مشیر).

## رائد:

لە موعجەمەکاندا بە مادەی: راد، راد الشی، ردا، هاتووە، بەو کەسە دەوترێت پێشی کەسە خزمەکانی دەکەوێت، یان کەسە نزکەکانی، چاودێریان دەکاتو سەرپەرشتیان دەکات.

کاتی خۆی لە ناو سوپای ئیسلامیدا بەهۆی ئەوەی زۆر جار بە شەو دەرچوون، کۆمەڵێك خەڵك هەستاون بە کاری نۆرین کردنو چاودێرکردنی ئەو شوێنەی بۆی ڕشتوون، لە پێش ئەمانەوە ئەوان دەرچوونو بە باشی ئەو ناوەیان پشکنیوەو لەمەترسییەکان ئاگاداریان کردونەتەوە، بەم سوارانە وتراوە (رائد) یان پێشەنگی کۆمەڵە.

## مقدم:

پلەیەکی سەربازییە لە سەردەمی عەباسییەکاندا هاتوەتە ناوانەوەو ناسراوە، لەسەردەمی مەمالیکەکاندا[1] بەو کەسە وتراوە کە پێشەنگی (١٠٠٠) جەنگاوەری کردووە، وەك لێپرسراو و، فەرماندەیان دەرکەوتووە، ئەو سەربازانە بە فەرمانی ئەو کەسە جولاونەتەوە.

## عقید:

پەیما بەست، ئەو کەسە دەبێتە فەرماندەی هێزەکەو ئەم پلەیە لە مێژە بە پلەی (جوربجی) یان، سەرکردەی گرۆهێك ناسراوە کە بە پلەی (کۆلۆنێل)ی ڕۆژ ئاوا دەکات، دەبێتە فەرماندەی چەند سریەیەك، ئەمەش بۆ ئەوەی کە سوپاکە بە چەند ڕەتلْ یان تابورێك ڕێك دەخات، پێی دەوترێت کۆلۆنێر.

ئەم پلەیەش بە پێی دروشمی ولاتەکە ڕێك دەخرێت.

لە ولاتی کویت پلەی عەقیدی لە تاجو دوو ئەستێرە پێك دێت، ئەویش پاش خزمەتی (٢٠) سالْ لەناو هێزە چەکدارەکاندا ئەو پلەی پێدەدرێت، لە عێراق بە لە دالْێك و دوو ئەستێرە پێك دێت.

---

[1] – دةولَةتيَكى ئيسلامي بوون لة ميسر فةرمانرِةواوييان كردووة.

## عميد:

واتە گەورەی ئەو خەڵکە، کە وڵات بەهۆی ڕێکخستن و گوێڕایەڵی سوپا بۆ ئەم پشتی پێ دەبەستن، بە کەسێك دەدرێت خزمەت و ئەزمونێکی زۆری هەبێت لە ناو سوپادا.

پلەی عمید، لە کۆندا یان لە سەردەمی ئینکشارییەکان پێی وتراوە (سکبان پاشا).

پلەیەکی سەربازییە فەرماندەی (١٠,٠٠٠) سەربازی لەشەڕدا کردووە، لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بەپێی دروشمی وڵاتەکەی خۆیان دیاری دەکەن.

## ليوا:

لە سەردەمی سەرەتاییەکانی ئیسلامدا پێی وتراوە: فەرماندەی سوپا، بەهۆی ئەوەی پێشەنگی (١٠,٠٠٠) سەربازی کردووە.

ليوا لە زمانەوانیدا ناوێکە بۆ بەشێکی زۆر سوپا بەکار دەهێنرێت، پلەی (ليوا) لەسەردەمی سەلجوقیەکاندا پێی وتراوە (ئەتابەك) لە سەردەمی عوسمانییەکانیشدا پێی وتراوە: (ئاغا).

## فريق:

ئەحمەد تەیمور پاشا، لە کتێبی (الرتبة والالقاب) دا دەڵێت: فەرماندەیەکە کە فەرمانڕەوایی بەسەر چەند (ليوا)یەکدا بکات.

**مشير ( موهب ):**

له سوپای هاوچەرخدا ئەمە پلەیەکی تری سەربازییە، بالاّترین پلەی سەربازی نوێیە، هەرچەند تورکەکان پلەیەکی سەربازییان دۆزیبووەوە بۆ ئەمە پێی وتراوە (سەردار)، بەلاّم مشر لە زمانی عەرەبیدا بە کەسێك دەوترێت کە زۆر داناو گوێ بۆ گیراو بێت و، خەڵك پرس و ڕای لەگەڵ بکات.

بەلاّم لەم کاتەدا مەرج نییە کەسێك کە هاولاّتی ڕاوێژەکەی خۆیان ببەن بۆلای ئەو پلەی هەبێت، هەرچەند لە ولاّتە ڕۆژئاواییەکان ئەم پلەیە نەهاتووە، مەگەر کەسێك سەرکەوتنێکی گەورە تۆمار بکات بە ڕەسمی ئەم پلەیەی پێ بدەن، ئەوکات دەبێت بە (مارشاڵ).

بەلاّم پێدانی ئەم پلەیە لەکاتێکدایە کە دۆڕانێکی لە سەدا سەدی و حەتمی، بگۆڕێت بۆ سەرکەوتنێکی تەواو.

ئەمەش بالاّترین و ناودارترین پلەیە لە ناو سوپادا، لە هەمان کاتیشدا نابێت لە یەك مشیر لە ناو سوپادا هەبێت.

# مێژوی دروستبونی پۆلیس

لەسەرەتای پەیدابونی مرۆڤ لەسەر زەویدا دوو هێز بونی هەبووە (چاکە و، خراپە). هێزی چاکە بەردی بناغەی یاسا ڕەوشتییەکان و، سروشتی پاکێتی مرۆڤە، بەڵام هێزی خراپە دژی ئەو سروشتەیە کە خودای پەروەردگار لە ناخی مرۆڤدا چاندویەتی، لە سروشتی دروست و، ویستی پەسەندی مرۆڤ بەدەرە.

بۆیە مرۆڤ هەوڵیداوە هۆکارێك بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت لە هەموو ئەو دەست درێژی و، چاو چنۆکیەی بەرامبەری دەکرێت و، بیان گەڕێنێتەوە ژێر ئەو یاسا و بنچینە پەسەندە.

لە مێژە کۆمەڵێك مرۆڤ لە چواردەوری یەکتر کۆ بوبێتنەوە گەورەیەکیان بۆ خۆیان دیاری کردووە، ئەو کەسەی کۆمەڵێك کەس بەدەوریەوەبون و، چاودێریان کردووە، ئەو کۆمەڵەیە ڕۆڵی پۆلیسیان بینیوە و، بونەتە تۆوی بەدی هێنانی (پۆلیس).

دەتوانین ئەوە بڵێین پۆلیس وەك فەرمان بەڕێکردن، لە سەرەتای یەکەم کۆمەڵەو شارستانیەتی مرۆڤەوە بونی هەبووە، بەو مەبەستەی ئەمانە پارێزگاری دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی یاسا ئەخلاقییەکان و، سروشتی پاکی مرۆڤ پیادەکردن و، جێبەجێ کردنی یاسا لە هەموو کۆمەڵگەکاندا.

بەڵام پۆلیس وەك دامەزراوە، یان یاسای پۆلیسی، یاخود ئەو کەسەی کەکاری پیادەکردنی یاسایە، دیارە ئەمە دامەزراوەیەکی نوێیە.. لە سەردەمێکی دیکەدا ڕۆشتوەتە ناو دامەزراوە فەرمییەکانەوە.

## پۆلیس (الشرطة) کێیە؟

دیارە سەرەتا دەگەڕێینەوە بۆ وشەی (POLISE) یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە لای یۆنانییە کۆنەکان بە مانای (شار)دێت، بەو پێیەی مەبەست لە دارو پەردو و، کۆڵانەکانی نییە، بەڵکو مەبەست لەو شارستانی و، مەدەنیەتەیە لە شاردا بونی هەیە و، بەردەوام لەگەشەکردن و، پەرەسەندایە، لە کۆتایشدا گرنگترین دروشمو بنەماکانی شاریش ئاشتی و، ئارامییە، بە تێپەڕبونی کات و، بەر یەك کەوتنی شارستانییەتەکان و، دەمام دەم کەوتنی زاراوەکان، واژە (پۆلیس) بوە سەپێنراوە بەسەر ئەو دەستەیەی ئاشتی و، ئارامی شار دەپارێزن[٢].

## یاسای پۆلیس لە شارستانی فیرعەونیدا:

لە کەناراوەکانی نیلدا یەکێك لە دێرینترین شارستانیەتەکانی جیهان دەرکەوتن، لە سەرجەم لایەنەکانی

---

[٢]- تأريخ انظمة الشرطة في مصر: دكتور/ ناصر الانصاري، دار الشروق، الطبعة الاول، ١٩٩٠، طبعة الاول، ص ١١ – ١٥.

سیاسی و، کۆمەڵایەتی و، ئاسایشی دەرکەوت و، بۆ ماوەی سێ هەزار ساڵ درێژەی کێشا، یەکێك لەو لایەنانەی ئەم شارستانیەتە، دروستکردنی دمەزراوەی پۆلیس بوو، بەوەی لە سەرچاوە مێژوییەکانەوە ئاماژەیان پێداوە یەکەم دامەزراوەی پۆلیس دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٣٤٠ پ. ز) کاتێك (حور محب) هەستا بە دامەزراندنی دەستەیەك بۆ پارێزگاری کردن لە ئاسایشی ڕوباری نیل و، ڕاوەدو نانی چەتەدەریاییەکان، پاسەوانی کردنی پڕۆژە ئاوییەکان.

هەروەك پۆلیسی دامەزراندو تەرخانی کردن بۆ پاراستنی گۆڕستان و، پەرستاگان، کە دوای مردنی پاشاکان گەنجینەکانیان لەگەڵیان دەناشتن.

هەروەها میسریەکان یەکەم گەل بوون کە لەگەڵ پۆلیسدا سەگیان دادەنا، بۆ ئەوەی هاوکاریان بێت لە پاراستنی شوێنەکاندا، بەتایبەتی لەکاتی شەودا بۆ ڕاوەدونانی دز و چەتەکان.

پۆلیس لە سەربازەکان جیاوازتربوون، هەرچەند ئەمانیش بەشێك بوون لە هێزە چەکدارەکانی میسر، بەڵام لە ڕوی پۆشاك و، ئەرکو فەرمانەکانیانەوە دابەش دەکران بەسەر سێ چیندا:

گروپی یەکە: ئەمانە پیشیەیان پاسەوانی کردنی پیاوە گەورەکانی دەوڵەت و، پارێزگاری کردن بوو لێیان، هەموویان لە چەند دەستەیەکی بچوك پێکهاتبوون ناو و، کەرەستەکانی

دەستیان جیاوازبوو، بەپێی چەکەکەی دەستیان ناویان لێنابوون، (شمشێر بەدەستەکان)، (گۆچان بەدەستەکان)، (قامچی بەدەستەکان)، لە هەموویان بالاّتر ئەو کۆمەڵەیە بوون کە کاروباری پاسەوانی کردنی فیرعەونیان لە ئەستۆبوو، لە بەهێزترین و، شارەزاترین پیاوەکانی جەنگ دەست نیشان دەکران.

گروپی دووەم: ئەمانە هەڵدەستان بە فریاکەوتنی هەر ڕوداوێکی لە ناکاو لە شاردا و، ئەرکیان ڕاپەڕاندنی کاروباری فریاکەوتنی خێرابوو، لە هەموو شارو ناوچەیەك بونی هەبوو، کارێکی دیاریکراویان نەبوو و، کارەکانیان دەستکراوە و، بەرفراوانبوو، لە هەمان کاتیشدا ئەرکیان پیادەکردنی فەرمانەکانی دادوەر و، سەرۆکی ئەو ناوچە یان والیی ئەو شارەبوو.

گروپی سێیەم: ئەمانەش کارەکانیان کورت کرابویەوە لە پاسەوانی کردنی کۆگا و، دەروازەکانی شار و، زەوییە کشتوکاڵییەکان و، پرد و، کۆکردنەوەی باج و سەرانەبوو.

## دامەزراوەی پۆلیس لە شارستانیەتی ڕۆمانیدا:

ئەو شارستانیەتە بوو کە لە ڕۆما و، ئەو وڵاتانەی داگیرکردبوو لە ئەوروپا و، ئاسیا و، ئەفەریقا، بەهەمان شێوە ئەمانیش لەڕوی سیاسی و، ئابوری و، بەڕێووەبردنەوە یاسا و، ڕێسای تایبەتی خۆیان هەبوو، بەپێشکەوتنی کۆمەڵگە یاسای دامەزراوەی پۆلیس و، سوپاش لەناو ڕۆمەکاندا بەرەو پێش ڕۆشت و، ئەرك و فەرمانەکانیان زیاتربوو.

یەکێك لەو دامەزراوانەی کە لەم دەوڵەتدا دروستبوو، دامەزراوەی پۆلیس بوو.

یاسای پۆلیس لە ڕۆما دەگەڕێتەوە بۆ ساڵ (٧٥٣ پ.ز)، سەرەتا لە ژێر سایەی پادشای ڕۆمانیابوو، دواتر دەسەڵاتەکە خرایە بەردەستی دەسەلاتی دادوەری و، قونسوڵی.

سەرۆکی پۆلیس لە چینی وەجاخ زادە و، ئەستۆکراتیەکان دادەنرا، کاتێك یاسایەك دەردەچوو ئەوکاتە سەرۆکی پۆلیس دەیتوانی تانە بدات لەو یاسایە و، پێدا چونەوەی دیکەی بۆ بکەن.

ئەم سەرۆکانەی پۆلیس چەند بریتۆرێك –کە وەك ئەفسەری ئەمڕۆ دەکات– بە پێی پلەبەندی لە بەردەستیدابوو، ئەوانیش بریتۆری پلەنزمتر لە بەردەستیاندا کارەکانی ڕادەپەڕاند.

لەبەرامبەر ئەمەشدا دامەزراوەیەکی دیکە هەبوو، کە تایبەت بوو بە ئاسایشی ناوخۆ، بۆ ئەوەی کاروباری شۆڤار و، سیخوڕ

و، هەواڵنێرەکانی ناوشاریان بۆ بهێنێت و، ئاگایان لە هەموو جوڵەیەکی هاوڵاتیان بۆ بریتۆرەکان بهێنێت.

لە هەموو شارو شارۆچکەکان و، ئەو وڵاتانەی لە ژێر قەڵەمڕەوی ڕۆما بوو، بریتۆری تایبەتیان هەبوو، هەواڵیان بۆ پایتەخت دەهێنا، زۆرجار لە گوندەکانیشدا لە ڕێگەی گەورەی ئەو گوند و، ناوچەیە هەواڵەکانیان دەگەیاندە بریتۆرەکان.

تەنانەت فەیلەسوفێ گەورەی سەردەمی ڕۆمانییەکان دەڵێت: "پۆلیس سروشتی وەهایە کە دژی هەموو ئازادییەکە".

چونکە چەمکی پۆلیس هەتا دوای سەردەمی ڕێنسانسی ئەوروپی بۆ پارێزگاری کردن لە هاوڵاتی و، هاوڵاتیبون نەبوو، هێندە پارێزگاری لە دەسەڵات دەکرد هێندە پارێزگاری لە هاوڵاتی نەدەکرد، لەچاخی نوێدا ئەم چەمکانە گۆڕاو ناوی نوێیان بەبەردا کرا.

## دامەزراوەی پۆلیس لەسەردەمی یۆنانییەکاندا:

ولآتی یۆنان لە کۆندا بە لانکەی ئازادی سیاسی و، خاوەن یاسای تایبەت ناسرابوو، هەموو کاروبارە کۆمەلآیەتی و، بەڕێوەبردن و، ئابوری و، دینییەکانیان بە یاسا بەرێوەدەبرد. هەموو شارێك نیمچە سەربەخۆیی خۆی هەبوو، لە هەردوو سەدەی حەوت و هەشتی بەر لە زاینی.

بەهۆی ئەوەی دانیشتوانی لە هەرە چینە بالآکانی تێگەیشتن و، ئازاد و سەربەخۆکانی سەردەمی خۆی دادەنا و، لانکەی لەدایك بونی فەلسەفە بوو، ئەمە وایکرد کە ببێە بەردی بناغەی دامەزراندنی دەولەتی مەدەنی و، شایستانی سڤیلی، زۆر گرنگیان بە ئاشتی و، دادوەری و، بەڕێوەبردن و، ئارامی دەدا.

هەر لەبەر ئەمەیە ئەوان دامەزرێنەری وشەی (پۆلیس)بوون، کە بەمانای شاربون (مدینە)دێت، چونکە مەبەستی سەرەکی گرنگیدان بوو بە ژیانی هاولآتی، مەبەست تەنها شار نەبوو وەك باڵەخانە و، ڕێگەوبان، چونکە بونیاتی شار بریتیی نییە لە خانو و، دوکان و، کۆشك و، تەلار و، باڵەخانەی ناوازە، بەڵکو شاربوون برتییە لەو پەیوەندیەی لە نێوان هاولآتیان و، ئارامی و، دڵنیابونەوەدا هەیە و، بتوانێت لەژێر چەتری ئاشتیدا بە خۆشی بژی.

هەرچەند خۆیان دامەزرێنەری ئەم وشەی (پۆلیس)ەن، بەڵام لە لای یۆنانییەکان پۆلیس دابەش نەکرابوو بۆ چەند چین و، بەڕونی کار و، پیشەی پۆلیس دیاریکراو نەبوو.

## دامەزراوەی پۆلیس لە لای شارستانی چین:

لە ڕۆژهەڵاتی دوری (شرق الاقصی) شارستانیەتێکی مەزن دەرکەوت، کە شارستانیەتی چین بوون، ئەم دوو شارستانیەتە سەرجەم کارە سیاسی و، بەڕێوەبردن و، کۆمەڵایەتییەکانیان لە بواری ئەمنی قەتیس کردبوو، هەموویان بریتیبوو لە پاسەوانی شەو، گەڕان و، پشکنین، چاودێریکردن.

هەتا هاتنی خانەوادەی (شو) دەستی کرد بە دامەزراندنی دەستەیەکی تایبەت لە ئەفسەر و، ناوی نان (شرکیوا) ئەرکی ئەمانە دەست بەسەرکردن و، دەستگیرکردنی تاوانباران و، گروپ و، تاقمی یاخی و، مافیاکانبوو. ئەمانە یەکەمین کەس بون کە لە شارستانیەتی چیندا ناوی پۆلیسیان لێنرا و، ئەرکیان پیادەکردن و، جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی دادوەر بوو.

## دامەزراوەی پۆلیس لە نیچە دورگەی و، شارستانیەتی ئیسلامی:

لە سەردەمی شارستانیەتی ئیسلامیدا پێنج دامەزراوەی بەبەردی بناغەی دەوڵەت دادەنرا و، ئەوان بەڕێوەیان دەبرد:

### دامەزراوەی سەربازی:

ئەم دامەزراوەیە گرنگی دەدات بە ئامادەکردنی سەرباز و، جەنگاوەران و، ئامادەکردنیان بۆ دەنگ، کاروباری کۆکردنەوەی زەکات و، سەرانە بوون پاشان ئەو پارەیان دابەشدەکرد بەسەر هاولآتیان و، هەژارانی ناو دەوڵەتی ئیسلامی و، ئامادەکردنی چەك و، ولآخی سواری بۆ جەنگ.

دامەزراوەی سەربازی لەسەردەمی ئیسلامدا، بە پێنج مەرج سەربازی وەردەگرت:

(یەکەم: پێگەیشتوو، دووم: ئیسلامبێت، سێیەم: ئازادبێت کۆیلە نەبێت، چوارەم: لەش ساغ و، بەدرو بێت لە هەموو کە ئەندامییەکی جەستەیی و، ئاوەزی، پێنجەم: شارەزایی هەبێت لە هونەر جەنگی).

دووەم: دامەزراوەی وەرگرتنی سەرانە و، کۆکردنەوە زەکات.

سێیەم: دیوانی نامە و، پەیام ناردن، گرنگیان دەدات بە نارد و، بردنی نامە و، پەیامەکان بۆ دەرەوەی دەسەلآتی خەلیفە.

چوارەم: دیوانی پۆستەچی، ئەمەیان کاروباری ناردنی نامە لە ناو دەوڵەتدا بەڕێوەدەبرد و، پەیامی هاوڵاتیان دەهێنا بۆ خەلیفە.

پێنجەم: دیوانی (الشرطة) پۆلیس: ئەم دامەوراوەیە گرنگی دەدات بە کاروباری کۆمەڵایەتی و، ڕێکخستن و، چاودێریکردنی بازاڕ و، دەستبەسەرکردنی تۆمەتبار و، خراپەکار و، ئاژاوەچییەکان، خەڵکیش لەژێر سایەی ئەماندا بە ئارامی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەسەر دەبرد.

دەسەڵاتدارێتی پۆلیس لە ژێر سایەی کەسێکدابوو پێیان دەوت دارۆغا (صاحب الشرطة) بە بەرزترین پلەی دەوڵەت دادەنرا دوای خەلیفە، دارۆغا یەکەم کاری جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانە بوو کە دادوەر دەری دەکرد، هەرچەند خۆیان ناو و، پێگەی تایبەتیان هەبوو، بەڵام جیاواز نەبوون لە دادگاو لە ژێر سەرپەرشتی دادوەردا کاریان دەکرد.

(ئیبن خەلدون) لە (مقدیمە)دا بەم شێوەیە باسی پۆلیس کردووە: "سەرەتا دەوڵەتی عەبباسییەکان دایان مەزراند، بۆ دۆزینەوەی ئەو تاوانانەی ئەنجام دراون و، نۆرین و، پشکنین لە تاوانەکان و، خستنە بەردەم دادوەر و، لە ژێر فەرمانی دادوەردابوون".

پلەو پێگەی سەرۆکی پۆلیس لە بەرزترین پلە و، پۆستەکانی دەوڵەت بوو، زۆرجار وەك حاجب یان وەزیر دادەنراو

مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، تەنانەت ئەبو جەعفەری مەنسور دەیوت: من پێویستم بە چوار کەسە بۆ ڕاوێژ پێکردن و، بەڕێوە بردنی کاروباری دەوڵەت:

یەکەم: زانایەك هەمیشە سەرزەنشتم بکات ئەگەر هەڵەیەکم کرد.

دووەم: سەرۆکی پۆلیس لاوازەکان سەر بخات و، دەستیان بگرێت.

سێیەم: باج وەرگر ستەم لەکەس نەکات.

چوارەم: هەواڵنێر سەرجەم هەواڵەکانی شارم بۆ بهێنێت.

بەم بۆچونە بۆمان دەردەکەوێت، کە سەرۆکی پۆلیس دەسەڵاتێکی باڵای هەبووە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا[٣].

## ئەو دەسەڵاتانەی کە سەرۆکی پۆلیس هەییوو، بریتیبون لەمانە:

١- داروغا بەکەسی دووەمی دەوڵەت دادەنرا، لە پاش خەلیفە، یان سوڵتان، یاخود پادشا، لەکاتی نەبونی پادشا ئەم سەرپەرشتی وڵاتی دەگرتە دەست.

٢- لەکاتی نەبونی وەلی ئەمر ئەم هەڵدەستا بە ئەنجامدانی پێش نوێژ و، وتار خوێندن و، جێبەجێکردنی کاروباری دادوەری.

---

[٣]- تأريخ انظمة الشرطة في مصر: دكتور/ ناصر الانصاري، دار الشروق، الطبعة الاولى/ ١٩٩٠، ص ١١ – ١٥.

٣- خەلیفە پشتگیری تەواوی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پۆلیسی دەکرد و، دەستکراوەی دەکرد لە ئەنجامدانی کارەکان و، دەست وەردانی نەدەکرد لە کارەکانیدا، تەنانەت هێندە دەسەڵاتی هەبوو کە لەکاتی ستەمکاری خەلیفە توانای لابردنی هەبێت.

٤- زۆربەی دامەزراوەکاین دەوڵەت پشتی بە سەرۆکی پۆلیس دەبەست. ئەگەر پشتگیری و، پشتیوانی ئەوان نەبوایە کارەکانیان بە تەواوی ڕانەدەپەڕاند.

لەسەردەمی عەبباسییەکاندا دامەزراوەی پۆلیس بۆ دوو چین دابەش بوون: پۆلیسی پارێزگا، کە کاروربای پارێزگاری کردن لە سەرو ماڵی هاوڵاتیان و، پاسەوانی دامەزراوەکان و، بازاڕو گەنجینەکان و، وەزارەتەکانیان لەئەستۆدابوو، لەسەرو هەر دەستەیەکەوە ئەفسەرێك یان ئەعوانێك بونی هەبوو، ئەو ئەفسەرانەش کەسی بڕوا پێکراو و، جێگەی متمانە و، نزیکی خەلیفە یان والی بوو.

دووەمیان: پۆلیس تایبەت بەهەر هەرێم و، ناوچەیەکی سەر بەخیلافەتی عەباسی.

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ڕۆڵو پلەو پایەی پۆلیس بە ناو و ناونیشانێکی دیکە دەرکەوتن، ژمارەیەك لە

کەسەگەورەکانی سەر ئینکیشاریەکانی[٤] دەوڵەت، لەسەرو هەمویانەو ئاغاو نزیکەکانی سوڵتان دامەزراوەی پۆلیسیان پێکهێنابوو، بە (ئاغا) یان بە (پارێزگارانی ئاغا) ناسرابوون، بەپرسیارێتییان پارێزگاری کردن بوو لە پاراستنی ئاشتی و، ئارامی وڵات و، پاسەوانی سەرۆکی باڵای پۆلیس.

ئەم ئاغایانەش چەند ئەفسەرێکیانیان لە ژێردەستابوو، بە (زابت باشی، سناجقە) ناسرابوون، ئاغاکان دەسەڵاتیان لە والییەکان زیاتربوو، ئاغاکان دەیانتوانی والییەکان لەکارەکانیان دور بخەنەوە.

لەسەردەمی تورکەکاندا پۆلیسەکان جۆرەها سزا و، ئەشکەنجەیان بەکاردەهێنا دژی تاوانباران لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، بۆ دان نان بە تاوانەکانیان.

هەندێکیان پۆشاکی هاوڵاتیان لەبەر بوو، بەڵام سەر بە دەوڵەت بوون و، بۆ پاسەوانی کردنی بازاڕ، کاری سەرەکییان دۆزینەوەی دز و، تەڵەکەچیی و پیاوخراپەکانبوو، لەشەوانیشدا پیاوانی پۆلیس هەڵدەستان بە گەڕان و، سوڕانەوە بۆ پارێزگاری کردن لە بازاڕو ژیانی ئاسایی هاوڵاتیان لەشاردا.

---

[٤]- ئینکیشارییەکان: ئەو هێزەبوون کە سوڵتان ئۆرخان ساڵی (١٢٨١ – ١٣٢٦) دایمەزراند، پارێزگاریان لەو دەسەڵاتە دەکرد کە زۆر دڵسۆزی سوڵتان بون.

## لای عەرەبەکان پۆلیس چەند ناوێکی هەبوو:

١- بریکار (معاون): بەو کەسانە دەوترا لە جیاتی سەرۆك یان لەشوێنی ئەو بڕیاری دەدا و، کاروباری ڕادەپەڕاند، بەتایبەت لەناوچە دورە دەستەکانی دەرەوەی پایتەخت.

٢- دانروی خەلیفە (شحنە) هەموو ئەو کەسانەبوون کە خەلیفە دایینابوو بۆ ئەوەی کاروباری ئاشتی ناوشار بگرێتەدەست.

٣- شەوگەڕ (العسس): ئەوانەبوون بەشەو پاسەوانی شاریان دەکرد، بەگیانی خۆیان پارێزگاریان لە سەرو ماڵی هاوڵاتیان دەکرد.

٤- بەردەست (جلواز): بەو کەسانەدەوترا کە لەبەردەستی دادوەردابوون و، کاروباری دادگایان ڕادەپەڕاند[٥].

## ستراتیژ یان ( پلان دانان ):

ئەم دەستەواژەیە زاراوەیەکی سەربازییە لە بنەڕەتدا، پێش دەست پێکردنی جەنگ دادەڕێژرێت، لەهەمان کاتدا هونەری بەڕێوە بردنو ئیدارە پێدانی پێداویستییە جەنگییەکانە پێش دەستپێکردنی.

---

[٥]- الشرطة في النظم الإسلامية: عميد دكتور/ محمد إبراهيم الأصيعبي، المكتب العربي الحديث، ١٩٩١، مصر – اسكندرية، ص ١٥ – ٣١.

ستراتیژی پێویستی بە داڕشتنەوەی پێشوەخت هەیە لەسەر یەك ئاڕاستە بۆ ئامانجێکی دیاری کراوو دوور لە ژێر ڕۆشنایی ئەو هەلانەی دەخرێنە بەردەست بۆ پیادەکردنی بۆ مەبەستی بەدەست هێنانی، ئەو ڕێگانەش زیاتر ئامانجەکە ڕوون دەکاتەوە بە پشت بەستن بە گرتننە بەری هەموو ئەو ڕیٚو شوێنە ئاسایشیو پلانانەی بۆی دادەڕێژرێت لەماوەیەکی کورتدا.

- بە گشتی تێگەیشتن لە ستراتیژی، بریتییە لە: کۆمەڵە سیاسەتو ڕیٚ و شوێنێکی شوێن کەوتەیە دەگیرێتە بەر بۆ بە دەست هێنانی ئامانجەکان لە کەمترین کاتی گونجاو بەکارهێنانی کەمترین وزە بۆی.

## بنەچەی وشەی (ستراتیژی):

دەستەواژەی ستراتیژی وشەیەکی کۆنە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە لە (strsto) واتە سوپا (الجیش) یان کۆ بونەوەی سەربازی، ئەویش لە وشەیەکی یۆنان دێرین وەرگیراوە (strstegos) بە واتای هونەری بەڕێوەبردنو سەرکردایەتی شەڕ دەگەیەنێت.

ستراتیژی، واتە شێوازی بەڕێوبەردنو سەرکردایەتی بە بیٚ کەمو کورتی، ئەویش دانانی پلانێکی ڕێكو ڕاست، بەپێی ئەو هەلی ڕەخساو مرۆڤ دەتوانێت بە پێی ستراتیچی سەربازیو ڕامیاری ئامانجەکانی بەدی بهێنێت، ئەمەش زانیاریو هونەرو

تەكتیكیو ئۆپەراسیۆنە، لەهەمان كاتدا ئەم وشەیە لە بوارە جۆراو جۆرەكانو كایەكانی تری ژیانی مرۆڤدا بەكار هاتووە، ئەمەش هیچ پەیوەندییە بە ڕێچكەو ڕێبازێكی دیاری كراوەوە نییە، هەر ڕێچكەو بۆخۆی بەكاری دەهێنێت.

بەڵام بنەچەی وشەكە دەگەڕێتەوە بۆ دەستەواژەیەكی سەربازی، هەرچەند ئێستا لە ئاستو ستراكچەی جیاوازدا بەكاری دەهێنن، وەك: ستراتیژی كاركردن، ستراتیژی بازاڕ كردن.... هتد.

## گەشە كردن چەمكی ستراتیژی:

جەنگ بە یەكێك لە دیاردەترسناكەكانی مرۆڤ دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، مرۆڤیش بە یەكێك لە مامۆستا دیارەكانی ئەم كایە لەسەر زەوی بە درێژایی مێژوو دادەنرێت، بەهۆی ئەوەی جەنگ هێندە لایەنی مرۆڤی پڕكردوەتەوە، بۆیە -لە زۆربەی كایەكانی مرۆڤدا بونی هەیە- بوەتە جێگەی گرنگی پێدانی ڕۆشنبیرانو توێژەرەوەكان هەوڵیانداوە بگەن بە ئەنجامێكی شایستەو چەند بنەماو یاسایەكی گشت بۆ ئەم دیاردە ئاڵۆزە دابنێن لە چوار چێوەی ئەو ئەزمونو توێژینەوانەی كە لەسەر هەموو شەڕەكانی مرۆڤ بە تەواوی شێوەكانییەوە.

بۆیه دەبینی لە سەرەتای سەرهەڵدانی نوسینەوە، لە زیاتر لە بیست و شەش سەدە پێش ئێستا، چینییەکان هەندێك دانراویان لەسەر سەربازی، وەهەروەها بیرمەندە یۆنانیو ڕۆمانیو عەرەبو ئەوروپییەکانیش هەریەکەو بە تێگەیشتنی خۆی ئەسپی خۆی لەو بوارەدا تاوداوەو نوسراویان هەیە، چەند بنەمایەکی سەرەکیان وەك تیۆریایەکی جەنگ نوسیوە، ئەو نوسینانەشیان بە چەندین ناوی وەك: (هونەری سەربازی) یان (هونەری جەنگ) داناوە.

وەك ئەنجامێکی کورتی ئەم توێژینەوانە لەو بوارە فراوانەدا، بیرۆکەی هزی سەربازی کراوە بە سێ ئاستی سەرەکییەوە:

١- ستراتیژی باڵاو گشتگیر.

٢- ستراتیژی سەربازی.

٣- پلانسازی و خۆسازدان (التعبیه).

بە پێی ئەم دابەشکردنەی قوتابخانە جەنگییەکانی ڕۆژ ئاوا دایان ناوە، هەندێك لە قوتابخانە سەربازییە ڕۆژهەڵاتییەکانیش شوێنی کەوتونو کاری لەسەر دەکەن، هەرچەند لای هەندێك لە شارەزایان لە بواری سەربازیدا ئەم دابەشکردنە بەشێوەیەکی تر جۆروئاستەکانی دیاری کراوە، بەڵام هەر هەمان تێگەیشتو هەمان شێوەیە لە ناخەوە هەرچەند لە ڕوکەشیشدا گۆڕانیان بەسەردا هێنابێت.

قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتی (هونەری سەربازی)یان گۆڕیوە بۆ (ستراتیژیو، هونەری ئۆپەراسیۆنو، پلاندانان).

جەنەڕاڵ (ئەندریە بوفر) دابەشی کردووە بۆ: "ستراتیژی، پلان دانان، کارو باری بەڕێوەبردن".

(کلاوتز) بەم شێوەیە پێناسەی ستراتیژی کردووە، دەڵێت: "هونەری بەڕێوە بردنی جەنگە وەك هۆکارێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی جەنگ"

(مولتکە) بەم شێوەیە پێناسەی ستراتیژی کردووە، دەڵێت: "گرتنەبەری ڕێ وشوێنی گونجاوی ئۆپۆراسیۆنەکانە وەك هۆکارێکی شیاو لەژێر کۆنتڕۆڵی فەرماندەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجی داواکراو"

(لیدل هارت) بەم شێوەیە پێناسەی ستراتیژی کردووە، دەڵێت: " هونەری دابەشکردن و بەکار هێنانی جۆرەکانی هۆکارە سەربازییەکانە، بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە سیاسیەکان".

جەنەڕاڵ (بالت) بەم شێوەیە پێناسەی ستراتیژی کردووە، دەڵێت: "هونەری خۆسازدان و، ئاراستەکردنی گەلێکە یان چەند گەلێك - بەو هێزە چەکدارانەی کە هەیانە- بۆ پاڵپشتی و، پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندییەکان لە دووژمنانیانو یان ئەگەر مەترسیان لەسەر بوو"

جەنەڕاڵ (ئەنردیە بوفر) بەم شێوەیە پێناسەی ستراتیژی دەکاتو، دەڵێت: "هونەری گفتوگۆو بەڕێوەبەردنی بەکارهێنانی هێزە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان".

لە سۆنگەی ئەم پێناسانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە جیاوازی لە تێگەیشتن و، هۆکارەکانی ستراتیژی لەنێوانیاندا هەیە، هەرچەند ماناو چەکی ئەم وشەیە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت، هەرچەند شارەزایانی بواری سەربازی جیاوازی لەنێوانیاندا هەبێت لە پێناسەو تێگەیشتن لەم چەمکە.

لە ڕاستیدا نوێ گەریو گۆڕانکاری لە هونەری ستراتیژیدا گەشەی خێرای بەسەردا هاتووە، بەهۆی ئەو گەشەسەندنە فراوانە کە هەموو کایەکانی تێگەیشتنو هزیی گرتوەتەوە، ئەم بوارەشی گرتوەتەوەو لە هەموو کایەکانی سیاسیو ئابوریو سەربازیو کۆمەڵایەتی خۆی فەرزکردووە، بۆیە بواری ستراتیژیشی گرتوەتەوەو بە چەند جۆرێك باسی لەم وشەیەو تێگەیشتن بەرامبەر ئەم وشەیە هەیە.

لە پاش تێڕامان لەو پێناسانەی باسمان لێوە کردن، دەتوانین چەند هەڵوەستەیەك بکەین لە سەر چەمکی ستراتیژی، جا ئەوە بەراورد بکرێت بە چەمکەکانی سیاسەتو پلاندانانو بەڕێوە بردنەوە یان ئەو شتێکی ترە.

بۆیە دەبینین تێگەیشتنی ستراتیژی لەسەر ئاستی باڵا – واتە: ستراتیژی گشتی و سەرتاسەری– تێکەڵ بووە بە

تێگەیشتنی سیاسی، یان تێکەڵ بووە بە تێگەیشتنی ستراتیژی خواروو (ستراتیژی سەربازی، یان ئۆپەراسیۆن) بە تێگەیشتنی پلان دانانو کاروباری بەڕێوەبردن.

ڕامیاری (سیاسەت) ئەوەیە کە وێنەو نەخشەی ئامانجەکە دەکێشێت، بۆ ئەوەی گەل یان وڵات لەسەری بڕوات بۆ بەدەست هێنانی جیاوازی نییە بە شێوەی سەربازی، یان هەر شێوەیەکی تر، لەم کاتەدا ستراتیژی باڵا کاروبارە تەکنیکییەکان ئەگرێتە ئەستۆ، چونکە لەم کاتەدا پیادەی ئەو سیاسەتە دەکەین و، لە قۆناغی پیادەکردنیداین، ئەم قۆناغە پێی دەوترێت سیاسەت لە قۆناغی توندو تیژیو یان ڕەنگە توندو تیژ ببێت.

ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ڕێگە چارەی جەنگی تاکە هۆکارە لەبەردەم ستراتیژییدا بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکان، بەڵکو هۆکاری تر هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانج، هەرچەند ڕێگە چارەی جەنگیو سەربازی بەهێزترینو یەکلایی کەرەوە ترین چارەسەرە ئەویش لە بن بەستو کۆتا ڕێگە چارەسەرە لە ڕێگەکانی توندو تیژی بۆ چارەسەری کێشەکان.

جیاوازی هەیە لەنێوان ستراتیژی سەربازی لە نەخشە سازی کاروباری بەڕێوەبردن و، هونەری نەخشە سازی (هونەری بەکارهێنانی چەکە لە جەنگدا و، ئەو پەڕی ڕێگە چارەیە) وەك چۆ (ئەندریە بوفر) دەڵێت: "کاری تێهەڵچونەوە".

که سنورەکانی ڕێ وشوێنی نەخشە بە شێوەیەکی نەخشە بۆ کێشراو داڕێژراوە، سەرکردەی بالاّ دەیگرێتە بەر لەسەر زەوی جەنگ، واتە: هونەری بەڕێوەبردنی جەنگ لە گۆڕەپانی جەنگدا.

بەلاّم کارو باری بەڕێوەبردن: زانیاری لەسەر خۆئامادەکردن و بەردەوامی دانی بەڕێوەبردن‌و ئیدارییە، واتە: (جوڵەو تەموین کردن) ئەویش نەخشە ڕێگەیەکە بۆ: بە هاوکاری هەرەوەزی لەنێوان لەگەڵ هاوکارییە مادییەکان دێتە دی.

لە کاتێکدا ستراتیژی سەربازی هونەری دابەشکردن و بەکار هێنانی توانا و هۆکارە سەربازییە جۆراو جۆرەکانی دەوێت بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە سیاسیەکان، بەڕێگەیەکی نایاب‌و گونجاو، بۆ ئەوەی گرەنتی نێوان تواناکان‌و ئامانجەکە بکات، لە هەمان کاتا بە کەمترین توانای بەرەنگاربونەوەو بەکارهێنانی مناوەرەیەکی گونجاو.

بۆیە ئەم پلان دانانە یەکێکە لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی ستراتیژی سەربازی بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکەی.

## ئامانجەکانی ستراتیژی:

ستراتیژی وەك هۆکارێك دانراوە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە سیاسیەکان لەڕێگەی بەکرا هێنانێکی گونجاوو نمونەیی بەو هۆکارانەی لەبەردەستدایە، ئامانجەکان لە سیاسەتێکەوە بۆ سیاسەتێکی تر لە ستراتیژییەوە بۆ ستراتیژییەکی تر

جیاوازییان هەیە، تەنها لەوەدا یەکن کە ئامانجەکە نایەتە دی مەگەر بە گرتنە بەری ڕێو شوێنی تایبەتی، وەك: هێرشکردن لەکاتی داگیرکردنی زەوییەك، یان سەپاندنی مەرجێکی دیاری کراو، یان شوێن کەوتنی ڕێو شوێنی بەرگری بۆ پاراسنی بەرژەوەندیی و، سەروەرییەکانی خاك ولات و، سەرفرازای بۆ نەتەوە، ڕەنگە ئامانجەکە لێرەدا: سیاسی، یان ئابوری، یان سەربازی، یان ورەیی (مەعنەوی) بێت، دەشگونجێت ئەو ئامانجە بچوك و، سنورداربێت، وەك: داگیرکردنی بەشێکی بچوك لە خاکی ولاتێك، یان گەورەو بالابێت، وەك: دەست گرتن بەسەر کیانی و، داگیرکردنی دەوڵەتێکی تر و، کۆتایی پیێ هێنانی.

هەموو ئامانجەکان لە یەك شتدا یەك دەگرنەوە، ئەویش لەلایەن دەسەلاتێکی سیاسی بالاوە دەردەچێتو خاوەنی ئەو بڕیارە دەبێت.

هەندێك جار بە ناچاری بۆ ئەوەی بگەیت بە ئامانجێك دەبێت بە قۆناغ بەندی خۆتی بۆ ساز بدەیتو شێوازی گەیشتن بە ئامانجێك بۆ ئامانجێکی تر پێویستە گۆڕانی بەسەردا بهێنیت.

## باوەڕی سەربازی ( العقيدة العسكرية )

باوەڕی سەربازی دەستەواژەیەکی بەر بڵاوی ڕوونە لە مێژووی سوپاکاندا، بەتایبەت لای سەربازە یاساییەکان، بەڵام خۆی لە خۆیدا لە چوارچێوەی ناوچەو پێکهاتەیدا ئاڵۆزی و ناڕوونی پێوە دیارە، لەبەر ئەم هۆیە لای زۆرینە نادیارە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ڕۆژانە وەك خۆی یان بەشێوەیەکی دی بەکاری دەهێنین، تەنها ئەو جیاوازییەی هەیە ئێمە بە شێوەیەکی زۆر دوور لە مانا قوڵەکەی بەکاری دەهێنین، لە شێوەیەکی سەرەتایی لە هەموو ئاستەکانی سەربازییدا هێناومانەتە ئاراوە، خاڵێکی دیکە ئەوەیە دەتوانین وەك ئەو شێوە سەرەکیەی کە بۆی دانراوە سودی لێ ببینین.

## باوەڕی سەربازی چییە؟

پێش ئەوەی بڕۆین بۆ پێناسەکردنی، پێویستە هەموومان لەسەر یەك تێگەیشتن کۆببینەوە، دەبێت ئاماژە بدەین بە چەند خاڵێکی گرنگ و کاریگەر، بۆئەوەی تێگەیشتنێکی دروستمان بۆ پەیدا ببێت لەسەر پێناسەی باوەڕی سەربازی (عقيده العسكريه).

## لێرەدا بەشێوەیەکی کورت ئاماژ بەو خاڵانە دەکەین

– باوەڕی سەربازی (العقيدة العسكرية) بازنەیەکی گەورەی تایبەت بەخۆی هەیە، بەشێوەی ستونی لە باڵاترین ڕێکخراوی سیاسی لە دەوڵەتدا دەستی پێکردووە و، دێتە خوارەوە تا نزمترین ئاستی سەربازی تاکەکانی بە شێوەیەکی هەرەمی، ئەویش بەسەر سێ ئاستدا دابەش دەبێت: ستراتیژی[٦]، ئۆپەراسیۆنی (عمليات)، خۆسازدان (التعبوى).

ئەم درێژای ژیانی مرۆڤایەتی باوەڕی سەربازی بەدرێژییەکی سنوردار باسکراوە و، ڕونکراوەتەوە، هەر بەشێك شێوازێکی باڵای خۆی بۆ دیاری کراوە، هەموو ئەو شتانەی لەسەری دانراوەو تایبەتن بەو. لە شوێنی دیاری کراوی خۆی لەناو باوەڕی سەربازی باسیان لێوە کراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا چەندین تێبینی لاوەکی لە هەمو ڕوویەکەوە لەسەری باسکراوە، هاتووە کاریگەری لەسەر باوەڕی سەربازی داناوە، ئەم کاریگەریانەش لە باڵاترینیانەوە تا نزمترین ئاست باسی لێوە کراوە کاری خۆی کردووە، ئەمە وەك باسکردنێکی پێش وەخت لەسەر باوەڕی سەربازی (عقيده العسكريه) بەڵام لەڕوی گشتییەوە چەندین پێناسەی وشەی باوەڕی سەربازی کراوە:

---

٦– مەبەست لە ستراتیجی پلانی درێژ داڕێژراوە کە دەوڵەت یان فەرمانڕەوا پلانی بۆ دادەڕێژێت.

باوەڕی سەربازی بریتیە لە: "هەموو ئەو ئامانجانەی دڵو ویژدانی مرۆڤی پێوە پەیوەستە و، مرۆڤ بیرو باوەڕی لەسەرئەو ئامانجە لانادات".

وەك پێش گریمانەیەك: ئەم پێناسەیە تەنها لەسەر سلکی سەربازی کورت ناکرێتەوە، بەڵکو سەرجەم بیرو باوەڕەکانی دی دەگرێتەوە، لە پێشەوەیان بیرو باەڕی ئاینی.

پێش ئەوەی بڕۆینە ناو پێناسەی باوەڕی سەربازی (عقیدە العسکریە) پێویستە تیشك بخەینە سەر سەرچاوەی وشەکە:

ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی ئینگلیزییە ( miscarry Doctrine) هاتووە، بەواتای: (بیرو باوەڕی سەربازی) یان ( ڕێبازی سەربازی).

وشەی (ڕێباز) هاومانایە لەگەڵ (باوەڕ) لە فەرهەنگە زمانەوانییەکاندا هەندێك لە دەستەواژە سەربازییەکان بەکارنەهاتووە، بۆیە دەستەواژەی بیرو باوەڕی سەربازی لێنراوە، بەشێوەیەکی گشتی بەلگەیە لەسەر ئاستی ستراتیژی و پاشخانی هەموو ئاستەکانی سەربازییە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم پاشخانە ناڕوونەو جیاکردنەوەی لە ناو هەموو ئاستە کانی بیرو باوەڕدا چەند دەستەواژەیەکی ر بەکاردێت، وەك: (باوەڕی شەڕانگێزی) ( Fig Thing Doc)، وەك ڕێنیشاندەرێ لەسەر ئاستی ئۆپەراسیۆن لەباوەڕی سەربازیدا.

(باوەڕی شەڕ) (comBan) لەسەر ئاستی تەعبیەوی و، خۆسازدان دەدوێت لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕوونکردنەوانەی باسمانکرد لەسەر بیرو باوەڕ بەم شێوەیە پێناسەی ئەو چەمکە دەکەین: "بریتییە لە کۆمەڵە باوەڕو بنەمای هزری ئاماجدار، بۆ بەهێزکردنیی نەخشە دانانی سەربازی و، هونەری شەڕکردن".

لەهەمان کاتدا بۆ بەکار هێنانی هێز چەکداەکاندا لە حاڵەتی ئاشتیو جەنگدا، بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان، ئەگەر سەرنج بدەین ناوەڕۆکی ئەم پێناسەیە سەرجەم ئاستەکانی بیرو باوەڕی سەربازی دەگرێتەوە، زیاتریش تیشك دەخاتە سەر ئاستی ستراتیژی، وەك: بناغەیەك بۆ سەرجەم ئاستەکانی باوەڕ.

## جۆرەکانی باوەڕی سەربازی:

بە پێی ئەو هۆکارە سەرەکیانەی لە ڕابردوودا باسمانکرد، باوەڕی سەربازی دابەش دەبێت بۆ چەند بەشێك، ناتوانین جیایان بکەینەوە لە یەك، چونکە هەموویان پەیوەستن بە یەکەوە، ناشتوانرێت یەکێکیان بە تەنها وەربگرین، لەبەر ئەوەی تەواوکەری یەکترن، هەموویان پێکەوە تابلۆی باوەڕی سەربازی پێکدەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا ناوەڕۆکیان تایبەتە بە خۆیانەوە و، هەریەکەیان کاردەکەن لەسەر گەشە پێدانی یەکتر، ئەبێت ئەوەش لەسەر ئاستو جۆرو کاریگەری و گونجاندنی بە پێی داوای

خۆی بەهەند وەربگرین و، سەیریان بکەین، بەواتایەکی دی: باوەڕی سەربازی لە نزمترین ئاستیدا گۆڕانێکی سەرەکی لەسەر ئاست و جۆرەکانی و سەرەوە دروست دەکات.

خاڵێکی گشتی لە جۆرەکانی باوەڕی سەربازی کە لەسەرئاستی نێو دەوڵەتی باسدەکات، پێی دەوترێت: "باوەڕی گشتگیری نێو دەوڵەتی" ئەم باوەڕی گشتگیریە نێودەوڵەتییە لە کۆمەڵێک زانیاری و، بنەمای باڵای سەربازیو سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتی، لە ناوەڕۆکی شارستانی خەڵک هەڵقوڵاوەو ڕەگی لەناو ناخی هەموو تاکێکی خەڵکدا داکوتاوە، کاتێک ئێمە باسی باوەڕی سەرەکی دەکەین لە واقیعدا باسی باوەڕی گشتگیر دەکەین نەک تەنها باوەڕی سەربازی.

## بەڵام سەبارەت بە جۆرکانی باوەڕی سەربازییەکان دەکرێت بە سێ جۆری سەرەکییەوە:

باوەڕی بنەڕەتی، باوەڕی ژینگەیی، باوەڕی ڕێکخراوەیی.

١- **باوەڕی بنەڕەتی:** بنەیەکە هاوکاری دەکات بۆ دیاری کردنی سنوری باوەڕی سەربازی لەسەر ئاستی ستراتیژی و، ئاڕاستەکردنی، بازنەی ئەم جۆرە باوەڕە زۆر فراوانە، هیچ ئاستەنگێک بەسەریدا زاڵ نابێت، مەگەر باوەڕی گشتگیری دەوڵەت، ئەم جۆرە باوەڕە هیچ کاریگەری لەسەر باوەڕ لە ئاستی

سیاسی و تەکنیکیدا لەچاو ئاستی ئۆپەراسیۆنی تەعبەو لە باوەڕی سەربازیدا نییە.

٢- **باوەڕی ژینگەیی**: دووەم جۆی باوەڕی سەربازییە لەسەر ئاستی ئۆپەراسیۆنی، پێکدێت لە بنەمایەکی سەرەکی کە یەکە سەرەکییەکانی هێزە چەکدارەکانی لەسەر بونیاتنراوە، بۆ ئاراستەکردنی وزە جۆراو جۆرەکانی سەرەبازی لە پێناو بەدی هێنانی ئەو ئامانجەی لە پێناو دانراوە.

باوەڕی ژینگەیی تەواوکەری باوەڕی بنەڕەتییە، کە بەکارهێنەرانی وا لێدەکات بەرەو هێنانەدی ئامانجە سەربازییە نیشتمانییەکان هەنگاو ئاڕاستە بکات و بیان بات.

وەك و زنجیرەی گەیەنەری بالآترین ئاستی تا نزمترین ئاستی یەکە سەربازییەکان لە ڕوی تەعبەوییەو وایە.

باوەڕی ژینگەیی بەوە جیا دەکرێتەوە کە لەبازنەیەکی بەرتەسکدایە لە باوەڕی بنەڕەتی بچوکترە، بەواتایەکی دی جەخت دەکاتەوە لەسەر چەند بابەتێك لە ناو سنورێکی دیاری کراودا، باوەڕی ژینگەیی زۆ ردەکەوێتە ژێۆر کاریگەری دەرەکییەوە، وەك: گۆڕانکارییە تەکنیکی و سیاسی و ستراتیژی یەکان، هەر بۆیە بە بەردەوامی لەگۆڕاندایە.

نمونەی باوەڕی ژینگەیی: باوەڕی شەڕکردنی بەشەکان، لەگەڵ تێکەڵ بوون و هەما هەنگی لەنێوان بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی و وشکانی و ئاوی.

٣- باوەڕی ڕێکخراوی: چەند بنەمایەکی بنەڕەتییە، کۆمەڵێك پێکهاتەی جیاواز لە سەربازی بەدوای خۆیدا دێنێ، بۆ مەبەستی ئەنجامدانی ئەرکە گرنگەکانیان، وەك بەشێك لە یەکە چەکدارەکان لەسەری ڕێکدەکەون و دادەمەزرێت.

باوەڕی ڕێکخراوەیی لەسەر ئاستی خۆسازدا لەناو باوەڕی سەربازیدا دیارتین باوەڕە کە زۆر بەدرێژی تیشك خراوەتە سەری، ئەویش ئەرك و بایەخ و بنەماکانی بەکار هێنانی بۆ هەموو چالاکییە سەربازییەکان، بە پێی ڕیزبەندی وردەکارییەکان دادەبەزێنێتە ناو ڕێگەکان و شێوازی گرتنەبەری ڕێگەی تایبەتیەکان، ئەویش بە بەکارهێنانی بۆ ڕێکخستنی هەر شێوەیەکی دیاری کراو لە باوەڕی سەربازی، ئەمەش بەم تایبەتمەندییەوە لە جۆرەکانی تر جیادەکرێتەوە، لەم ڕووەوە ئەم جۆرە بە بەرتەسکترین بازنەی باوەڕی سەربازی دادەنرێت لەچاو ئاستەکانی تردا، هەروەها ئەمیش زۆرترین گۆڕانی بەسەردا دێت بە لەبەرچاو گرتنی کایگەری گەورەو ڕاستەو خۆ بە هۆی گوڕاکارییەکان و، گۆڕانی تەکنیکی و، ئەزمون و، پسپۆڕی و، مەشقی بەردەوام.

## سەرچاوەکانی باوەڕی سەربازی:

چەند بنەمایەکی هەیە باوەڕی لەسەر دامەزراوە و، سەرچاوەی گەشەکردنیەتی بۆئەوەی ببوژێتەوە، پاش ئەوە بەردەوام دەبێت لە هاندانی تادەگاتە بەدی هێنانی مەبەستو ئامانجە بالاکان.

## سەرچاوەکانی باوەڕی سەربازی بەم شێوەیە کورت دەکرێتەوە:

١- باوەڕی گشتی بۆ دەوڵەت: بەشێوەیەکی گشتی بەسەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ هەموو ئاستەکانی باوەڕ دادەنرێت، بۆنمونە: باوەڕی ئاینی، باوەڕێ ئایدۆلۆژی، ئەو بنەمایانەی سەرکردەیەك لە سەرکردە سیاسیەکان دایدەڕێژن، بەم شێوەیەی کە دەڵێت: "باوەڕی سەربازی وڵاتێك جیاوازە لە وڵاتێکی دی، ناتوانین بڵێین: یەك باوەڕی سەربازی هەیە بۆ هەمو وڵاتان".

٢- پەند وەرگرتن لە وانەکانی ڕابردوو: بە یەکێك لەو بنەمایانە دادەنرێت باوەڕی سەربازی لەسەری دروستکراوە، لە هەموو ئاستەکاندا دەبێت ڕەچاو بکرێت، مێژووی سەربازی بە یەێك لە سەرچاوە چالاکە کانی گەشە سەندنی باوەڕی سەربازی دادەنرێت، چونکە لە ئەنجامی ئەزمونو شارەزایی بەرهەم هاتووە، ڕوونترین نمونە لەسەر ئەمە: بەکارهێنانی ئەو چەکە جۆراو جۆرە لەشەڕی جیهانی دووەم، لە پێش هەموویانەوە ئەو

چەکە ئەتۆمیەی کۆتایی هێنا بەجەنگ[٧]، یان ئەو بنەما و، ڕێبازی نەتەوەکان جەنگیان لە پێناودا دەکرد، لەبەر ئەوەکاریگەری لەسەر باوەڕیسەربازی هەیە چونکە، دەڵێن: "پێشینەیەکی مێژوویی هەیە لە باوەڕی سەربازیدا پەیوەندیی گەل بە حکومەتەوە دەبەستێتەوە".

٣- گەشەسەندنی تەکنیکی: ئەمە کۆڵەکەیەکی گرنگەو ڕۆڵی گەورەی هەیە لە گەشە سەندنی باوەڕی سەربازی و، نوێکردنەوەی لە هەموو ئاستەکاندا، وە بەتایبەت لە سەر ئاستی باوەڕی ڕێکخراوەیی، نمونە لەسەر ئەمە: لەکاتی هاتنی ئامێرێك یان چەکێکی نویٚ بۆ ناو هەر لقێکی هێزە چەکدارەکان، کاریگەری لەسەر هەموو بەشەکان بە شێوەیەی بەچاو هەیە، بۆیە پێویستی لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنیکیدا ڕۆین.

کەسایەتییە سەربازییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەرکەوتنی ئەو پێداویستیە جەنگیانە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر گەشە پێدانی تیۆری سەربازیو پیادەکردنی.

---

٧- لە گەڵ تێپەڕبونی جەنگی سارد بۆ ماوەیەکی دورو درێژە، بەڵام هێشتا زیاتر لە (١٥.٠٠٠) جۆری چەکی ناوەکی و ئەتۆمی، لەو دوو بۆمبە بەهێزترە کە لەسەر خەڵکس سڤیلی (هێرۆشیما، ناکازاکی) بەکارهێنرا لە زەویدا بونی هەیەو ئێستا لەناو وڵاتە زلهێزەکاندا ئامادەیە، کە دەتوانێت بەهاری سەر زەوی بکاتە زستانێکی بێدەنگو کپی بکاتەوە، لە توانایدایە کە ببێتە هۆی لەناو بردنو کوشتنی زۆربەی مرۆڤەکانی سەرزەوی، شارەزایان لە کارو باری سەربازیدا هۆشداریان داوە لە مەترسی: تیرۆری نەوەویو شەڕی نەوەو. ( وەرگێڕ).

بالآترین نمونە لەسەر ئەمەش بەکارهێنانی ئەو تەکنیکانەیە لە جەنگ: (پرۆسەی ڕزگار کردنی عێراق) لە مارسی (٢٠٠٣) لە عێراقدا بەکار هێنرا.

٤- سەرچاوەکانی هەڕەشە و گۆڕانە بەردەوامەکانی لە گۆڕەپانی جیهانیدا:

کاریگەرییەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت لە هەموو ئاستەکانی باوەڕی سەربازی، نمونە لەسەر ئەمەش: لەکاتی ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت لە کۆتایی (١٩٩١) دا گۆڕانکاری بەسەر هەندێك پێکهاتەکانی باوەڕی سەربازیدا لەولآتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هات، ئەم گۆڕانکاریانە بەشێوەیەکی ڕوون کاریگەری لەسەر باوەڕی سەربازی داناوە، پاشان چەندین باوەڕی ژینگەیو ڕێکخراوی نوێ دامەزران، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە ئۆپەراسیۆنو هاوەپەیمانی هێزەوە هەیە.

لە سەروبەندی جەنگی سارد دا باوەڕی سەربازی گۆڕانکاری بەسەردا هاتو بو بە پاشکۆ.

٥- سروشتی پێشهاتەکانی جەنگ:

ئەو جەنگەیە ئەگەر هەیە ڕوویدات، بەهۆی دەرکەوتنی شێوەوە جۆرو ئاستی شەرعیەتو هۆکاری باوەڕی سەربازی، هەردەوڵەتێك بەجۆرێکی تایبەتی بەخۆیەتی، لەسەر

ئاراستەکاندا باوڕی سەربازی بەکار دەهێنێت بۆ شەرعیەت دان بە شەڕ.

٦- ستراتژی سەربازی وڵات: کاریگەری جێبەجێ کردنی ستراتیژی سەربازی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر باوەڕە سەربازییەکان، لەهەمان کاتدا ژینگەو، ڕێکخستنەکان پێویستە بەشێوەی بەردەوام بە گوێرەی داواکارییە ستراتیژیەکانی دەوڵەت گەشەی پێبدرێت و بگونجێنرێت.

٧- سروشتی جوگرافیای دەوڵەت:

سروشتی جوگرافیای دەوڵەت کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر باوەڕی سەربازی، پێگەی دەوڵەت ڕێکخستنەکانی دەوڵەتو جۆرو ڕێگەکانی بەکارهێنان دیار دەکات، بە هۆی ئەو داهاتەی دەوڵەت هەیەتی لە جیهاندا مامەڵەی سیاسی ناوخۆ دەرەکی دیاری دەکرێت، لەبەر ئەم هۆیە دەبنین بوەڕی سەربازی پەیوەندییەکی تۆکمەی هەیە بە یاسای دەوڵەت، بە بەهێزکردنی پەیوەندییەکان کەوتنی سیاسیو دەرەوەو ناوخۆو بارودۆخی ئابوریو ڕۆشنبیری وڵای گەشە پێدەکات.

٨- ئەرکەکانی ئێستا و، ئایندە:

ئەرکە سەربازییەکان لە پێناو ئایندەدا بەدەرخستنی هێزێکی نیشتمانی دادەنرێت، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت بۆ دانانو

گەشە پێدانی باوەڕی سەربازی بە هەموو جۆر و ئاستەکانیەوە، وە هەروەها گونجاندنی ئەرکە جۆراوجۆرەکا لە سیاقی هێزە چەکدارەکان لە پێناو ئایندەیەکی گەشدا.

## ئەرکە گرنگەکانی باوەڕی سەربازی:

هیچ ولاتێك ناتوانێت توانا سەربازییەکانی وەك هێزێکی نیشتمانی بەهێز، بەکار بهێنێت بۆ هێنانەدی ئامانجو بەرژەوەندییەکانی بە بێ پشت بەستن بە باوەڕی سەربازی ڕونو کاریگەر، بەهۆی ئەو ڕۆڵ و ئەرکە گرنگەی باوەڕی سەربازی پێشکەشی دەکات بۆ ئاراستەکردنی چالاکی ئەرکە سەربازییە جۆراو جۆرەکان لە هەموو ئاستەکاندا، ئەو ڕۆڵە گرنگانەش لەم خالانە کۆدەکەینەوە:

- ڕێنومایەکی بنەڕەتییە بۆ ڕێکخستنو ڕاهێنانی هێزە چەکدارەکان لە هەموو ئاستەکاندا، ئەمەش بەڵگەیەکی سەرەکییە بۆ ئامادەکردنو بونیات نانو گەشەکردنی هێزە چەکدارکان، لە ئامادەکردنو بەکارهێنانیان لە پێناو ئایندەدا.

## پێکهاتەکانی باوەڕی سەربازی:

پێش ئەوەی باسی پێکهاتەکانی باوەڕی سەربازی بکەن، دەگەڕێینەوە سەر باسی جۆر و ئاستتەکانی: بنەڕەتی، ژینگەیی، ڕێکخراوی.

یەکەم: ئەو پێکهاتانەی سروشتی ڕامیاری (سیاسی)یان هەیە:

باوەڕی بنەڕەتی: کۆمەڵە بنەمایەکە بە ڕووپۆشێکی سیاسی ڕەنگ کراوە، کێشە پەیوەندیدارەکان بە ململانێ چەکدارییەکان و گەشەپێدانی سەربازی چارەسەر دەکات.

بنەما سەربازییەکان لە باوەڕی سەربازیدا ڕێکدەخات، نموونەش لەسەر ئەم جۆرە تێڕوانینی دەوڵەتە بۆ ململانێ چەکدارییەکان و، چۆنیەتی وەڵامدانەوەی هەڕەشە سەربازییەکان و هاوپەیمانیە نێودەوڵەتییەکان بۆ وڵات.

ڕێکخستنی هاوپەیمانی ناوچەیی هەرێمی، تێڕوانینی دەوڵەت بۆ بەکار هێنانی چەکی کۆمەڵکوژ، چۆنیەتی بەدەمەوە هاتنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت (بەچالاکی و گرنگیەکان) چۆنیەتی ئامادەکردنی داهات و تێچووی جەنگ.

دووەم: ئەو پێکهاتانەی خاوەنی سروشتی سەربازین:

(باوەڕی ژینگەیی و ڕێکخراوەیی) کۆمەڵێك بنەمای سەربازی تایبەتن چارەسەری ڕێو شوێنەکانی تایبەت بە ئامادەکردن و بەکارهێنای هێزە چەکدارەکان دەکات لە جەنگدا، نموونەیش لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی هەر بەشێك لە بەشەکانی هێزە چەکدارەکان دەکات، هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی هێزە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان و، چۆنیەتی بەکارهێنانی هێزە تێکەڵەکان (چەند وڵاتێ) ڕاپەڕاندنی سەرکردایەتی و، کۆنترۆڵ

کردنی هەموو ئاستەکان، پاشان بونیاتنان‌و گەشەپێدانی هێزە چەکدارییەکانیش دەگرێتە ئەستۆ.

## بنەما سەرەکییەکانی باوەڕی سەربازی:

باوەڕی سەربازی وات لێدەکات چۆن مرۆڤ فێری بیرکردنەوە بکەین، نەك ئەوەی پێویستە لەسەرت چۆن بیربکەیتەوە و بزانیت چی تیایە.

## ئەو بنەمایانەی باوەڕی بنەڕەتی سەربازی لەسەری بونیات نراوە ئەمانەن:

یەکەم: سەرکردە لە ئەرك‌و کۆنتڕۆڵ کردنی چالاك، بە دروستی فەلسەفەی سەرکردایەتی، ئەمیش جەخت لەسەر چوار بنەما دەکاتەوە:

١- دەرکردنی بڕیار لەکاتی گونجاو.

٢- تێگەیشتن لە ویستی فەرماندەی باڵا.

٣- توانای تێگەیشتنی سەرکردەکان لە فەرماندە باڵاکانی.

٤- ئەوەی ویستانەی بەدەستیان هێناوە و، ئەوەی ماوە بەسەرکەوتویی تەواوی بکات.

سەرکردەکان دەتوانن شێوازێك، یان دوو شێواز، یاخود چەند شێوە بۆ پیادەکردنی سەرکردایەتی‌و کۆنتڕۆڵکردن لەناو هێزە چەکدارەکان پیادە بکەن، بەم جۆرە کارانە دەوترێت کۆنتڕۆڵ کردنی ورد و، درێژ و، گونجاو، لەم تێگەیشتنەوە

سەرکردە باڵاکان دەسەڵاتو تواناکانی خۆیان، لەسەر زۆربەی بڕیارەکان پیادە دەکەن.

شێوازێکی تر بۆ سەرکردەو کۆنترۆڵکردن، بە شێوە تێگەیشتنی لە ئەرکەکان ناو دەبرێت، وەك لە هاوپەیمانی باشوری ئەتلەسی ئەنجامدراوە دەکەوێتە دەستی سەرکردە.

دووەم: گیانی جەنگاوەریی:

سروشتی باوەڕی سەبازی لە ئەنجامی پێداویستیەکانی سەربازی دروست دەبن، بە کۆتایی پێویستی دەبێت بە خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ، بۆیە پێویستە لەسەر هەر تاکێکی ناو ئەو هێزە چەکدارانە ئامادەکاری ئەوەی تێدابێت لە پێناو ئەو دۆزە شەرعییانەی ئەو ڕاپەڕینانەی بۆ بەدەست هێنانی ماف دەیدەن لە چوار چێوەی بژاردە سەربازییەکاندا.

لەڕوویەکی تریەوە باوەڕی سەربازی لە ناوەڕۆکیدا گیانی جەنگی تێدایە.

سێیەم: بیرکردنەوە لە ناوەڕۆکی مانۆڕ:

بیکردنەوە لە مانۆڕکردن لە ئۆپەراسیۆندا پێویستی بەوە هەیە گرنگی زۆر بدەیت بە تێکشاندنی هێزی دوژمن بەگشتی و، تێکشاندنی توانای جەنگی لە جیاتی وێرانکردنی مادی، جەنگی مانۆڕیش واتای ئەوەیە ئەوەی بیری لێدەکەیتەوە لە شەڕدا ئەنجامی بدەیت.

چوارەم: بنەماکانی جەنگ:

پێویستە سەرکردەو فەرماندە باڵاکان لە هەموو ئاستەکاندا نەخشەی جەنگ دابنێت، دەبێت ئەم بنەمایە ڕەچاو بکەن و، گرنگی پێبدەن، چونکە گرنگی پێدانی دەبێتە هۆی یەکلایی کردنەوەی جەنگ.

پێنجەم: ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان:

هێزە هاوبەشەکان تەنها ئەو هێزانەی لە چەند ڕشتە (صنف) ێکی جیاواز ناگرێتەوە، بەڵکو ئەوانەش دەزانن خاڵی لاوازو بەهێزوی هەموو پێکهاتەکان کامانەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکەیان بە بەرهەم هێنی خاڵی بەهێزی هەر یەکێکیانە بۆ هاوکاری کردنی ئەوانی دی.

شەشەم: هێمنی و، بەوردی پیادەکردنی کارەکان:

هێمنی و، بەوردی پیادەکردنی کارەکان لە باوەڕی سەربازی هەردەوڵەتێکدا ڕەنگی داوەتەوە، لە دوور کەوتن لە یاسا سەپێنەرەکان و، هاندانی بیکردنەوەی گونجاو لە چالاکییە سەربازییەکان، وە بە بنەڕەتێکی تەواو دادەنرێت کە بە ڕوونی بیرلێکراوەتەوە، ئەویش نزیك بونەوەی بەر دەوامی خودی دەوڵەتە بۆ چالاکییە سەربازییەکان، پێویستە گیانی جەنگی هەمیشە ڕوون و ئامادەبێت بۆ جیٚ بەجیٚ کردن، ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی کۆمەڵە هۆکارێکە کە لە ڕوانگەیەوە توانا و جیاکارییە

کانی دەوڵەتی پێدەناسرێتەوە، هێزە چەکدارەکان پێویستە وەك یەك کۆمەڵە کاربکەن بۆ ئەوەی هێزێکی زۆر بەرهەم بهێنین و لە پێناو دەرخستنی زۆرترین کاریگەری، بەمەش بنەمای پەرگیری جەنگی دروست دەبێت ئەویش گونجاوە بۆ جێبەجێ کردنی لە هەموو ئاستەکاندا، بەکارهێنانی ژیری بۆ بنەماکانی جەنگ و یەکەیەکی زۆر گرنگە هانی سەرکردە دەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

بارو دۆخی سەرکردەکان لە (کۆنترۆڵی درێژەوە) سەرچاوەی گرتووە، سەرکردەش لەئەرکەکانیاندا سەردەکێشێت بۆ دەستی پێشخەری و، جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیان.

# بنەما سیاسییەکانی بەرگری لە پیرۆزییەکان

**بنەما ڕۆحییەکان (ئایدیا):**

**لە باوەڕی سەربازیدا خۆی دەنوێنیٚ، ئەوەیە کە لە گەردنی تاکی سەربازدایە وەك هەڵگری ئەو پەیامەو لە بەخت کردنی بەنرخترین‌و بەهادارترین سامان کە ڕۆحی خۆیەتی لە پێناو وڵاتەکەیدا.**

## بنەمای مەعنەویی ( ورەبەرزی ):

**یەکێکە لەو بنەمایانەی لەلای کەسە سەربازییەکان دەچێنرێت، کۆمەڵێك رەوشتی تایبەتیان بۆ دەڕەخسێنێت وایان لێدەکات توانای بەرگە گرتنی بارودۆخی نالەباریان بۆ دروست ببێت، دەست بگرن بەسەر شەڕدا، دیارترینیان: ساف بونی مێشکە بۆ هەڵسەنگاندی هەڵوەستەکانی هەڵسوکەوت کردن بە ژیری‌و ئازایەتی لە کاتی ڕودانی هەڕ ڕووبەڕو بونەوەیەك و، بەڕپەرچ دانەوەی لەکاتی پارێزگاری کردن لە گیانی هێشتنەوەی ورە بەرزی لەلای سەرکردەکان‌و ئەفسەرو ئەفسەری پۆل‌و سەرباز دروست دەبێت.**

**ئەمەش بۆ دڵنیابوونەوە لەداواکارییە بنەڕەتییەکان بۆ مەبەست‌و هەڵسوکەوتی سەربازەکان، دیارترینیان دیسپلینەکان و، پابەندبون و، گوێڕایەڵی یاسا، لەگەڵ دەستگرتن بە گیانی یەك گروپیٚ‌و دڵسۆزی بۆ وڵات و، ئامادەی گیان بەخت کردن لە پێناویدا بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی.**

## بنەمای مادی:

سیاسەتی بەرگری هەر وڵاتێك لەسەر سێ کۆمەڵەی بنەڕەتی بنیات نراوە:

أ- هەبوونی سوپایەکی بەهێز، خاوەنی تەکنەلۆجیای هاوچەرخ و، پڕچەککردنی و، فراوان بوونی مدارکە بۆ پیادەکردنو ڕاهێنانی لەسەر ئەو پێشکەوتنە.

ب- گیانی هاوکاری و یەکڕیزی، پێکەوە ژیان لەگەڵ وڵاتە دراوسێو هاوپەیمانەکاندا، لە چوار چێوەی ڕێکەوتن لەسەر بەرگری کردن هاوبەش.

ج- ڕێکەوتنی ئاسایشی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان و، نزیك لە بەرژەوەندییەکانی یەکتر.

**ئامانجی سیاسەتی بەرگری واتە:** پارێزگاری کردن لە سەر سەربەخۆی وڵاتو پاراسی خاکەکەیو ئاسایشی سنورەکەی، بەرژەوەندییەکانو دامو دەزگاکانی، لەگەڵ دابینکردنی ئاسایش و، خۆش گوزەرانی گەشە پێدانو، پڕچەککردنی هێزەکانیان لسەر بنەمای بەهێز، بۆ ئەوەی پارێزراوبن لەهەر هەڕەشەی هەر هێرشێکی دوژمن کارانە بەهاوکاری وڵاتانی هاوپەیمان[٨].

---

[٨]-مجلة دفاع عن الشعب: عدد ٢٧، سنة ٢٠١١.

# ئاسایشی نەتەوەیی

ئاسایشی نەتەوەیی بۆ کورد لە سەرجەم بەشەکانی کوردستان، لە لایەن ئەو دەوڵەتاوە دەبێت بگیرێتە بەر کە کورد تێیدا دەژی، شێوازی پاراستنی ئەم ئاسایشە لە لایەن ئەم دەوڵەتانەوە چۆن بوە پێویست بەروون کردنەوە ناکات، ئەوەی جێگای باسەکەیە لێرەدا بریتیە لە باشوری کوردستان، تەواوتر بریتییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق بەپێی دەستور دوای ڕوخانی بەعس بە عیراقی فیدڕاڵ ناودەبرێ، بەڵام بەواقع و، لە پراکتیکدا کاری پێنەکراوە، ئەوەی هەرێمی کوردستان بەهۆی بارو دۆخێکی ترەوە بۆتە کەتوارێکی (واقع) تەواو لە عێراقدا و، جگە لەم هیچ هەرێمێکی تری فیدڕاڵی دروست نەبوە لەم دەوڵەتەدا، ئایا ئاسایشی ئەم هەرێمەی کوردستان لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەی ئێستەی عێراقیدا بە دی دێت؟

ئایا دەکرێ پڕۆژەیەکی ئاسایشی تایبەت بەهەرێمی کوردستان هەبێت، ئایا چۆن لە ڕووی سیاسی و، یاساییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ لە سەر ئاستی نێو خۆی هەرێم و، عێراق و، نێودەوڵەتی؟ هەڵەیە ئەو کاتە بیر لە دروست کردنی دەزگایەکی ئاوها بکرێتەوە کاتێك کە بکەوێتە بەر هەڕەشەیەکی جدی نێوخۆ، یان دەرەکی وەك ئەوەی تورکیاو ئێران کە بۆ تە پەیام و، زەنگێکی جدی بۆسەر ئاسایشی هەرێم، یەکێك لە

ئامانجەکانی لەشکرکێشیەکانی تورك بۆ سەر هەرێم مەبەستی زۆری هەبووە، یەکێك لەمانە بۆ تێکدانی ئاسایش و، بەرقەرار نەبوونی ئاسایشە لە هەرێمدا کە ئەنجامەکانی هەمە لایەنەن، بەهۆی زامن نەکردنی ئاسایش و، ئارامی زۆرێك لە وەبەرهێنەکان لەوانەیە پارە لە هەرێم نەخەنە کارەوەو سەرمایەکانیان بگوێزنەوە بۆ شوێنی تر.

ئەمە هەرچەندە ئاسایش سەرجەم بوارە جیاوازەکان لەخۆ دەگرێت، ئەوەی لێرەدا کارم تێدا کردوە، بریتییە لە ڕەشنوسێك و، ئەم بابەتە هەستیارە پێویستی بە دامەزراندنی دەزگایەکی گەورەی دامەزراوەیی هەیە لە هەرێمدا، کە هەتا نوسینی ئەم پڕۆژەیە ئەنجام نەدراوە، بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئاسایشی نەتەوەیی و، نیشتمانی بۆ هەرێم بەپێویستم زانی شیکردنەوەیەکی گشتی ئاسایش بکەمە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەبواری ئاسایشی نەتەوەیی کوردیی، کە هەتا ئێستە دەسەڵاتی سیاسی کورد وەك پڕۆژە کاری بۆ نەکردوە، لەوانەیە کەمتەرخەمی بووبێت، یان ئەم تیمایە هەتا ئێستە بەگرنگ وەرنەگیرابێت، لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەمە هەتا ئێستە بابەت نەبووە. بەڵام چیتر پێویستە دەسەڵاتی سیاسی کورد لە هەرێم پڕۆژەیەکی ئاوها گرنگ بخاتە بەرنامەی خۆیەوەو، کەسانی پسپۆڕو دڵسۆز کاری تێدا بکەن، پێویستە کورد خۆی وەك بەرنامە ڕێژی بۆ بکات، پڕۆژەیەك کە لەسەر ئاستی پەرلەمان و

حکومەت بنیات بنرێ، بەڵام هاوتەریب بەمەش لیستی کوردیش لە پەرلەمانی عێراق چالاك بێت بۆئەگەری پڕۆژەی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق ئەو کاتەی بخرێتە بەردەم پەرلەمانی ناوەندی بۆ دەنگان لە سەری، قسەی هەبێت لە سەر پڕۆژەکەی، لێرەدا دەردەکەوێت کە بابەتەکە بەشێوازی جودا لای لایەنە جیاوازەکان پێناسە و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، ئەمە دەبێت ببێتە ئەرکو کاری پەرلەمانی ئایندەی هەرێم و، هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش، پرسیارەکە هەمیشە ئەوەیە بۆچی ئاسایشی نەتەوەیی لە وڵاتێکدا بەرقەرا نییە؟

## ڕەهەند و بنەما بنچینەییەکانی ئاسایش:

کۆمەڵێك ڕەهەند و، بنەمای گرنگ هەن سەبارەت بە ئاسایش، لێرەدا ئاماژە بەهەندێکی ئەدەم کە بریتین لە:

یەکەم/ ڕەهەندی سیاسی: پارێزگاری لە کیانی سیاسی دەوڵەت دەکات.

دووەم/ ڕەهەندی ئابوری: کەش و، هەوای گونجاو بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی گەل و، تەوفیر کردنی ڕێگای پێشکەوتن و، رەفاهیەت بۆی.

سێیەم/ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی: مەبەستی رەخساندنی ئاسایشی هاوڵاتیان بە قەد ئەوەی گەشەپێدانی هەستکردن بەوەی کە سەر بوون و، پشتیوانیکردن زیاد دەکات.

چوارەم/ ڕەهەندی ئایدۆلۆژی: کە هزرو بیرو باوەڕەکان زامن دەکات و، داب و نەریت و، بەهاکان دەپارێزێ.

پێنجەم/ ڕەهەندی ژینگەیی: زامن کردن دژی مەترسییەکانی ژینگە بەتایبەتی دەرباز بوون لە شتی بێکەڵکی تور درا.

ئەمەو دارشتنی ئاسایش لەبەر ڕۆژشنایی چوار بنەمای بنچینەیی ساز دەبێت:

یەکەم: پەی بردن بە هەڕەشەکان چا دەرەکی بن یان ناوخۆیی.

دووەم: وێناکردنی ستراتیژیەتێك بۆ گەشەپێدانی هێزەکانی دەوڵەت و، پێویست بوون بەرەو دەرچوونی زامنکراو.

سێیەم: ڕەخساندنی توانای روبەروو بونەوەی دەرەکی و، ناوخۆ بە بنیاتنانی هێزی چەکدار و، پۆلیس، کە توانای بەگژدا چوون و، روبەروو بونەوەی ئەم هەڕەشانەی هەبێت.

چوارەم: ئامادەکردنی سیناریۆو کار ڕایی بۆ ڕوو بەڕوو بونەوەی هەڕەشە چا دەرەکی بن یان ناوخۆیی.

## چوار ئاستەکەی ئاسایش:

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە ئاستەکانی ئاسایش بدەم، کە بەپێی پسپۆڕان بریتین لە مانەی خوارەوە:

یەکەم: ئاسایش دژی هەر مەترسییە هەڕەشە لە ژیان یان موڵك و، ماڵ، یان خێزان دەکات.

دووەم: ئاسایشی نیشتمان دژی هەر مەترسییەکی دەرەکی یان ناوەکی دەوڵەت کە بەئاسایشی نیشتمانی ناو دەبرێ.

سێیەم: ئاسایشی بەکۆمەڵ، بەمەبەست چەند دەوڵەتێکە لە چوار چێوەی یەك ئیقلیمدا لە سەر ڕەنگرێژ بۆ ڕوو بەڕوو بونەوەی ئەو هەڕەشانەی لەناوەوەو دەرەوەدا، کە ڕوو بەڕوو دەبنەوە بەئاسایشی نەتەوەیی دەر دەبڕێ.

چوارەم: ئاسایشی نێو دەوڵەتی: کە ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی دەیگرنە ئەستۆ، جا ئەگەر کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەککگرتوەکان یان ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕۆڵیان لە پاراستنی ئاسایش و، ئاشتی نێو دەوڵەتی بێت.

## ئاسایشی نەتەوەیی بوارێکی گرنگ و، بایەخدارە:

بەکارهێنانی ئاسایش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، لەکاتێکدا کە شەپۆلێك لە ئەدەبیاتی دەرکەوت ئاسایشی نەتەوەیش هاتە مەیدان، گرنگی لە چۆنێتی بەدەستهێنانی ئاسایش و، دوورکەوتنەوە لە جەنگ و، ئەنجامەکانی، دەرکەوتنی تیۆریەکانی ڕەتکردنەوەو سەقامگیری دەکۆڵێتەوە.

دواتر پێکهاتنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لە ساڵی (١٩٧٤)، لەو بەرواروەوە چەمکی (ئاسایش) بە ئاستە جیاوازەکانیەوە بە پێی سروشت و، بارو دۆخیی هەرێمی و،

نێودەوڵەتی بەکار هێنراوە. ئاسایشی نەتەوەییبوارێکی زۆر گرنگ و، بایەخدارە لە ژیانی سیاسی دەوڵەتان و، گەلاندا، بیرۆکەیەکی نویٚ نییە لە مێژووی مرۆڤایەتی و، فەرهەنگی گەلان و، دەوڵەتاندا، بەڵام مێژوویەکی نوێیە لە زانستە سیاسیەکاندا، بەزۆری لە لایەن سیستەمە سیاسیەکان و، حکومەتەکانەوە بەکار هێنراوە، بەڵام کاریگەرتر لە سەردەمی دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیدا بایەخی گرنگتری بەخۆوە گرتوە، بەتایبەت دوای دووەم جەنگی جیهانی بەشێوەیەکی رەها، لە بواری ئاسایشی جەنگو تیرۆرەوە بوارەکانی ئاسایشی ئابوری و، ژینگەو کشتوکاڵو لایەنەکانی کۆمەڵایەتیشی گرتۆتەوە، لەناو ئەم سیستەمی ئاسایشەدا نەتەوەو گەلان و، کۆمەڵانی وڵاتێك، پێویستی بە ئارامی و، ئاسایش هەیە بۆ ناوخۆ کە گشت ئاستەکان دەگرێتەوە، هەروها لە هەڕەشەی دەرەکیش، وڵات پێویستی بە ئاسایش هەیە، دانیشتوانەکەی پێویستی بە ئاسایش هەیە، هەروەها ئاسایشی ئازادی سیاسی و، ئابوری، مافی مرۆڤ (مافی تاك و، کۆمەڵ) تەساموحی ئاینی، بەڵام سنوردانان بۆ فەناتیزمی ئاینی و، هەروەها بەرەنگار بونەوەی راسیزم و، فکری تۆتالیتاریزم. وزەارەتی ناوخۆ بەشی گرنگی خۆی بەردەکەوێت، هەمو ئەمانەش ڕێگان بۆ ڕاگرتنی ئاسایش و، سەقامگیری نێو خۆ پەیڕەوکردنی ئەو تێزەش کە ئازادی سیاسی ئاسایش دروست دەکات، بەڵام بەپێی هەلو مەرجی

سیاسی و، کۆمەڵایەتی، ئەو وڵاتو دەوڵەتە، ئاسایشی نەتەوەیی بەواتا ئاسایشی تاکەکانی کۆمەڵیش دەگرێتەوە، کێشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە لێکۆڵینەوەی ناوەڕۆکەکەیەوە دەست پێدەکات.

## ئاسایش چییە؟

لە دیدی وەزیری پێشووی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا "هنری کسینەجەر" ئاسایشی نەتەوەیی بەواتای هەرکردارێکی کۆمەڵ کە بەرێگایەوە تێدەکشێت بۆ پاراستنی مافی خۆی بۆ مانەوەی، یەکێك لەو کەسە ناسراوانەی کە دەربارەی ئاسایش نوسیویەتی بریتییە لە (ڕۆبێرت مکنمارا) وەزیری بەرگری پێشووی ئەمەریکی و، یەکێکە لە بیریارە مەزنەکانی بواری ستراتیژی، لە کتێبی "جەوهەری ئاسایش"، دەنوسێت: "ئاسایش بە واتای گەشەیە کە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و، سیاسی دەگرێتەوە، لە پاڵ پاراستنی ئەزمون". ئاسایشی راستەقینەی دەوڵەت لە مەعریفە قوڵەکەیدا بۆ ئەو شتانە هەڵدەقوڵێت کە هەرەشە لە توانا جۆراو جۆرەکان و، بەرەنگاربونەوەی دەکات، ئەو شتانەی کە دەیەوێت گەشە بەتواناکان بدات لە سەر ئاستی سەرجەم بوارەکاندا بۆ ئێستە و، بۆ ئایندە، ئاسایش دەبێت: فاکتەریی نەهێشتنی ترس بێت، ترس بەواتا گشتیەکەی لە بوارەکانی ئابوری و، سیاسی و،

کۆمەڵایەتی، ئیتربۆ سەر ئاستی ناوخۆ بێت یان دەرەکی، نەتەوەیەك ئاسایشی هەیە ئەگەر بەرژەوەندیە شەرعییەکانی خۆی نەکاتە قوربانی، توانای نەتەوەیەك کە بەها ناوخۆییەکانی خۆی لە بەردەم هەڕەشەی دەرەکیدا بپارێزێت، بۆ پاراستنی ئازادییە سەرەکییەکان و، مافەکانی گەل، پێویستە ڕەچاوی زەمان کردنی پێکەوە ژیانێکی ئاسایشانەی هەموو مرۆڤەکان بکرێت. هەروەها زەمان کردنی ئاسایشی دامو دەزگاکانی وڵات و، بەرەنگار بونەوەی تاوان، ئەم ئامانجە پێویستە بەهۆی نەهێشتنی لاوازی و، کەمو کوریەکان لە سیستەمی ئاسایشی نێوخۆ بەدەست بهێنرێت، بەواتا ئاشتی لە ئاسایشدا.

## هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی:

زۆر شت هەن کە لە سەدەی بیست و، یەکدا هەڕەشە لە ئاسایشی مرۆڤ دەکەن، لە وانە:

ئاسایشی خۆراك، ئاسایشی ئابوری. ئاسایشی سیاسی، ئاسایشی بواری ئابوری:

لە هەرێمی کوردستان –عێراق کە خاوەن حکومەتێکی هەرێمییە ئەم پێویستیە سیاسی و، نەتەوەیی و، ژیانییە، کە بریتییە لە دەزگایەکی بەتوانای ئاسایشی نەتەوەیی هێشتا نامۆیە، ئەو دەسەڵاتی سیاسی هەرێمەی کە لە زۆربەی بوارەکاندا وەك نیمچە دەوڵەتێك مامەڵە دەکات خاڵی جەوهەری سیاسەتی ستراتیژی ئاسایی نەتەوەیی بۆ هەرێمی کوردستان

دەبێت، بریتیی بێت لە مانەوەو بەردەوام بوون و، تێڕوانین بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، بەرژەوەندییەکانی گەل و، نشتمان، ئەو بەرژەوەندییانەی دەبێت دیاری بکرێن گەر بمانەوێ سیاسەتی ئاسایش بەرنامە ڕێژ بکرێ، مەسەلەی ئاسایش گرنگییەکی ژیانیە بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەت کە لەسەر خاکی خۆیدا دامودەزگایەکی نیمچە دەوڵەتی پێکهێناوە لە چوار چێوەی دەوڵەتێکی بەپێی دەستور عێراقێکی فیدڕاڵ دا، ئەو دەوڵەتەی کە هەرگیز لە مێژووی خۆیدا نەیتوانیوە ئاسایشی گەلێکی وەك ئەوەی کورد لە چوار چێوەی دەوڵەتییەکەیدا بپارێزێت، ئەمەش هۆکارێکە لە ئێستەوە پڕۆژەی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی و، نیشتمانی بۆ هەرێم ئامادە بکرێ و، لەسەر ئاستی نێو خۆ و نێودەوڵەتی مامەڵەی یاسایی پێوە بکات، بۆ دروستکردنی پڕۆژەو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی پێویستە باشترین تەکنەلۆژیاو باشترین پسپۆڕ و، دارایی تەواوی بۆ دابین بکرێت، دەست نیشان کردنی شارێکی گونجاو کە دەزگاکەی لێ دەکرێتەوەو بەباشترین شێوە پارێزراو بێت، جگە لەوە دەزگایەکی ئاوها پێویستی بەدروشمێکی گونجاو هەیە.

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ئاسایشی هەرێم:

کردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ئاسایشی هەرێم، پێویستی بە پێگەیاندنی پسپۆڕ هەیە، ناردنی کەسانی

گونجاوو ئەکادیمی و، سیاسەتمەداری لێهاتوو بۆ وڵاتانی دەرەوە، بەتایبەت بۆ خوێندنی ئەم بوارە بە باشترین شێوە کە هەموو لایەنە جیاواو پێویستەکان لەخۆ بگرێت، ئەنجامدانی پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاوها ژیانی و، لە قەوارەیەکی نەتەوەیی و، نیشتمانیدا و، دۆزینەوەی تواناکان کارو ئەرکی دەسەڵاتی سیاسییە، ئەو دەسەڵاتەی کە گەل دەنگی پێداوە بۆ ئەوەیە ئاسایش و، ئارامی نەتەوەیی و، نیشتمانیی ئەم بپارێزێت، نەك بۆ ئەوەبێت گەل ئاسایشی دەسەڵات و، حیزب بپارێزێت.

## فیدراڵیزم وەك یەکێك لە مۆدیلەکانی سیستەمی سیاسی بۆ راگرتنی ئاسایش و، ئارامی عێراق:

بۆ واقیعی مێژوویی و، سیاسی و، کۆمەڵایەتی دەوڵەتی عێراق، وەك چارەسەرێکی بنەڕەتی بە بیر و باوەڕی من تەنیا دوو رێگا هەیە ئەوانیش بریتییە لە: (فیدراڵیزم) یان (لەیەك ترازاندنی دەوڵەتی عێراق لە یەکتر)، پیادەکردنی سیستەمی فیدراڵیزم بۆ ئەم قۆناغەی ئێستەی عێراق بە گونجاو دەبینم بۆ سەقامگیری سیستەمی سیاسیو، دوور کەوتنەوە لە دەسەڵاتێکی بەهێزی ناوەندی مەترسیدار، بەڵام پرسیارەکەش لە هەمان کاتدا بریتییە لەوەی کە بۆ پراکتیزەکردنی فیدراڵیزم عێراق پێویستی بە مەرجەکانی (سەقامگیری و، دیموکراسیەت) هەیەو هەروەها بوونی هۆشیاری سیاسی و، کۆمەڵایەتی و،

ڕەزامەندی و، ئارەزو مەندانەی گەل بۆ ئەم ئامانجە، ئەم فاکتەرانە ڕۆل دەبینن لە پەیوەندی نێوان گەلانی نێو هەرێمەکان، ئەوەی پەیوەندی بە بارودۆخی عێراقەوە هەبێت گرنگە ناەندو هەرێمەکان ڕێکبکەون لە سەر چۆنیەتی دەسەڵاتی نێوان هەردوولا، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە. چونکە تێگەیشتن و، تێڕوانینی لایەنە سیاسیەکان (سونە و شیعە و کورد) سەبارەت بە فیدڕاڵیزم وەك یەك نییە، پێکەوە کارکردن لە سەرئاستە جیاوازەکان لە نێوان ناوەندو هەرێم دەبێت توندو تۆڵ بێت، بەواتا پێکەوە کارکردن لە سەر ئاستی ئاسایشی ناوخۆ لە سیستەمی فیدڕاڵی عێراقدا دەبێت بتوانێت باش کار بکات، بوونی ئاسایش لە هەرێمەکان دەبێتە بنەمایەکی گرنگ بۆ ئاسایشی هەموان، ئاسایش لە هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ کە بەسوود دەگرێتەوە بۆ ناوەندیش هەروەك چۆن هەموو ئەم سالانە ناوەندو ناوەڕاست و، خواروی عێراق سودیان لە هەرێمی کوردستان وەرگرتووە لە پرۆسەی ئاسایش دژ بە ڕێژمی بەعس و، دواتریش دژ بە تیرۆریزم، هەر بۆیە هەوڵی تێکدانی هەرێم لە لایەن ناوەندەوە بە واتا هەوڵی دروستکردنەوەی سیستەمێکی ناوەند دووبارە دەبێتە ئەو ئەزمونەی کە مێژووی سیاسی عێراق تێیدا فەشەلی هێناو ئەمەش لە خزمەتی ئاسایشی عێراقدا نابێت، ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم داوای دەکات لە فیدڕاڵیەت بەشێکی بەرچاوی هێزە عەرەبییەکان دژن، زۆربەیان

ئیسلامییەکانن یان عەرەب قەومییەکانن، تەنانەت (مەشهەدانی) وەك سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی عێراق فیدراڵیەتی بەپیلانی زایۆنیزم دادەنا، لە دیدارێکی (مەشهەدانی) بۆ هەفتەنامەی ئاێنە لە بەرواری (٢٠٠٩/٨/٢٢) لەوەڵامدا دەڵێت: "ئەوەی لە کوردستان هەیە فیدراڵی نییە، بەڵکو کۆنفیدراڵییەو دەوڵەتی ناوەندیی هیچ کارو دەسەڵاتێکی لە کوردستاندا نییە و، تەنانەت پرس و، راشی پێ ناکرێت، ئەمەش نابێت و، دەچێتە چێوەی دەوڵەتی کۆنفیدراڵیەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر کورد کۆنفیدراڵیی دەوێت ئەوە با داوای بکات‌و ئازادە، بەڵام ئێمە هاوکاریان نابین‌و خۆیان بەرپرسن لە ئەنجامەکانی، بەڵام گەر یەکگرتنی ئارەزوومەندانەشیان دەوێت ئەوە دەکرێت قسە بکەین لەو چوارچێوەیەدا چۆن ئاسودەن با ئاوا بکەن، بەمەرجێك نەبنە یاریدەدەریی ئەجێندای دەرەکییەکان‌و میکانیزمێکی ئەوتۆمان هەبێت سەر نەکێشێت بۆ جیابونەوە، مەشهەدانی: ئەگەر فیدراڵیزم لە سەر رێچکەی ئێستا بەردەوام بێت ئەوە دەبێتە فاکەریی تێکدان و، ئاژاوەگێریی، چونکە بەپێی ئەم سیستەمەی ئێستا دەبێت ئێمە عێراق بەش بکەین بۆ فیدراڵیزمی سونی‌و فیدراڵیزمی شیعی، ئێمەش ئەمە قبولْ ناکەین‌و شتێکی بێزراو و، قێزەونەو سەرەتای پێکدا هەڵپژانە، بەڵام ئەگەر بەفیعلی چارەسەری نیشتمانیمان بوێت، ئەوە پێویستە تەنها فیدراڵیزمی عەرەبستان و، کوردستان هەبێت لە عێراق و، بەس. ئەگەر کار لە

سەر وردکردنەوەی عەرەبستان بکرێت بۆ سوننە و، شیعە ئەوە خەلەلە، چونکە لە کوردستایش سوونەو شیعە هەیەو ئەگەر کار وەها بڕوات تورکیا پشتی سوونە دەگرێتو ئێرانیش پشتی شیعەو سەرەنجامیش عوسمانیو سەفەوی سەر هەڵدەداتەوە".

## فیدراڵیزمی سویسرا وەك نمونە بۆ عێراقو گرنگی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و، نیشتمانی:

لەناو دەوڵەتی سویسرا سێ نەتەوەی سەرەکی تێدا دەژی کە برتیین لە: (ئەڵمان و، ئیتاڵی و، فەرەنسی) هەستی سویسریەت لەناو ئەم نەتەوە جیاوازانەدا بوونی هەیەو زاڵە، هاوڵاتییەکی سویسری بەقەناعەتەوە دەڵێت من سویسریم، دواتر دەڵێت: من ئەڵمانیی سویسرام، یان ئیتاڵی، یان فەرەنسی سویسرام، بەڵام ئایا هەستی عێراقی بوون لە ناو کوردی عێراقدا چۆنە و، چەندە؟ ئەگەر نەبوە هۆیەکانی لەچیدا بووە؟ ئەگەر گەلانی عێراق بگەنە ئەو ئاستو قەناعەتەی بتوانن بە ئاشتی و، بەیەکسانی و، بێ سنور پێکەوە بژین و، لە یەکتر فێربن و، بەرهەمە نەتەوییە و، کەلتورییەکانیان لەگەڵ یەکتردا بگۆڕنەوەو، سنوری لە یەك ترازانی مرۆڤ نەمێنێت و، بەهاوبەش ناخۆشیە کۆمەڵایەتی و، رۆحی و، ئابوریەکانی یەکتر کەم بکەنەوە، لە ناو سیستەمێکی گونجاودا لە پیادە کردن و بیرکردنەوەیەکی ئەقلانی، ئەوە سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت نەك تەنا بۆ گەلانی

عێراق، بەڵکو دەبێتە مۆدێل بۆ گەلانی تری ناوچەکەش، پڕۆسەیەکی ئاڵۆز بەڵام یەکێك لە ئالتەرناتیڤەکان بۆ ئاشتی و، ئاسایشی نیشتمانی و، گەلان، بەڵام ئایا هەتا ئەو کاتەی کە لەوانەیە گۆڕانی فکری بەسەر پێکهاتەکانی عێراق دا بێت، بۆ ئەم ئامانجە چ گەرەنییەك هەیە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان؟ چاوەڕوان کردن بۆ ئایندەیەکی نادیار لە وڵاتێکی قەزاو قەدەری وەك عێراق گرەو کردنەو لە سەر ئەسپی دۆڕاو، کام دەوڵەت و، چی بۆ کردوم هەتا شانازیی پێوە بکەم؟

دووبارەی دەکەمەوە سیستەمێکی فیدڕالیزم گونجاو یانەبێتە ئالتەرناتیڤ و، بەپلان کاری بۆ دەکرێت یان ئەوەیە دەوڵەتی عێراق لە یەکهەڵدەوشێنێتەوە و، سیاسەت تەوافوق لە دەستوردا نییە، هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەیە، دوبارە بوونەوەی سیستەمی ناوەند دوبارە بونەوەی مێژووی رەشی عێراقە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە نەتەوەکانی سویسرا دوای ئەنجامدانی ریفرەندۆم لە سەر بنەمایەکی ئارەزو مەندانە بڕیاری پێکەوە ژیانیان لەگەڵ یەکتردا داوە لە ناو یەك دەوڵەت دا، ئەو شێوە سیستەمە سیاسیی و، کۆمەڵایەتیەیان پێك هێنا کە کاری پێ دەکەن، تەنانەت شێوەی بیرکردنەوەی ئەڵمانییەکی سویسری وەك ئەڵمانییەکی ئەڵمانیا نییە، ئایا بڕیاری مانەوەی ورد لە ناو عێراقدا بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بڕوابوونە، ناچارییە، تاکتیکە، یان ستراتیج، کوردستانی بوونە لە واقعدا و، عێراقی

بوونه له ناچاریدا؟ ئایا مانەوەی کورد له ناو چوار چێوەی عێراقدا لەم قۆناغەدا بە بەرژەوەندیی کورد دەگەڕێتەوە لە ڕووی ئابوری و، سیاسی و، نێودەوڵەتی و، ئاسایشەوە؟ بۆ نمونە: ئەگەر کێشەیەکمان لەگەڵ تورکیا هەبێت ببێتە کێشەیەکی عێراقی –مەرکەز و، نێو دەوڵەتی، نەك کورد بە تەنیا و، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی لاوازی بۆیدا چارە نوسی کوێتی بەسەر دابێت، ئایا ئەو ڕێکەوتنە ئەمنییەی نێوان دەوڵەتی عێراق و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەم ئاسایشەی کورد دەپارێزێ؟ ئایا بارودۆخی ئاسایشی هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت دو کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق؟

## ئاسایشی هەرێم لە سایەی قۆناغی ئێستەی عێراق:

سیاسەت و، فەلسەفەی دەوڵەتی عێراق هەمیشە لە سەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە دەوڵەت دەوڵەتێکی ناوەندی بێت و، لەم دیدەوە کۆنترۆڵی سەرجەم عێراق بکات، هەر بۆیە هەموو بزوتنەوە یەکی تری وەك ئەوەی کورد لە عێراقدا وەك هەرەشەو مەترسی وەرگرتوە بۆ سەر ئاسایشی عێراق و، خودی دەسەڵاتەکەی ناوەند، ئەم سیاسەت و، بیرکردنەوەیە لە ساڵی (١٩٢١)وە هەتا ئێستە بەم شێوەیە بوە، شێوەی پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق هەر لە سەرەتاوە هەڵە بووە، پشتگیری لە کەمینەیەکی سیاسی کرا بۆ سەر دەسەڵات و لایەنەکانی تر پشت

گویْ خران، بەڵام ئەوەی بایەخی پێدرا بەرژەوەندیی ئابوری و، جیۆپۆلەتیك بوو بۆ كۆڵۆنیالیزمی بەریتانی، هەڵەیەك، یان سیاسەتێكی عەمدی كە هەتا ئەمڕۆكە ئەنجامی سەخت و، قورسی لیْ كەوتۆتەوە بۆ عێراق بەگشتی، كۆمەڵی كوردی لە هەستو ناسنامە و، بیركردنەوەی كوردایەتی خۆیدا هەرگیز خۆی بەبەشێك لە عێراق دانەناوەو هیچ كات هەستی بە عێراقیبوونی تێدا نەبووە، بەڵكو خۆی بەبەشێك لە نەتەوەی كورد دادەنێت كە وڵات و، گەلەكەی لە لایەن كۆلۆنیالیزمی ناوچەو ئەوروپیەوە بەزۆرو بەپێی بەژەوەندیی ئەو لایەنانە دابە شكراوە، دیارە نەبوونی هەستی عیراقیبوونی كورد بیْ هۆنییە، عەرەبی سونە لە عێراقدا ناسنامەی عەرەبی ونەتەوەیی خۆی زیاتر بە ئاراستەیەكی ئاسیۆنالیستیدا دەبینێتەوە، نەوەیەك و، وڵاتێك كە بەواقع و، لە دیدی ئەمیشدا لە لایەن كۆلۆنیالیزمی ئەوروپییەوە دابەش كراوەو بەم شێوەیە نوێنەرایەتی پان عەربیزم دەكات، بەتایبەت لە ناوچەكانی وەك عێراق و، سوریا و، لوبنان دا هەست و، بزوتنەوەی پان عەربیزم بەهێزترە، گەرنا بەعسیزم دروست نەدەبوو، نوێنەرە سونەكانی ئەم ئاراستەیە لە دەرەوەو لە ناو پەرلەمانی عێراق لەگەڵ دروست بوونی عێراقێكی فیدراڵ نین، لەم دیدەوە بوونی هەرێمێكی كوردستان وەك سەرەتایەك دەبینن بۆ دروست بونی دەوڵەتێكی كوردی، ئەو دیدەی كە عێراق بەبەشێك لە نیشتمانی عەرەب دەبینێت، بۆ

عەرەبە ناسیۆنالیستەکان کورد هاوپەیمانێتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەکات. عەرەبی شیعە بە پلەی یەکەم شیعەگەری دەکات، بەڵام عەرەبچێتیش دەکات، بەشێکی بەرچاوی شیعەکانی عیراق هەستی مەزهەبیی خۆیان بەستۆتەوە بە شیعەی ئیران، هەندێك لە لایەنە سیاسیەکانی شیعە سیاسەتی دەرەوەی خۆیان پابەند کردوە بە ئیرانەوە، وەك ئەوەی کوتلەی سەدر ئیران بۆتە مەرجەعێکی گرنگی شیعەکانی عێراقیش، ئەگەر بەدەست ئەم لایەنانە بێت حکومەتێکی ئیسلامی شیعەیان دەوێت لە عێراقدا، شیعە مەزهەبێك کە زۆرایەتی عێراق پێك دەهێنێت و، هەرگیز لە مێژووی خۆیدا نەیتوانیوە بەشداری دەسەڵات بێت لەم دەوڵەتەداو هەمیشە لە پاڵ سێبەری دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدا ژیاوە، نە سونەو عەرەبە ناسیۆنالیستەکان، نە مەسیح مەزهەبەکان، و، نە ڕۆئاواش ئارەزووی لەوە نەبوە کە شیعە لە عێراق دا دەسەڵات بگرێتە دەست، کەواتە ئەو بنەمایانە چین کە گەلانی ناو عێراق بە یەکترەوە ببەستێتەوە؟ ئایا وشەیەك هەیە کە ناوی گەلی عێراق بێت؟

شیعە وەك پێویست دان بە کورددا نانێت، سونە و، شیعە مەزهەب لەگەڵ یەکتردا هەڵناکەن، عەرەبە ناسیۆنالیستەکان دان بە مافی کورددا نانێن، مەسیح ئاینەکان و، تورکومانەکان بەهەمان شێوە تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە، بەو واتایەی (هەموو لە گەڵ یەکترداو هەموش دژ بەیەکتریش) ئەمانە هەموو هۆیەك

بووه كه ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی سەردەمی بەعس هەرگیز نەیتوانیوه یەكگرتوو بێت و، هاوپەیمانێك‌و ستراتیژییەتێكی هاوبەشی نیشتمانی نەبوه، هەر بۆیه رژێمی سەدام حسین به ئاسانی دەیتوانی بەرەنگاری ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی ببێتەوەو كەڵك لەو بارودۆخه نائاساییەی پێكهاتەی سیاسی و، كۆمەڵایەتی و، مەزهەبیی ئۆپۆزیسیۆن و، كۆمەڵی عێراق وەربگرێت بۆ بەرژەوەندی خۆی، بۆ مانەوەی له سەر دەسەڵات ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی به یەكترەوه بەستبوو تەنیا له دژایەتی كردنی رژێمی سەدام حسین دا خۆی دەنبینییەوه، بەواتا ئەم بۆچون و، بیركردنەوەو بارو دۆخەی ئێستە كه له ناو بەرەكانی تری دەرەوەو ناو پەرلەمانی عێراقدا بەرامبەر كورد دەیبینین رێكەوت نەبوەو هەندێكی بەوەكالەت دەیانەوێ دەسەڵاتی سیاسی كورد لاوازو بچوك بكەنەوەو عێراق به ئاراستەیەكی تردا بەرن، ئەگەر عێراق بەپێی دەستور بكرێته دەوڵەتێكی فیدڕاڵی و، به پراكتیك كاری پێ بكرایه ئەوا دەبوایه هەموو ناوچه كوردییەكان له یەك هەرێمدا كۆ بكرایەتەوه و، كورد بەگشتی خوازیاری یەكگرتوویی هەرێمی كوردستانه، نەك بەشێكی له لایەن ناوەندەوه خۆی داگیر بكرێ، له چاو پێكەوتنێكی سەرۆكی هەرێم مەسعود بارزانی له گەڵ ڕۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەتدا دەڵێت: " گومانم هەیه له وەی بەر پرسه عێراقییەكان له بەغدا له ڕووی موومامەرسەی عەمەلییەوه كورد

بەشەریکی حوکمی عێراق بزانن، ئەدای حکومەتی عێراق شتێکی نامۆیە، ئێمە هاوبەشین بەڵام ڕۆڵمان نییە لە حکومەتدا، هاوبەشیش نین لە مەسەلە ئەمنیی و، ئابوریی و، سەربازیەکاندا و، هیچیش دەربارەی ئەوە دامەزراوانە نازانین".

لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتی سیاسی هەرێم زیاتر لە دوو سەد هەزار هێزی چەکداری هەیەو تۆمار کردوە بۆ بودجە لە سەر حکومەتی مەرکەزی، ئەم ژمارە گەورەیە کە سەر بەیەکێتی و، پارتین، ئایا بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییە یان بۆ چی؟ بەڵام ئەم لێدوانەی سەرۆکی هەرێم دەکرێ بیکەینە پەیام بۆ واقعی پێویستی بوون بە پرۆژەو دەزگایەکی ستراتیژی ئاسایشی نەتەووەیی بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر، بەڵام لە سەر مۆدیلێکی واقیعی، بەڵام بۆچی دەسەڵاتی کوردی لە سەر ڕۆشنایی ئەم واقیعە هەتا ئێستە هەنگاوی عەمەلی نەناوە بۆ ئەم ستراتیژە؟ لێرەدا بۆ بارو دۆخی ئەم قۆناغەی ئێستەی کورد لە عێراق دیموکراسیەت و، ڕێکەوتنی تەوافوقی چارەسە بۆ پاراستنی هەندێ لەم ئاساییشە، چونکە کورد بە دەنگی زۆرینەی کەمینەیەك سەرکەوتو نابێت لەم هاوکێشەیەدا، هەرچەندە ئەم تەوافوقیەش بێ کێشە نەبوە، بەڵام ئایا تەوافوقی دیموکراسیەت و، سیاسەتێکی هەمیشە دەبێت؟ ئەمە واقیعی عێراق و، هەرێمی کوردستانە لە دەوڵەتی ئەمڕۆی عێراقدا.

بۆ ئەم قۆناغەی ئێستەو ئایندەی نزیك گەرەنتیەك نییە بۆ ئەوەی کە پێکهاتەکانی عێراق لەم سروشتەیدا لە ڕووی ئەوەی کە عێراق دەولەتێکی دەستکردەو نەتەوەیی نییە بەم بیرکردنەوە مەزهەبی وسیاسیەی ئێستەی ناتوانێت ببێتە خاوەنی پڕۆژەیەکی نەتەوەیی و، نیشتمانی، عێراق بەسەر جەم پێکهاتەکانیەوە، پڕۆژە ئەمینەکەی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق موفق ربیع پەیامێکی باشە بۆ تێگەیشتن لەم ڕاستیە، ئایا گرنگی ئەوە لەچیدابوو دەسەڵاتدارانێکی کورد کار بۆ دروستکردنەوەی عێراقێکی نوێی لە ڕووی یاسای نێو دەوڵەتیەو هەڵوەشاوی دوای بەعس بکات؟ ئایا پڕۆژەیەکی لەم جۆرە ئاسایشی نەتەوەیی موفق الربیعی کە بۆ چوار ساڵ دانراوە لە مانگی تەموزی (٢٠٠٧) هەتا کۆتایی ساڵی (٢٠١٠) دەتوانێت بەم هەلو مەرجە ئاڵۆزەی ئاماژەی پێدا لەماوەیەکی ئەوەندە کورتدا ئەو ئامانجانە بپێکێت، کەپڕۆژەکەی باسیان لێوە دەکات بەهەموو ئەو کێشەو کەمو کورتیانەی تێیدان؟ راستە عێراق بەشەوێك نابێتە سویسرا، بەڵام نیەتی باش و، پراکتیزە کردنی دەبێت ببینرێت.

## کام ناو لەم ستراتیژییە بنرێت؟

کورد لە هەرێمی ڕەخنەی لە سەر ناوی پڕۆژەکەی ڕاوێژکاری ئاسایش نەتەوەیی عێراقی (موفق ربیعی) هەیە، کە دەبوایە ناوی ئاسایشی نیشتمانی بوایە نەك نتەوەیی، چونکە

عێراق دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیە، ئایا لە بەر ڕۆشنایی ئەو واقعەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، وەك کەمە نەتەوەکانی عەرەب کلدۆ ئاشوری و، ئەرمەن‌و هەروەها کەمایەتییەکانی وەك تورکمان، ئایا دەزگای ئاسایشە نەتەوەییەکە بە نەتەوەیی یان بە نیشتمانیش ناوبرێت؟ ئەم واقیعە پێویستە بخرێتە بەر وتووێژ بۆ نەکەوتنە ژێر ڕەخنەو فشاری نێو خۆو ئیقلیمی و، نێو دەوڵەتی لە لایەکەوەو لەلایەکی ترەوە ئایا ئەمەی دواییان ریالیستانەتر نییە؟ دەوڵەتەکانی وەکویالەیتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، سویسراو بەلجیکا فرە نەتەوەیەو ئاسایشەکەشی ناوی "ئاسایشی نەتەوەیی" یە، راستە ئەمانیش وەك کورد لە عێراق دا هەڵگری هەمان ناسنامەی دەوڵەتەکەیە، بەڵام مافەکان بەگشتی و، مافی هاوڵاتیبوون پارێزراوون.

## ئاسایشی کورد لە سایەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەو بەڵگەیە نەیتوانی ببێتە لایەنێکی راستەوخۆ بۆ کورد لە کاتی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی رژێمی عێراقی بەعس لە هەڵەبجە، چونکە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی بە کێشەیەکی نێو خۆی دەوڵەتی عێراق دانرا، بەواتا لە بەر ئەوەی کورد دەوڵەتی خۆی نییەو کورسی نییە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا کرایە کێشەیەکی ناوخۆی عێراق، دەبوایە حکومەتێك بۆ ئەم مەبەستە، بۆ

دانوستان دەربارەی هێماو ڕوداوەکە بەرەسمی داواکاریەکی پێشکەش بەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بکردایە، داواکاریەك کە هیچ لایەنێك نەیکردو رژێمی بەعسیش بێ سزا لێی دەرچوو، داخۆ حەزی کورد بۆ بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و، ئاسایشێکی سەربەخۆ لە سەر بنەمایەکی ئەم واقیعە تاڵە نییە؟

## فاکتەرەکانی راگرتنی ئاسایشی نەتەوەیی لە عێراقدا:

کۆمەڵێك فاکتەر هەن کە گرنگن بۆ راگرتنی ئاسایشی نەتەوەیی لە عێراق وەك: دیموکراسی: (جودا کردنەوەی سێ دەسەلاتەکە لە یەکتر) و، بە دامو دەزگا کردنی عیراق، مافی مرۆڤ -مافی ژن و، منداڵ و، تاك لە کۆمەڵدا- مافی نەتەوەو کەمایەتییەکان، فیدراڵیزم لە عێراقدا وەك رێگا چارەیەکی ئەم قۆناغە بۆ راگرتنی هاوسەنگی لە عێراقدا، راگرتن و، پیادەکردنی دیموکراسیەتی تەوافوقی، پاراستنی ئابوری و، سامانی وڵات وەك موڵکی نەتەوە کە دادپەروەرانە مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت، بوژانەوەی پیشەسازی و، نەهێشتنی هەژاری و، دادپەروەری کۆمەڵایەتیی و، ئابوری، پاراستنی ژینگەو چارەسەر کردنی کێشەی وزە، بەرگری کردن لە وڵات لە هەرەشەی دەرەکی، ئەمانەو زۆری تر وەك بابەتی هاوڵاتیبوون، کێشەی ئاو..تاد، سنوردانان بۆ دیاردەی تیرۆریزم، ئەمانە هەمووی گرنگن بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و، نیشتمانی لە عێراق بۆ ئەوەی مرۆڤ

ناچاری ئەوە نەبێت پەنا بەرێتە بەر زەبرو زەنگ بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی، بە پێی توانا دوورکەوتنەوە لە تیۆریی و، ئەفکاری جەنگ بۆ نێو خۆو بەرامبەر دراوسێکانیشی، ئەمانە هەمووی بابەتی ئاسایشن و، کاریگەری خۆیان هەیە لە سەر ئاسایش، کەواتە: ئاسایش بەتەنیا کێشەی جەنگ و، تیرۆر نییە، بەڵکو زۆر زیاتر لەوە.

# ئاسایشی نێو دەوڵەتی

لە سەردەمی جەنگی سارددا و، کێبرکێی چەکی ئەتۆمی نەك بەتەنیا هەردوو بلۆکی ڕۆژهەلاّت و، ڕۆژئاوا، بەڵکو ئاسایشی جیهان هەموو لە مەترسیدا بوو، پاراستنی مرۆڤەکانی جیهان لە بەردەم جەنگی ئەتۆمیدا و، هەڕەشەی داگیرکردنی ولاّتان و، بەرپاکردنی جەنگ و، تیرۆرو قەیرانی ئابوری نێودەوڵەتی و، ژینگە لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی، هەموو ئەمانە پەیوەندی بە بواری ئاسایشی نێودەوڵەتیشەوە هەیە، چارەسەرکردن و، تەشەنە نەکردنی ئەرکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش بووە، بەپێی یاسا نوسراوەکانی، بۆ پشتگیری لە بۆ چوونەکەم لێرەدا ئامارژەیەکی کورد بە بەبایەتێك ئەدەم کە بریتییە لە باری دانیشتوانی سەر گۆی زەوی و، قەیرانی ژینگەو ئەنجامەکانی بۆ سەر ئاسایشی نێو دەوڵەتی.

## ژینگەو گەشەکردنی دانیشتوانی زەوی و، پەیوەندی بە ئاسایشی نێو دەوڵەتییەوە:

وێنەی ژمارەیەك باری گەشەکردنی دانیشتوانی زەوی نیشان ئەدات: لە ساڵی (سفر) ژمارەی دانیشتوان بەپێی پسپۆڕانی لەم بوارە نزیکەی (٢٥٠) ملیۆن کەس بوە، لە ساڵی (١٩٥٠) گەشی کردوە بۆ (٥٠٠) ملیۆن مرۆڤ، (٢٠٠) ساڵ دواتر

بەواتا لەساڵی (١٨٥٠) بۆتە یەك ملیارد، و، لەساڵێ (١٩٨٥) بریتیی بووە لە (٥) پێنج ملیارد کەس.

لەو (١٩٨٥) ساڵەدا ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی کە نزیکەی (٥) پێنج ملیارد زیادی کردوە لە وێنەکەدا دەیبینین کە شێوازی گەشە کردنی ئامرازی بەرهەمهێنان و، تەکنەلۆژیاش گەشەی کردوەو گۆڕاوە، لە ساڵێ سفر لە کێلانی زەوی بە ئامرازێکی سەرەتایی، سروشت زۆر چڕوپڕ بووە، لە گەڵ گۆڕانی تەکنەلۆژیاو ژمارەی دانیشتوان گۆڕان لە سروشتیدا بەدی دەکرێت لە کەمبونەوەی سەروزایی و، دارو درەخت و، پیس بوونی ژینگەش لە گەڵیدا، تەقینەوەی ژمارەی دانیشتوان بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێی گرتۆتەوە، ئەم تەقینەوەی ژمارەی دانیشتوانە لە وڵاتە دواکەوت و، تازە گەشەکردوەکان بێ هۆ نییە، جگە لە فاکتەری ئاین کە منداڵ دیاری خودایە و، ئاین ریگا لە مەنعی منداڵ نەبوو دەگرێت، بەڵام هۆ سەرەکییەکان هۆی ئابوریین بەوەی کە خەڵکیی، کە خێزان زەمانی کۆمەڵایەتی دوا ڕۆژیان نییە، بەم هۆیەوە منداڵ زۆر بوون سەرچاوەی کارو کاسپییە، بەتایبەت کوڕ کە بەزەمانی دواڕۆژی خێزان دەبینرێت و، سەرۆکایەتی ماڵیش بگرێتە ئەستۆ.

ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی (١٩٥٠) بریتی بوو لە (٢، ٥) ملیارد مرۆڤ کە هەر مرۆڤێك (٥٦٠٠) مەتر دوجا زەوی بەرکەوتوە، لە ساڵی (٢٠٠٠) ژمارەی دانیشتوان گەیشتۆتە (٦،

۱) مليارد و، هەر مرۆڤێك (۲، ۳۰۰) مەتر دووجا زەوی بەرکەوتوە، لە ساڵی (۲۰۵۰) ژمارەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی دەگاتە (۹، ۱) مليارد مرۆڤ، و، هەر مرۆڤێك (۱، ۵۰۰) مەتر دووجا زەوی بەردەکەوێت، بەواتا لە چل ساڵی تر زەوی دەبێت نزیکەی (۳) مليارد کەس زیاتر بگرێتە خۆی، لە (۲۰) ساڵی ئاینده پێویستی خواردن بۆ جیهان بەرێژەی (٥۰٪) بەرز دەبێتەوە، ئایا ئەم بارودۆخە چۆن دەبێت ئەگەر ژمارەی دانیشتوان بگاتە (۱٥) یان (۲۰) ملیاد مرۆڤ، بەم بارودۆخە خراپەی ئەمڕۆ مرۆڤایەتیەوە، مرۆڤ بەم سروشتە چاوچنۆکیەیەوە، مرڤایەتی دەبێت لە سەر لە (۳۰٪)ی گۆی زەوی بژی چونکە ئەوەی تری ئاوە، ئەم رێژەیەش هەمووی گونجاو نییە بۆ ژیان، روبەروی دوورگەی سەحرای گەورە برتییە لە (۹) ملیۆن کیلۆمەتر دووجا کە بۆ ژیان گونجاو نییە، لە وولاتێکی وەك چین کە دانیشتوانەکەی زیاتر لە یەك مليارد مرۆڤە دەبێت (۳/٤) دانیشتوانەکەی لە سەر (۱/٤)ی روبەری چین بژی، چونکە تەنیا ئەو ناوچەیە گونجاوە بۆ کشتوکاڵ و، کێڵاندنی زەوی، بە باران نەبارینێکی بۆ نمونە دوو ساڵە برسیەتی لەم وڵاتەش روو ئەدات، هەموو ئەمانە لە جیهانێکی وەك ئەوەی ئەمرۆ کاریگەری بۆ سەر ئاسایشی نێو دەوڵەتی هەیە کە ئەنجامەکەی بۆ هەموانە.

## ئەو لایەنە کوردیانەی لە هەرێم بەشدارن لە دەزگای ئاسایشی نەتەوەییدا:

* وەزارەتی ناوخۆ.

– ئاژانسی کاروباری پۆلیس

– ئاژانسی کارو باری ئیداری

– ئاژانسی زانیاری و، لێکۆڵینەوە نیشتمانییەکان.

* ڕاوێژکاریەتی ئاسایشی نەتەوەیی

– راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان

–جێگری راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان

– راوێژکاری سەربازی

– بەرێوەبەری گشتی سیاسی و، ئابوری

– بەرێوەبەری گشتی یاسایی

– راوێژکارتی ئاسایشی ناوخۆ

– بەرێوەبەریەتی گشتی سیاسەتی نێودەوڵەتی

– راوێژکاری راگەیاندن

– جێگری بەرێوەبەری گشتی ناوەندی پاندانان

– سکرتێری لیژنەی وەزاری بۆ ئاسایشی نەتەوەیی

– سکرتێری لیژنەی وەزاری بۆ ئاسایشی نیشتمانی – ئاژانسەکان

*** وەزارەتی بەرگری**

**– بەرێوەبەرایەتی گشتی ئیستخبارات و، ئاسایش**

**– بەڕێوە بەرایەتی ئیستخباراتی سەربازی**

*** جیهازی موخابات**

*** وەزارەتی داد**

*** وەزارەتی دارایی**

*** وەزارەتی دەرەوە، دانانی دەزگاکان بەپێی پێویستی هەرێمی کوردستان یێت[٩].**

---

٩ – کۆمەڵێك پسپۆڕ، ئاسایشی نێو دەوڵەتی، و:قادر وریا، هەولێر، ٢٠٠٦. سایتی سبەی (٣١/٧/ ٢٠٠٨).

# هەواڵگری

هەواڵگری لە ئەنجامی کۆکردنەوەی هەموو ئەو زانیاریانیە دەستت دەکەوێت و، پاش شیکردنەوە و، دابەشکردن و، هەڵسەنگاندن و، ڕاڤەکردنیان دێتەبەرهەم.

ئەو زانیارانە پەیوەندی بە ناوچەیەك یان چەند ناوچەیەك یاخود وڵاتێك هەبێت، چەند ڕوانگەو ڕەهەندێکی جیاجیا لەخۆ دەگرێت وەك: ئابوری، سیاسی، سەربازی، جگەلەوانەش. بەڵام هەواڵگری سەرکی بریتییە لەم بەشانە:

١- هەواڵگری هەمیشەیی و، چەشنە هەمیشیەیی: پەیوەندی بە ناوچەکانی دوژمنەوە هەیە، لە زەوی پڕۆسەو کردە سەربازییەکان دەکۆڵێتەوە.

٢- هەواڵگری بۆ زانیاری وەرگرتن لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك: لە چۆنێتی گوزەرانی هاوڵاتیان دەکۆڵێتەوە و، کار لەسەر جەنگی دەروونی دەکات، لەکاتی ئاشتیدا هەموو زانیاریەکان لەسەر ئەو شوێنە کۆدەکاتەوە، بارودۆخی سیاسی و، ئابوری دوژمن بەدەست دەخات.

٣- هەواڵگری ئابوری: بەشێکە لە هواڵگری بازاڕی، چارەسەری دەست تێوەردانی سەرچاوە ئابوریەکای و، سروشتی و، پیشەسازی و، کارگەکان دەکات.

٤- هەواڵگری ئاسایشی ناوخۆیی: ئەو هەواڵگریەیە کە بەهۆیەوە لە سەرجەم مەترسییەکانی ناوخۆی و، دەرەکی ئاگاداردەبین و، زانیاریمان لەسەر جوگرافیای ناوچەکە و، گەل ونەتەوەکانی دانیشتو تیایدا دەداتیٚ.

٥- هەواڵگری جەنگی ئەتۆم و، ناوەکی و، بایلۆژی و، کیمیاوی: ئەو هەواڵگریەیە ئاگادارمان دەکات لەو چەك و، کەسەرتە سەربازیانەی پەیوەندیان بە کیمیاوی و، ئەتۆم و، چەکی بالیۆژیەوە و، لە دەستی دوژمنە، ئەمەش بەکار دێت بۆ ئەوەی لە سەرجەم جوڵە و، نۆرینەکانی دوژمن ئاگاداربین.

٦- هەواڵگری جەنگی دەروونی: ئەم بەشەی هەواڵگیری پەیوەندی بەسەرکردەو فەرماندەکان و، کەسی سیڤیلیش و، بارودۆخی ئاسایش و، سیاسی و، سەربازییەوە هەیە، کار لەسەر بازاڕو گوزەرانی خەڵك و، سەربازەکان دەکات.

٧- هەواڵگری سەربازی: پەیوەندی بە کۆکردنەوەی زانیارییەوە هەیە لەسەر هێزی دوژمن، شیکردنەوەی تواناو کەرەستە سەربازییەکانیان، کارکردن لەسەر ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر تاکەکان و، جەنگاوەرانی لەشکری بەرامبەر، هەروەها ڕێگری کردنی دوژمن بۆ بەدەست نەهێنانی ئەو زانیاریانە لەسەر سوپای خۆمان.

٨- هەواڵگری کەناراوەکان: ئەو زانیاریە پێویستانەیە لەسەر پانی و، درێژ و، بەرزی و، نزمی و، پێکهاتەی زەوی و،

شوێنەکانی زەوی داواکراو بەدەست دەهێنرێت و، لەگەڵ هۆکارەکان ڕێگری لە کێوماڵکردن و، هۆکارەکانی بەرگری کردن لێی.

٩- هەواڵگری چالاکی: سەرجەم ئەو زانیاریانە کۆ دەکاتەوە پێویستن بۆ دانانی پلانێکی گونجاو بۆ سەرجەم چالاکییەکان و، چۆنێتی پیادەکردنی ئەو چالاکییە.

١٠- هەواڵگری جەنگی: سەرجەم زانیاریەکانی تایبەت بە دوژمن و، کەش‌و هەواو و، بەربەستە سروشتییەکان کۆدەکاتەوە و، گرنگیان پێدەدات بۆ دانان پلانی جەنگ.

١١- هەواڵگری ناوخۆیی: تایبەتە بە ئاسایشی ناوخۆیی، کۆکردنەوەی زانیاری و، بەدەست هێنانی هۆکار هەموو جوڵەیەکی ناوخۆی و، چالاکی هەموو تاکەکانە، بۆ پاراستنی ئاشتی و، ئارامی ناوخۆی.

١٢- هەواڵگری زانستی: گرنگی دەدات بەسەرجەم ئەو دەستکەوتە زانستییە سەربازییانەی کە هێزی بەرامبەر بەدەستیان هێناوە و، گەڕان بەدوای دژە دەستکەوتەکەدا[١٠].

---

[١٠]- معجم المصطلحات العسكرية: العميد/ سامي عوض، دار اسامة للنشر والتوزيع، اردن – عمان، الطبعة الاول، ٢٠٠٨، مادة (استخبارات) ص ٢٦- ٢٩.

# دەروونزانی سەربازی

دەروونزانی توێژینەوەیەکی زانستییە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەندێشەی مرۆڤ، دەروونزانی پراکتیکی ناوەکەی لە بەکارهێنان و، پڕاکتیکییەوە وەرگیراوە وەك لە تیۆریی، دەروونزان بە پلەی یەك گرنگی بە لایەنی ڕەفتار و، ڕێخستنی کارەکانی و، ئەو ئەندێشانەی بۆ دێت بەکاردێت، هەوڵ دەدات شیکار و، توێکاری ئەو کێشە جۆراو جۆرانە و، ناڕەحەتییەکانی مرۆڤ شی بکاتەوە، لە بواری سەربازیشدا بە شتێکی گرنگی و، پێویستی دەزانم کە لەبواری سەربازیشدا ئاماژەیەك بە گرنگی دەروون زانی بکەم، بە ئامانجی خۆسازدانی تاك و، تواناو بەرهەمی باشتر پێشکەش بکات، لێرەوە دەبینی کۆمەڵگە نوێکان بە سود وەرگرتن لە زانست و، تیۆریای دەروونی کار لەسەر لایەنە جۆراو جۆرەکانی سەربازی دەکەن.

## پێناسەی دەروونزانی:

گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی سەرباز بە سەرو خۆیەوە و، تا دواپلەی سەربازی لە جێ بەجێکردنی ئەرکە سەربازییەکانی لە کاتی ئاشتیو جەنگ و، تۆکمەکردنی ڕەوشتە ئیرادییە ئەرێنییەکان و، بەهرەو کارامەیی و، توانا گرنگەکانیان لای سوپا و، هێزە چەکدارەکان، هەروەها بۆ ئەوەنییە بتوانن چەکە هاوچەرخەکان بەسەرکەوتویی بەکاربهێنن و، جەنگی دەروونی

و، بڵاوکردنەوەی بانگەشە و، چەکی دژ بەخۆیان پیادەبکەین، بەڵکو جیاوازە لە دەروون زانی جەنگی، کە بەشێکە لە دەروونزانی، گرنگی بە پیادەکردنی بنەما سایکۆلۆجیی و، دەروونی لە ژینگەیەکی تایبەت بە ژیانی سەربازی دەدات کە هەموو سەربازێك توشی دەبێت، کۆمەڵەی دەروونزانی ئەمەریکی بەشێکی تایبەتی بە دەروون زانی سەربازی تەرخان کردوە گرنگی دەدات بە پێگەیاندنی لایەنی دەروونی سەرباز بۆ ئەوەی بە باشی ئەرکەکانی جیٚ بەجیٚ بکات.

ئاماژەشیان بەوە داوە ئەمە بەشێکە لە دەروونزانی پراکتیکی گرنگی بەچارەسەرکردنی کێشەکانی هێزە چەکدارەکان دەدات بە سەرباز و، ئەفسەریشەوە، وەك هەڵبژاردنی کەسی چاك‌و شیاو لەناو ئەو کەسانەی داوایان بۆ سەربازی پێشکەش کردووە و، دابەشکردنیان بەسەر یەکەکاندا بەپێی حەز و، ویست و، ئارەزوی خۆیان و، هەروەها لەوێش هەڵبژاردنی ئەو شوێنەی کە پسپۆڕییان تیایدا هەیە، لە هەمان کاتیشدا گرنگی بە مەشق‌و ڕاهێنان لەسەر ئالەت‌و پێداویستی و، کەل‌و پەلە جەنگییەکان دەدات، لەم ڕوانگەیەوە بنەمای ئەندازیاری مرۆیی لەسەرو هەموو ئەوانەوە پیادە دەکرێت کە بونەتە سەربازی و، خوێندنەوە بۆ هەموو ئەو هۆکارانە دەکرێت دەبنە مایەی بەرزکردنەوە و، ڕوخاندنی ورەی سەرباز، هەرچەند ئەمانە شتانی دیکەش جگە لە دەروون زانی کاریگەری لەسەریان

هەیە، بەڵام نابێت کاریگەری دەروون زانی پشتگوێ بخەین، وەك چۆن گرنگی بە هونەرەکانی جەنگ دەدرێت بەهەمان شێوەش پێویستە گرنگی بە هۆکارەکان و، شێوەی بیکردنەوەو و، ڕەفتار و، مامەڵەی سەربازی بدرێت.

دەروونزانی سەربازی خوێندنەوەی بۆ هەموو لایەن ڕەهەندە دەروونییەکان لەسەرجەم چالاکی و، بنەما سەربازییەکان هەیە. وەك هەر زانستێکی دیکەی وەك دەروون زانی ئەندازیاری دەروون زانی بەڕێوەبردن، دەروونزانی کۆمەڵاتیو پیشەزانی ئەمیش گرنگی بە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵەو تاقمە سەربازییەکان کە سەر بە هێزە چەکدارەکانن دەدات. هەموو گۆڕانکارییە فیسۆلۆجی و، هونەری پێوانەیی دەروونی ئاوەزی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پیاوانی عەسکەرو هێزە چەکدارەکان لە پێشکەشکردنی کارو فەرمانەکانیان، تەنانەت ژاوە ژاو و، مۆسیقا و، ڕەنگو گەرماو سەرماش کاریگەری تایبەتی بەخۆی هەیە لەسەریان.

دەروونزانی سەربازی دێت کاردەکاتە سەر لایەنی دەروونی سەربازو وای لێدەکات بە باشترین شێوە ئەرکو فەرمانەکانی پیادە بکات و، چالاکی و، توانای زیاتر و، ئەرێنی تربێت.

دوای ئەوەی هەموو سوپاکان گرنگی زیاتر بە بواری زانستو بنەماکانی سەربازی دەدەن دەروون زانی سەربازی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر گرنگ دەبێت، چونکە زیاتر خۆشەویستی نیشتمان

لە دڵیاندا دەچەسپێت، بۆ زیاتر خۆ ماندو کردن لە ڕاهێناندا و، بەڕێوەبردنی سەربازی و، بەرزکردنەوەی گیانی جەنگاوەران و، چالاککردنی ئاراستەی مەعنەوی هێزە چەکدارەکان زیاتر بەهێز دەبن لە ڕوبەڕوو بونەوە بەرامبەر هەموو دەنگۆ و، پوچگەرایی و، پەرپەرچ دانەوەیان و، پەخش و بڵاو کردنەوەی گیانی دادپەرورەی و، سەروەری یاسا کە هێزە چەکدارەکان کاری بۆ دەکەن، لە هەمان کاتدا گیانی مەعنەویەتی دوژمن تێك دەشکێنێت و، بەرەو هەڵدێر دەیبات، دەروون زانی سەربازی لە ژێر سایەی دامەزراوە سەربازییەکان کاردەکات و خزمەت بەو دەکات. ئەم زانستە هاوکاری کەسی مەدەنی دەکات دوای ئەوەی لە ژیانی سیڤیلی خۆیدا ڕویکردوەتەوە ژیانی سەربازی.

پەیوەندییەکی زۆر پێویست هەیە لە نێوان پیاوانی هێزە ئەمنییەکان و، زانایانی بواری دەروونزانی بۆ هاوکاری کردنی یەکتر لە ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی کە زانایانی دەروونزانی لەگەڵ شارەزایانی سەربازیدا پێکەوە شان بەشانی یەکتر کاردەکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی نوێ و، هاوچەرخ، یەکێکە لەو بابەتانە کە زۆر گرنگە خوێندنی دەروونزانی عەسکەرییە تا ئاستێك خوێندنی لە هەندێك زانکۆ و، کۆلێژدا پلەی ماجستێر و، دکتۆرای لەسەر وەردەگیرێت و دەخوێندرێت.

## هۆشداری سەربازی پێش خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ:

هۆشداری سەربازی پشت دەبەستێت بەهاندانی سەرباز بۆ پارێزگاری کردن بیرو باوەڕ و، نیشتیمان و، نەتەوە و، ئاشتەوایی و، سەرکردە و، فەرماندەکانی بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن و، بەشداری کردنی جەنگی پیرۆز. هیچ ڕێگەیەکی سەرکەوتن نییە ئەگەر قوربانی بۆ نەدەیت و، گیان فیدایی دروشممان بێت بۆ ئەوەی زیاتر بەهێزو خۆڕاگر و، بەتوانا و، ئارامگربین بۆ ئەوەی بتوانین بە ئیمانێکی قوڵەوە جەنگی پیرۆز لەبەرژەوەندی خۆمان یەکلایی بکەینەوە.

لەم ڕۆژانەدا سەردەم سەردەمی پیاوەتیو ئازایەتی و، جوامێرییە، بۆ ئەوەی خۆمان ئامادە بکەین بۆ جەنگی هاتو نەهاتو یەکلایی کەرەوە و، هەموان گیان فیدایی بکەین لە پێناوی گەلو نەتەوەکەمانو کوردایەتی.

بەرنامەی ئاراستەکردنی مەعنەوی کاردەکات لەسەر زیاتر ڕۆچونی ئیمان لە ناخی هەموو سەربازو ئەفسەرەکاندا بۆ دڵسۆزی بەرامبەر بە نیشتمان و، ئامانجە باڵاکانیان، ئەم ئامانجانەش لەژێر ڕۆشنایی یاسا و، ڕێساو شەریعەت و، دان نانی نێو دەوڵەتی بۆ ئازادکردنی خاکو دورخستنەوەی خراپەوبڕینی دەستی داگیرکاری لەسەر وڵات.

## دەرکەوتنی دەروونناسی سەربازی:

دەروونناسی سەربازی وەك لقێكی سەربەخۆ لە دەورن ناسیدا، لە جەنگی یەكەمی جیهانی دەركەوت، لە میانی جەنگدا كۆمەڵك زاناو شارەزا و، پسپۆڕی دەروونی چەندینی چەمك و، دەستەواژەیان دەروونیاین بەسەر شێواز و، ڕەوشتە سەربازییەكان پیادەكرد، ئەم زانایانە دەستیانكرد بە توێژینەوە لەسەر چۆنێتی وەرگرتنی سەرباز و، دیاری كردنی كارەكەی و، دابەشی كردن بەسەر ڕشتەكانیان لەناو سوپادا، دواجار ئەم تاقیكردنەوانە گواسترایەوە بۆ لایەنە فیسۆلۆجییەكان و، داڕشتنەوەی بەرنامە ڕێژی بۆ جەنگی دەروون و، شكاندنی ورەی بەرامبەر و، بەرزكردنەوەی ورەی سوپای خۆیان.

دواتریش كە ئەڵمانیا لە جەنگی یەكەم شكستی هێنا ئەوانیش دەستیان كرد بە توێژینەوە و، پشكینین بۆ هۆكاری شكست هێنانیان و، ئامادەسازكردنی گەلی ئەڵمانیا بۆ جەنگ، دووبارە دەروونناسانی ئەڵمانیا دەستیانكرد بە خۆسازدان و، ئامادەكاری گیانی تێكۆشان و، بەرزكردنەوەی ورەی جەماوەر لە ڕوی سایكۆلۆجییەوە بۆ جەنگ.

## دەروونناسی لە بواری سەربازیدا:

زانستی دەروونناسی ئەركێكی گرنگی هێزە چەكدارەكانە، بەهۆی فرە چەشنی كارەكان لە یەكە جۆراو جۆرەكانی

سەربازیدا، وەك هەموو فەرمانگەیەكی دیكە ئەمیش فرە چەشن و فرە كارن، لە هەمان كاتیشدا لە ڕوی دەروونییەوە چون یەك نین و، جیاواز و، فرە چەشنن، بۆ نمونە: پیادە جیاوازە لە ڕشتەیتۆپ هاوێژ، یان هێزی دەریایی جیاوازە لە هێزی ئاسمانی... هتد، ئەویش بەهۆی ئەو داواكاریانە و، ئەو فەرمانانەی لە هەر یەكە لەو هێزانە لەئەستۆی دەگرن، هەریەكەیان پێویستی بە تایبەت مەندی خۆی هەیە.

ئەمڕۆ دەروونناسان و، پزیشكانی دەروونی كۆكن لەسەر ئەوەی بونی دەروونناسان و، پزیشكانی دەروونی لە چەند ڕویەكەوە سود بەخشە:

١- بەشدار دەبێت لە داڕشتنەوەی باشترین جۆری ڕاهێنان و، خۆ ئامادەكردن.

٢- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی باشترین جۆرەكانی كەرەستە جەنگییەكان و، ئەندازەیی مرۆیی.

٣- بەشدار دەكات لە ئامادەسازی بەرزكردنەوەی ورەی سەرباز و، سڤیل و، باشكردنی ئاستیان.

٤- دابەشكردنی سەربازەكان بەسەر یەكەكاندا، لەسەر بنەمای زیرەكی و، لێوەشاوەیی و، توانای ئاوەزی و، دروستی هەستەكانیان.

٥- چارەسەری كێشە كۆمەلایەتییە سەربازییەكان دەكات.

٦- توێژینەوە لەسەر ڕەوشتی سەرباز دەكات لە ناو یەكە.

٧- توێژینەوە دەكات لەبوارەكانی سەركردایەت و، فەرماندارێتیدا لە بوارە سەربازییەكاندا.

بۆیە زۆر پێویستمان بە بونی دەروونناسانە لە ناو سوپادا، بەتایبەت لەكاتی جەنگدا، چونكە ئەو كاتە زۆر پێویستمان بە بونیان هەیە بۆ سود وەرگرت لە ئەزمون و، بەرزكردنەوەی ورەی سەربازەكان و، بەكارهێنانی جەنگی دەروونی و، سەرجەم هۆكارەكانی، هەروەها بۆ بەرزكردنەوەی گیانی ورەبەرزی لە ناو سەرباز و، هاولاتیانی سڤیلشدا كاریگەری خۆی هەیە.

## بابەتەكانی دەروونناسی سەربازی:

دەروونناسی سەربازی یاسای زانیاری بەخشینی بەرینە، ئەم یاسا زانیاری بەخشینە بۆ چەند بەشێك دابەش دەكرێت، ئەوانیش:

١- ڕاهێنانی پیشەیی: پرۆسەی فێربون و فێكردنی هێزە چەكدارەكان بە سەرجەم پلەو جۆرەكانییەوە، پرۆسەیەكی گرن و، پێویستە، چونكە بەو تەدریب و ڕاهێنانانە سەرباز دەگاتە بەرزترین پلەی جەنگی.

٣- هۆكاری فیزیكی كاریگەری تەواوی هەیە لەسەر پێشكەش كردنی كارەكانی سەرباز لە جەنگدا، ئەو كاریگەریانەش زۆرن، وەك: گەرما، سەرما، شێ، بەرزی و، نزیم، گۆڕەپانی جەنگی.

٣- فەرماندەیی و، کاریگەری لەسەر کۆمەڵەی سەربازی، گرنگترین ڕۆڵی فەرماندە ئەوەیە کە بزانێت چۆن پلانەکانی لە تیۆرییەوە دەکاتە پراکتیکی.

٤- نەتەوە و، جیاوازی مەزهەبی ڕۆڵی زۆرە لە سەرە هێزە چەکدارەکان، هەرچەند ئێمە ئەوبەشەین هەرگیز دابەش ناکرێین، بەڵام نەتەوە و، عەشیرەت و، هۆزەکان دەوری خۆی هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا هەر نەتەوەیەك داب و، نەریتی خۆی هەیە بە باش و، خراپییەوە.

٥- کەسێتی سەرباز لەڕوی ڕەوشت و، هەڵس و، کەوت و، مامەڵەوە کاریگەری خۆی هەیە لەسەر هیزە چەکدارەکان.

٦- گیانی ورەبەرزی، ورەبەرزی گیانێکی زیندوی ناخی هەموو کەسێکە پێویستە بەوپەڕی ورە بەرزی و، متمانە بەخۆبون و، گرنگی بەخود دان کار بکات، زۆر گرنگە کە گرنگی بەو گیانی ورە بەرزییە بدرێت بۆ ئەوەی بگەینە بەرزترین ئاست.

٧- پەستان و، تەنگژی دەروونی، ژیانی سەربازی پڕیەتی لە تەنگی و، پەستانی دەروونی، زۆر جار ئەم تەنگژییە زۆر گرانە، بەتایبەت لەکاتی جەنگدا و، کارەسات دروست دەکات.

٨- جەنگی دەروونی کاریگەری زۆر گەورەی هەیە لەسەر سوپای خۆت و، سوپای بەرامبەر، تێکشکاندنی ورەی دوژمن، دروست کردنی متمانەی تەواو بە بیروباوەڕی سەربازی خۆت و، کە هیچ گومانی لە بیرو باوەڕی سەربازی خۆی نەبێت.

## ئامانجەکانی دەروونناسی سەربازی:

١- پێگەیاندنی کارمەندی پسپۆڕلەبوارە جیاجیاکانی سەربازیدا، بۆ پڕکردنەوەی سەرجەم بوارە دەروونییەکانی سەربازی.

٢- هەستان بە توێژینەوە و، لێکۆڵینەوەی تایبەت لە بواری سەربازیدا.

٣- بڵاو کردنەوەی ڕۆشنبیری و، زانیاری درونی، بەتایبەت خوێندکاران و، تازە بە سەرباز گیراوەکان.

٤- وەرگرتن و قبوڵکردنی چەمکی دەروونناسی سەربازی و، گەشە پێدانی لە بواری سەربازیدا.

٥- وەرگێڕانی تیۆریاکان بۆ پڕاکتیکە کردن و، پیادەکردنی لەناو سەربازەکاندا.

٦- بەکارهێنانی هۆکارەکانی دەروونناسی، وەك پێشبڕکێ کردن و، تاقیکردنەوە و، چاودێری کردنی سەرباز.

## گرنگی دەروونناسی سەربازی:

دەروونناسی سەربازی کاریگەری گرنگی هەیە لە ململانێ سەربازییەکاندا، چونکە جەنگ تەنها شەڕکردن نییە لە نێوان دوو هێزدا لە گۆڕەپانی جەنگی، بەڵکو پەل و، پۆی بۆ ناو کۆمەڵگە شۆڕ دەبێتەوە، هیچ جیاوازیی نییە لەنێوان گۆڕپانی جەنگی دەشت بێت یان ناو شار، ئەم نەتەوە زۆر پێویستی بە

گیانێکی مەعنەوی و، ورەبەرزی هەیە کە هانی جەنگاوەرانی بدات بۆ تێکۆشان و، خۆڕاگری لەلایەك و، روبەڕو بونەوەی دوژمن لەلایەکی دیکە، چونکە کاتێك سەرباز هەست بەوە دەکات کە لە گۆڕەپانی جەنگیدا بەتەنها نییە و، پشتیوانییەکی زۆر گەورەی هەیە ئەویش پشتگیری نەتەوەییە لەپشتییە و، دروستکردنی گیان ورەرزیی و، پشتیوانییەتی، بۆیە سەرباز بەتەنها دە جەنگێك بەڵام پێویستە زۆر هاوکاری هەبێت بۆ سەرخستنی.

بۆیە دەتوانیت بڵێین سوپا پێویستی بە زۆرترین لقی بەشەکانی دەروننانسی سەربازیی و، پیادەکردنیەتی.

کارکردن و، نوسین دوو ڕوی یەکدراون تەنها هەر فێربون ڕۆڵ نابینێت، بەڵکو پیادەکردن و، بەرجەستەکردنی لە ناو جەنگدا یەکدی تەواو دەکەن.

لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، زانستی دەروون زانی لەناو سوپادا ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینی، بەتایبەت دوای ئەوەی دەروون زانان گەڕانەوە بۆ توێژینەوەی خۆیان، یەکێك لە زانا دەروونناسە ئەوروپییەکان دەڵێت: "مەترسی جەنگی لە ساڵەکانی ئاگر بەستو کۆتایی هاتنی جەنگ کەم بوەتەوە و، دەتوانرێت ئەم چەند ساڵەی لە پێشمانە ژمارەیەکی زۆر ئەفسەری بەتوانا و، لێوەشاوە دروست بکەین توانای ئەوەیان هەبێت هیچ ئەزمە و، قەیرانێك کاریان تێنەکات، ئەمە وەك

جەنگێکی سپی بەکاربهێنین چۆن جەنگاوەران لە شەڕدان کۆشش زۆر دەکەن، بەهەمان شێوە ئەمانیش ئاوا کۆشش بکەن، ئەمەش بە سەرەتای ئەو زانستە بەرفراوانە دابنێیت".

ئەم پێشبینی کردنە لەم دوایانە لەئەڵمانیا نازییەکان کاریان لەسەر کرد، بۆیە توانیان جارێکی دیکە هەستنەوە و، خۆیان ئامادە بکەن و، تەنهانەت کاریگەریەکەی تا دوای جەنگی جیهانی دووەم و، بگرە تا ئەمڕۆش هەر ماوە، چونکە خەڵکەکە کۆششەکانیان وەك کۆشش کردن بوو بۆ جەنگ.

## هەڵسەنگاندنی ژیانی سەربازی:

ژیانی سەربازی جیاوازی زۆرە لە ژیانی سیڤیلی و، هاوڵاتی بوون، تۆ ژیانێکی دیکەی دیکتاتۆری بەسود پیادە دەکەین، چونکە لەسەر یەك ڕیتم و، تۆن بەڕێدا دەڕوات و، خۆی گرتووە، پێویستە سەرباز پیادەی هەموو فەرمانەکان بکات و، گوێڕایەڵیان بێت، بەو پەڕی دڵسۆزی جێبەجێیان بکات، هەروەها بەرپرسیارێتو ئەرکیش دیاری کراوە. پلە بەندی لەسەر بنەمای پلە و، پۆست ڕیزبەندی بۆ کراوە، پایەکان لەسەر بنەمای پلە دیاری کراوە لە سەربازەوە ئەرکی هەیە تا دەگاتە بەرزترین پلەی سەربازی.

دەستکەوتەکانی ژیانی سەربازی بە ئەنجامدانی: وردی، هۆشداری، بەرپرسیارێتی ئەنجامدەدەیت، بابەتی پابەند بون

(الضبط) و، توندی ئەوە نییە کە تۆ ئیتر واز لە ژیانی ڕۆشنبیری بهێنیت و، پەرەی پێنەدەیت، بگرە وابزانیت هیچ پێویستت نییە، بەڵکو ئەمە بەتەواوی پێچەوانەی ڕاستییە، سوپا و، بەڕێوەچونی هێز پێویستی بە زانست وزانیاری و، خۆ پرچەك کردنی ڕۆشنبیری هەیە لە هەموو کایەکانییەوە، بۆیە پێویستە سەرباز خۆی لە زۆر کایەی دیکەی ژیان شارەزا بکات و، بەشداری کار و، چالاکییە جۆراو جۆرەکان بکات، بۆ ئەوەی هەم پەرە بەخۆی بدات و، بتوانیت لەڕوی سەربازییشەوە بگاتە بەرزترین ئاستی ڕۆشنبیری سەربازی[١١].

[١١]– علم النفس العسكري، الدكتور سامي محسن الختاتنة، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، طبع الاول، ٢٠١٥، ص ٢٧ – ٤١.

# فەرماندەیی

فەرماندەیی ئەو دەسەڵاتە یاسایەیە کەسی سەرباز بەرامبەر ژێردەستەکانی بەکاری دەهێنێت و، کۆمەڵێك ئەرك و، فەرمانی دەکەوێتە ئەستۆ و، لەچوارچێوەی ئەو ئەرکەی پێی سپێراوە دەتوانێت بەردەستەکانی بەکار بهێنێت و، ئاڕاستەیان بکات.

هەرچەند سەرجەم لایەنە سەربازییەکان لە ڕوی یاسایی و، مەعنەوەییەوە بەرپرسیارن بەرامبەر ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆیانە، ئەویش: هونەر کاریگەربون و ئاراستەکردنیانە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، بە شێوەیەك کە هەموو دەستەکەی بەردەستی بە یەك تیر ئاڕاستە بکات و، بیانکات بەیەك لە پێناو ئەو ئەرکە پیرۆزەی لەسەر شانی دانراوە.

فەرماندەیی: هونەرێکە بەدەست دەهێنرێت و، گەشەی پێدەدرێت و، بە تێپەڕبونی کات و، بە فێربون و ڕاهێنان و، چاودێری کردن و، بە ئەزمون شارەزی تیایدا پەیدا دەکەیت، دەبیتە ئەو کەسەی کە شیاوبیت بۆ ئەوە ببت بەفەرماندە.

ئارەزومەندی لە کەسەکە و، گرنگی پێدان بەوەی ئەو بەهرەمەندیەت دەست بکەوێت هۆکارن بۆ فێربونی ئەو هونەرە.

وتمان فەرماندەیی هونەرە، هونەریش پێویست بە لەبەرچاو گرتن و، چالاکی و، جوانکاری وردی هەیە بۆ ئەوەی بگەیتە ئامانج و سەرکەوتو بیت تیایدا، ئەمەش دەمانگەیەنێت بەو مانایەی هەمووومان کاری بۆ دەکەین و، لەسەری دەدەوێین

ئەویش (فەرماندە)یە، ئەمەش بە هاوکاری و، کاری بەکۆمەڵ بەدی دێت.

کاتێك زانیمان فەرماندە: پێکهاتە و، بەهایەکی گرنگە و، هەموو یەکەیك پێویستی بە بونیەتی و، ڕۆڵێکی گرنگ و، یاریزانێکی بەهرەمەندە بۆ بەدی هێنانی ئامانج و، کەناری ئارامی. پێویستە بزانین ئەو ئاماژانە چین کە دەری دەخەن فەرماندە کێیە لە ڕوانگەی شارەزایان و، پسپۆڕانی بورای سەرکردایەت و، فەرماندارێت.

فەرماندە برتییە لە: فەرماندە ئەو کەسەیە کە بەهرەو ئەزمونو شارەزای و، لێوەشاوەی لە دەسەڵاتدارێتیدا هەیە، دەتوانێت ئەوانی دیکە بەڕێوەببات و، فەرمانداریان بکات، بۆ گەیشتن بە ئامانجە دروست و، پەسەندەکان.

بۆیە شارەزایانی بواری فەرماندە سازی توێژینەوەیان کردوە و، چەند خاڵێکی گرنگیان داناوە ئەگەر بە شێوەیەکی دروست، پیادەیان بکەیت دەگەیتە هونەری فەرماندارێتی، ئەوانیش:

١- دڵسۆزی و، ئەمەکداری و، خۆشەویستی:

خۆشەویستی تەنها: خۆشەویستی خودا، نیشتمان، گەلەکەی، دەگرێتەوە، بۆیە فەرماندە پێویستە لە سەرجەم کارەکانیدا خۆشەویست و، دڵسۆزی خۆی بنوێنێت بۆ بەردەستەکەی و، دامەزراوە سەربازییەکەی کە کاری تیا دەکات و، ئەو نیشتمانەی کاری لە پێناودا دەکات.

بۆیە پێویستە فەرماندە بڕوایەکی قوڵی بە خودا و، نیشتمان و، ئەو دۆسەی هەبێت کە لە پێناویدا گیان بەخت دەکات، بەو پەڕی تواناو لێوەشاوەیی لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی بجەنگێت، ئەمە ئەو خاڵە جەوهەرییەیە کە لە فەرماندار داوا دەکرێت و، پێویستە کاری لە پێناودا بکات، هەرچەند پێویستی بە قوربانی دانی زۆریش بێت.

٢- یەك ڕەنگی و، جوان مامەڵە کردن لەگەڵ بەردەستەکانی:

پێویستە فەرماندە بەوپەڕی تواناوە کاربکات بۆ ئەوەیە بە یەك چاو و، بە یەك چەپك مامەڵە لەگەڵ بەردەستەکانی بکات، توانای ئەوەی هەبێت هەموان لەخۆی خۆشنود بکات و، خۆشەویستی ئەوان بەدەست بهێنێت و، ببێت بە ڕاوچی دڵەکانیان، لەکاتی قەیران و، ناخۆشیەکاندا لێبڕاوانە و، چالاکانە کار بکات بۆ دەرباز کردنیان لە نەهامەتی، دەبێت هەمیشە فەرماندە: ئارام و، لەسەرخۆ و، خۆڕاگر و، بەتوانا و، چالاك لە بەدەست هێنانی ڕێز و، خۆشەویستی ئەوانی دیکە، بە بێ ئەوەی هەست بە شەرم بکات.

فەرماندەی ڕاستی ئەوەیە کە خۆنەویستانە کار دەکات بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکەی، بەتواناو لێوەشاوەیی خۆی و، بەبێ ئەوەی بەردەستەکانی بەکاربهێنێت و، لەسەر شانی ئەوان خۆی خۆشەویست بکات، بەڵکو هەمیشە کاردەکات بۆ ئەوەی

باشترین دەرفەت بۆ ژێردەستەکانی بەدەست بهێنێت، پاشان ئامانجەکەی خۆی بەدی بهێنێت.

٣- پەرۆشبوون (الحماسة):

ئەمە ئارەزوییەکی ڕاستگۆیانەیە و، بەرگرییەکی ئاوەزیانە و، خوێندنەوەیەکی پێشوەختە بۆ ئەوەی هەر ئەرکێك پیادە دەکات و، بارگرانی و، ناڕەحەتی ئەو کارە لە ئەستۆ دەگرێت، زۆر بەپەرۆشە بۆ پیادەکردن و، جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەی لەسەرشانی دانراوە، ئەویش بونی وزە و، توانا و، جوامێرییەکی بڵندە کە پێویستە لە کەسی فەرماندەدا لەهەموو ئان و، ساتێکدا بونی هەبێت، بۆیە پێویستە فەرماندە هەمیشە گەشبین و، هاندەر بێت بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانی، بۆیە پێویستە لەسەرشانی فەرماندە ئەرکەکانی بە ڕێکی جێبەجێ بکات و، ڕووبەڕوی هەموو ئاستەنگێك ببێتەوە، سەرکەوتن لە پیادەکردنی ئەو کارانەی لە ئەستۆی دادەنرێت و، ئەویش بە بەردەستەکانی ئەنجامی دەجات، هەمووی دەگەڕێتە سەر پەرۆشبوون، چونکە پەرۆشی نهێنی سەرکەوتنە.

٤- ئارامی و، خۆگری:

بەڕاستی دوو دڵی و، شپرزەبوون دەر ئەنجامی باش بەدوای خۆیدا ناهێنێت، بۆیە پێویستە فەرماندە هەمیشە بە ناخێکی ئارام و، ئاوەزێکی زۆر هێمنەوە کاربکات، بەتایبەت لەکاتی

فەرمان دەرکردن لەبەردەم بەردەستەکانی و، زۆر پێداگربێت لەسەر ئەوەی کە بزانێت ئەو بڕیارەی لە ئاستی جێبەجێ کردندایە یان نا، پاشان بڕیار بدات.

٥- بڕوابون بە ئامانج و، مەبەستەکان:

ئەو فەرماندەیە بڕوای بەو ئامانجە نەبوو لە پێناوی کاردەکات، ئەوە نەك هەر خۆی لە خشتە دەبات، بەڵکو بەردەستەکانی و، لەکۆتایشدا ئەو ئەرکە شکست دەهێنێت، فەرماندەیی تەنها ئەوە نییە زمانی پاراو بێت و، توانای جۆشدانی بەردەستەکانی هەبێت و، ژمارەیەکی زۆر شوێن کەوتەی بێت، لە هەمان کاتدا زیاد لەمانەش دەبێت توانای ناسنین کەسی شیاو بۆ شوێنی شاو و، یەکسانی و، هێز و، توانا لە ناو سەربازەکانی بلاوە بکاتەوە و، بەرپرسیارێتییەکان دابەش بکات و، سەرجەمیان بەشدار پێ بکات لەو کارانەی بەرژەوەندی گشتین و، هەموو تاکێك لە پسپۆڕییەکەی خۆیدا کاری پێ بکات.

٦- خاکی بوون:

وشەی (من) بکوژی فەرماندەیە! ئەو وشەی یەکێکە لەو وشانەی کەلای ژێردەستەکانی زۆر خۆشەویست نییە. چونکە هەستی خۆ بەزلزان و، خۆ سەپاندنی تیایەو وا دادەنرێت کە تەواوی دەستکەوتکان خۆی بەدەستی هێناوە و، هیچ ڕێزێك بۆ هەستی بەرامبەر و، دەست بالآیی ئەوانەی ژێردەستی ناکات،

هەموان دەزانین یەك کەس بەتەنها خۆی توانای ئەوەی نییە ئەو هەموو دەست کەوت و، سەرکەوتنە بەدەست بهێنێت.

٧- کەوتەیی (الواقعیة):

دەستکەوت و بەدیهێنانی ئامانج تەنها بە دروشم و، گوفتار نابێت، بەڵکو پێویستە فەرماندە پێگەی خۆی بزانێت توانای ژێردەستەکانی و، توانای یەکەکەی بزانێت و، لەسەر ئەوەی لەبەردەستە بڕیار بدات و، باسی دەستکەوتەکانی بکات.

٨- باشی و، ڕەوشت بەرزی و، میهرەبانی:

پێویستە فەرماندە خو بگرێت بە ڕەوشت جوانی و، کارڕێکی و، مامەڵەی شیرین، ئەمانە هاوکاری باش دەبن بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگاتە ئامانجەکەی، چونکە ئەم کارانە وادەکات کە ژێردەستەکانی زیاتر کۆشیی بۆ بکەن، لەبەر ئەوەی زۆر گرنگی دان بەوردەکاری ژیانی بەردەستەکانی هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی خەم و، پەژارە و، ئەو کێشانەی بەدەستیەوە دەناڵێنن، بەتایبەت کێشەی خێزانی و، کۆمەڵایەتی، وەك پێشتر باسمانکرد پێویستە فەرماندە بەلێزمە خۆشەویست خۆی بەسەر بەردەستەکانیدا ببارێنێت، چونکە بەخۆشەویستی بەرامبەر زیاتر کۆشش دەکات و، بەرهەمی باشتر بەدەست دەهێنێت.

## ٩ - چالاكیبون

پیادەكردنی ئەركەكان و، لابردنی ئاستەنگەكان و، ژێربار خستنی نارەحەتییەكان لەلایەن فەرماندەوە هەمویان ئاماژەی چالاكی و، كارلێكی فەرماندەیە بەرامبەر ئەركەكەی، چالاكبون لە راپەڕاندنی ئەو ئەركەی پێی سپێردراوە و، ڕامكردنی نارەحەتییەكان گەورەترین پاڵنەرە بۆ ژێردەستەكان بۆ كاركردن، بەتایبەت كاتێك ئەو چەمكە لەناخیاندا بچێنین كە هیچ شتێك ئەستەم نییە لەبەردەم شكۆمەندی هێزی ئەماندا.

١٠- پێشەنگی:

بە بێ ئەم خەسڵەتە فەرماندە خۆشەویستنیی و، متمانەش پەیدا ناكات لەلایەن شوێن كەوتوانییەوە و، توانای ئەوەشی نابێت ئامانجە ناوازە و، تایبەتەكان بە دەست بهێنێت و، كاری جیاواز و، جوانیش ئەنجام بدات، هەندێك ڕەوشتی پێشەنگی جوان، ئەمانەن:

* فەرماندە دەبێت تواناو لێوەشاوەیی هەبێت لە كاركردندا.
* ئەبێت بەردەوام بە پەرۆشیەوە ئامادەی كاركردن بێت و، هەمیشە تواناو كۆشش بكات.
* دەبێت هەمیشە دوربین بێت و، متمانەی بەخۆی هەبێت.
* بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرێت.
* دەبێت هەمیشە ئامادەی بڕیاری گونجاو بێت لە كاتی گونجاودا.

* ئارامی و، هێمنی هاوەڵی بێت بەتایبەت لە کاتە ناڕەحەت و، ناخۆشەکاندا.

* توانای ڕاهێنان و، فێرکردنی ئەوانی دیکەی هەبێت.

* کەسێتییەکی بەهێزی خاوەن متمانەی تەواوی هەبێت.

* زمان پاراو و، دەربڕینی باش بێت.

* کەسێتی بەهێزبێت.

* ئاسۆی بیری فراوان و، گەشبینین بۆ ئەوەی بڕیاری دروست بدات.

## هونەر و کارامەییەکانی فەرمانده

١- هونەری پەیوەندی کردن، ئەمە پڕۆسەیەکی کاریگەری کۆمەڵایەتییە، بە ئامانجی بەهێزبونی پەیوەندی نێوان فەرماندە و، بەردەستەکانی، لە میانەی گۆڕینەوەی بیرو بۆچون و، هەست و، سۆزکانیان، لەمیانەیەوە دەتوانرێت زیاتر خۆشەویست و، لێك تێگەیشتن بگۆڕێتەوە ڕاستی دەربکەوێت، ئەمە پەیوندییەکی هەست بزوێنە لە نێوان گەیاندن پەیام لەلایەن هەردوو کەسەکەوە، زۆرجار بەهۆی تۆنی دەنگ و، دەربڕینەکانی یان بینین ڕوخساری هەستی بەرامبەر تێدەگەین، لەڕوی کۆمەڵایەتیشەوە کاریگەری تەواو لەسەر بەردەستەکانی دادەنێت، ئەمە پەیوەندییەکی میکانیکییە لە نێوان دوو مرۆڤدا، بۆیە ئەم کارانە وادەکات زیاتر هاوکارت بێت بۆ گەیشتن بە و، ئامانجەی دەیەوێت.

ئەگەر بەسەرکەوتوی فەرماندە و، بەردەستەکانی بتوانن ئەو پەیامە بگەیەنن و، پەیوەندی بە یەکەوە بکەن، لەڕوی بیرکردنەوە و، وتە و، گوێگرتن و، بینین، ئەتوانن بە باشترین و، گونجاوترین شێوە پەیام بگەیەنن بە یەك.

پێویستە فەرماندە زۆر ڕێزی هەستی بەردەستەکانی بگرێت و، بەردەوام ئاگای لە ئارەزووەکانیان بێت و، لەگەڵیان بدوێت و، پێزانین بۆ کارەکانیان هەبێت.

بەجوانی گویٚ لە گلەیی و، گازندەکانیان بگریٚت و، بەدەم داواکارییەکانیانەوە بچیٚت و، ئەوەی لەتوانایدایە بە بۆیان جیٚبەجیٚ بکات.

٢- هونەری دەرکردنی فەرمان: فەرمان دەرکردن یەکیٚکە لە هۆکارەکانی ئاڕاستەکردنی فەرماندە، کاتیٚك فەرماندە فەرمانیٚك دەردەکات پیٚویستە ئاگای لەوە بیٚت بزانیٚت بەشیٚوەیەکی جوان و، دروست جیٚبەجیٚ دەکریٚت یان نا، پیٚویستە بەتەواوی ئەوەی مەبەستییەتی بۆ ئەو کەسەی ڕون بکاتەوە کە ڕایدەسپیٚریٚت بۆ ئەوکارە، بۆ ئەوەی لەپڕدا کاریٚك نەیەتە پیٚش و، ئەوەی ئەم بۆی دەچیٚت هەڵبوەشیٚتەوە.

ڕونی لە فەرمان دەکردندا هیٚمای سەرەکییە بۆ دەرکردنی فەرمان و، جیٚبەجیٚکردنی، چونکە بونی هەر ئاڵۆزی و، ناڕونییەك و، دەربڕینی وشەکان دەبیٚت تەنها یەك مانا لەخۆی بگریٚت و، بەکورتترین ڕستە فەرمانەکانی دەربکات، بنەما گشتییەکانی دەرکردنی فەرمان، بریتین لە:

* فەرمانەکان پەیوەندی بە هەڵوەستە و، ڕوداوەکەوە هەبیٚت.

* نابیٚت فەرمانەکانی لە ئەنجامی هەڵچونەوە بدات.

* فەرمانەکانی شیاوی جیٚ بەجیٚکردن بن.

* ئەبیٚت کورت و، پوخت بیٚت، بۆ ئەوەی بە ئاسانی جیٚبەجیٚ بکریٚت.

* ئەبێت کاتێك فەرمان دەردەکات بەهۆی لوتبەرزی و، لەخۆ بایی بونەوە نەبێت، دواتر خۆی بەبەرپرسیارێتی نەدزێتەوە.

* کاتێك فەرمان دەردەکەیت پێویست بە هات و، هاوار ناکات بۆ ئەوەی لەبەرامبەری بگەیەنیت، خۆت بەدور بگرە لە سەرسام بون بەخۆ و، لوتبەرزی.

* خۆت بە دور بگرە لە دەربڕینی: پێم وابێت، من وادەزانم، من، من، من وام پێباشە، گومانم هەیە، ئەمانە وادەکەن کارەکە بەرەو پێشەوە نەڕۆن نابێت ئەو فەرمانەی دەریدەکەیت گومانی لەبەردەم دروست بکەیت.

* بەر لە دەرکردنی فەرمان پێویستە ڕاوێژی تەواو بە هاوکارەکانت بکەیت، بۆ ئەوەی ئەنجامی باشتر و، چاکتر دەست بکەوێت، گوێ لە بۆچون و، ڕای بەرامبەر بگرە ئەگەر لەخۆشت منداڵتربن، یان لەخۆت پلەیان کەمتر بێت.

چونکە ئەگەر: فەرمانەکان ڕون نەبن و، دیار نەبن و، لەیەك جیا نەکرێنەوە، ئەوە خراپی بۆ فەرماندە دەگەڕێتەوە.

بەڵام ئەگەر وشەکان ڕونبێت و، دیاری کراو بێت و، شیکردنەوەی بۆ کرابێت، ئەوە سەرزەنشت بۆ سەربازەکان دەگەڕێتەوە.

٣- هونەری سەرزەنشت و لێپرسینەوە:

- سەرەتا لەکاتی ئەنجامدانی هەڵەکە تێبنی سەرەتایی بدە بە کەسەکە، بە بێ دواکەوتن و، بە دەنگێکی ئاسایی و، نەرم.

**- دوای ئەوەی کە تەواو لێکۆڵینەوەت کرد سزای بەرامبەر بدە و، سەرزەنشتی بکە.**

**- با سزاکە هاوتا و، لەئاستی تاوانەکەدابێت نەك زیاتر.**

**- دوو کەس لەسەر یەك ڕوداو سزا مەدە، بگەڕێ بۆ تاوانباری سەرەکی، چونکە کۆبونەوە هێزدروست دەکات.**

**- لەبەردەم سەرباز و، بەردەستەکاندا لێپرسینەوە لەگەڵ فەرماندەکەیان مەکە، بۆ ئەوەی زنجیرەی فەرماندە و، بەردەستەکانی نەشکێت.**

**- لەبەردەم کەسانی دیکە لێپرسینەوە لەگەڵ ئاژاوە چی مەکە.**[١٢]

---

[١٢]- https://www.almusallh.ly/ar/thoughts/40-vol-38-42

# ڕاگەیاندنی جەنگی

ڕاگەیاندنی جەنگی ئەو هەواڵە وردانەیە لەسەر هێزە چەکدارەکان و، جەخت لەسەر ڕوداوە ڕاستییەکان دەکات و، بەڕاشکاوانە و بەو پەڕی ڕێگرتنەوە پێشکەشی جەماوەرەکەی دەکات، بە وردی هەواڵ و ڕاستییەکان پێشکەش بە جەماوەرەکەی دەکات، لە پێناو دروستبونی بۆچونێکی دروست لای جەماوەرەکە و، لە هەمان کاتدا بەرپەرچی ڕاگەیاندنی نەپیارانی دەداتەوە.

**چەمکی ڕاگەیاندنی جەنگی سەربازی:**

ڕاگەیاندنی جەنگی سەربازی بەشێکی تایبەتە لە ڕاگەیاندنی گشتی دەوڵەت، بەڵکو یەکێکە لە پایەکانی و هیچ جیانییە لێی، ڕاگەیاندنی جەنگی سەربازی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو ڕۆڵانەی کە هێزە چەکدارەکان لە پێناو بەدی هێنانی ئامانجێکی سیاسی سەربازی دەوڵەت دەیگرێتە بەر و، پشتگیری هزری و جەنگی بۆ جەنگ و سەربازی بەدەست دەهێنێت، هەروەها ڕوبەڕوی بانگەشە و جەنگە دەرونییەکانی نەیارەکانت دەداتەوە.

لە بنەڕەتدا ڕاگەیاندنی سەربازی بریتییە لە: "ئەو زانیارانیە کە دەقی هەواڵەکەی لەسەر بونیات نراوە و، جەخت لەسەر

ڕاستی و ڕاشکاوی هەواڵەکە دەکاتەوە، بەر لەوەی بیخەیتە بەردەم جەماوەرەکەت".

## پەیڕەوی ڕاگەیاندنی جەنگی سەربازی:

١- پەیڕەوی مێژویی: باس لە قۆناغەکانی گەشەسەندن و لایەنی مێژوی و شێوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی دەکات، ئاماژەیە بۆ گەشە سەندن و قۆناغەکانی ئەم دیاردەیە و دەستکەوتەکانی.

٢- پەیڕەوی کۆمەڵایەتی: کار لەسەر پڕۆسەی کارلێکردن دەکاتەوە، هەوڵدەدات بەدواداچون بکات بۆ هەموو هەڵوەستەکان ون هەموو گۆڕانکارییەکان هەڵ بسەنگێنێت و، شیکاری بۆ هەموو لایەنەکانی بکاتەوە.

٣- پەیڕەوی دەروونی: کۆبیر دەخاتە سەر ئەو دیاردانەی کە رای گشتی دەجوڵێن لای جەماوەرەکەی، دروستکردنی حاڵەتێکی دەروونی بەرامبەر سەرجەم ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوەوە و دەرەوە دێنەبەردەم جەماوەرەکەت.

٤- پەیڕەوی سیاسی: ئەو مەنهەجەیە کە ڕودەکاتە ڕای گشتی، جا ئیدی ئەو بۆچونی گشتییە لە ناوەوە بێت، یاخود لەدەرەوەبێت، پێویستیشە کە ورد و ڕاشکاوانەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت جەماوەرێکی زۆر کۆ بکاتەوە بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکەت.

## بنەماکانی ڕاگەیاندنی جەنگی و سەربازی:

ڕاگەیاندنی جەنگی و سەربازی لەسەر چەند بنەمایەکی قوڵ و چەسپاو بونیات نراوە، گرنگترینیان:

سروشتی ململانێکان.

بیروباوەڕی سەربازی و جەنگی.

دادگەری دۆسیەکەی.

دامەزراوەیی هێزە چەکدارەکان.

## پێویستییەکانی ڕاگەیاندنی جەنگی و سەربازی:

### پلان:

دابینکردن و بەردەست بونی هۆکارەکانی پەیوەندی کردنی خێرا، بۆ گواستنەوەی ڕوداوە جەنگی و سەربازییەکان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە گەرمی، لەگەڵ بەردەست بونی هەموو ئەو هۆکارانەی بۆ سەرکەوتن بەسەر ڕوداوەکاندا دێنە بەردەمت، پێویستە ڕاگەیاندنی جەنگی و سەربازی کەشێکی لەبار دروست بکات بۆ ئارامی و ئارخەیان و، سەقام گیری هاوڵاتیان و، هەمیشە دەرفەرت بدۆزێتەوە بۆ بونیات نانی دەرفەت بۆ ئاوەدان کردنەوە.

### هێزی مرۆیی:

پێویستە لە گۆڕەپانی ڕاگەیاندندا، گەشەی تەکنەلۆژیا لە هەردوو کارەکتەرە سەرەکییەکەی ڕاگەیاندن (ڕاگەیاندن و،

پیشەگەری) لەبەرچاو بگیرێت، ئەو شێوە چاولێکەرییە دواکەوتووە لەناو ببرێت، مرۆڤ ئازاد بکرێت بۆ داهێنان و، ئامادەکردنی کادیری ڕاگەیاندنی چالاك لە بواری جەنگ و سەربازیدا، و پێگەیاندنی کارمەندی پسپۆڕ و داهێنەر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕاگەیاندن و، کارکردن بۆ بونیات نانی پاشخانێکی مەزنی مەعنەوی لە ناو وەزارەتی پێشمەرگە.

**لایەنی نەریتی:**

ڕاگەیاندن و ئێزگە کارەکتەرێکی تایبەت و گرنگە لە گەشە پێدان و، دروستکردنی کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر ڕای گشتی لەناوەو دەرەوە، ئەمیش لەمیانەی دەستەبەرکردنی ئامێر و کەرەستەی تەکنەلۆژیای نوێ.

## ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی جەنگی و سەربازی:

چاندنی بنەماکانی بیروباوەڕی ئیسلامی و قورقبانی دان و، کۆششکردن و، پاداشت و، گان بەخشین لە پێناو نیشتماندا، هەروەها خۆسازدانی دەرونی و مادیی بۆ دروستکردنی کیانێکی سەبرازی جەنگی تۆمکە بۆ دەوڵەت.

- چاندنی گیانی خۆشەویستی و بۆ خاك و، نیشتمان پەروەر و، پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕش و ڕاپەڕین.

- گەڕان بەدوای نوێگەر و گەشەپێدانی کۆمەڵگە، لەکاتی ئاشتی و جەنگدا، بەوەی کە تەنها هەواڵی ڕاست بە هاونیشتمانیان بدات.

- بەرپەرچ دانەوەی هەموو جەنگە دەرونییەکان، کە بۆ دابەزاندن و شکاندنی گیانی مەعنەوی لە ناو هێزە چەکدارەکاندا بڵاو دەبێتەوە.

گواستنەوەی وێنەیەکی دروستی گەشەپێدانی جەنگی، بەتایبەت لەکاتی هەڵگیرساندنی جەنگ.

-هۆشداری نیشتمانی لەڕوی گەشەسەندنی سەرجەم بوارەکان و، بڵاو کردنەوەی هۆشیاری دروست بۆ ئەو هێرشە دوژمنکارانەی وەك جەنگی دەرونی دەکرێتە سەرت.

-بەشداری کردن لەگەڵ ڕاگەیاندنی نیشتمانیدا، بۆ چالاککردنەوە و هۆشیارکردنەوەی گەنجان و، بۆ دروستکردنی نەوەیەکی ژیر و ڕۆشنبیر و تێگەیشتو، کە ماف و ئەرکەکانی بزانێت، ببێت بە دەستێکی کار لە وڵاتدا.

## تایبەتمەندییەکانی ڕاگەیاندنی جەنگی و سەربازی:

پێویستە ڕاگەیاندنی جەنگی و سەربازی لەگەڵ ئەرکە گرنگەکەی هێزە چەکدارەکاندا لە هەموو بوارەکاندا گونجاوبێت.

### وردی لە زانیارییەکاندا:

ئەمە یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ڕاگەیاندنی جەنگی سەربازی، بەشێوەیەك کە ئەو زانیاریانەی بە ناو و شێوە و بەکارهێنان و کات و، بەدروستی و بەشێوەیەکی گونجاو خرێنە ڕوو و پێشکەش بکرێن.

### خێرایی:

یەکێکە لە تایبەت مەندیە ناوازەکانی هێزە چەکدارەکان، کاریگەری جیهانی هەیە، بۆیە پێویستە ڕێزی ئاوەزی بینەران بگریت و، لەکاتی گەیاندن و پێدانی زانیارییەکان پێی بەدروستی مامەڵە بکەیت و، لە سەرچاوەی باوەڕ پێکراوەوە هەواڵەکانی پیۆ بگەیەنیت، پێویستە بەر لەوەی ڕاگەیاندنە دژەکانت زانیارییەکان بە شێواوی بگەیەنێتە هاوادارانت، خۆت زانیارییەکانی بەدروستی پیۆ بگەیەنە.

### میانڕەوی:

لە میانەی گەیاندنی جەنگی سەربازییەوە توشی زۆر گۆڕانکاری دەبیتەوە، لەسەر ئاستی جیهان و ، ناوخۆیی و،

**هەرێمی، جا بۆیە ئەو گۆڕانکارییانە بە هەند وەربگرە بۆ پیادەکردنی لە ناو هێزە چەکدارەکاندا و، هەمیشە نێوەند گیر و میانڕەوبە لە گەیاندنی هەواڵەکاندا، نە زۆر خەم ساردبە، نە زۆر تیژ ڕە و سنور بەزێنبە.**

**تەواوکاری:**

**ئەمەش لە میانەی هەماهەنگی لەگەڵ ڕاگەیاندنە جۆراو جۆرەکانی (خوێنراوە و، بینراو و، بیستراو) هەموتان وەك ئەرکێکی نیشتمانی سەیر ئەو دۆزانە بکەن.**

**فرە ڕەهەندی:**

**چەندین پەیامی جۆراو جۆر دێنە بەردەمت بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکەیت، وەك: (دینی، زانستی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، نیشتمان و نەتەوەیی، وەزرش، گەشە پێدان و، ڕۆشنبیری) کار لەسەر هەمویان بکە و، تەنها خۆت لە سنورێکی بەرتەسکدا مەهێڵەوە.**

## ڕۆڵی ڕاگەیاندنی جەنگی سەربازی لە ئامادەسازی دەوڵەت بۆ بەرگری:

کاتێك دەوڵەتێك یان کیانێك بیەوێت بەرگری بکات، پێویستە تەواوی کایەکان بەشداربن لە بەرگریکردندا، هاوکاری و هەماهەنگی تەواویان لە نێواندا هەبێت لە بەشداری کردن و ئامادەسازی، بەشداریکردنیش بە چەند قۆناغێك تێدەپەڕێت، پێویستە سەرجەم کایەکان لە میانەی پلانێکی نیشتمانی دیاریکراو کار بکەن، بۆ پایەکانی دەوڵەت بەهێزتر بکەن.

ڕاگەیاندن بە فەلسفەیەی خۆی و، بەکارهێنانی هۆکارە پێشکەوتووەکان، بەهێزترین هۆکاری پەیوەندی سەردەمە، ڕۆڵێکی زۆر باش دەبینێت بۆ ئامادەسازی دەوڵەت بۆ بەرگی، بەتایبەت لە جیهاندا گرنگییەکی زۆر گەورەی پێدراوە بۆ بردنەوەی جەنگەکانیان و، یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی بەهێزبونی پایەکانی دەوڵەت.

# گەشە پێدانی مرۆیی

## چەمکەکانی، ئامانجەکانی، بەهێزکردنەکانی، ئاستەنگەکانی

گەشە پێدانی مرۆیی یەکێکە لەو بنەما سەرەکیانەی کە زۆربەی کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان بە ئامانجی زیاتر کردنی توانای فێربون و زانست، پشتی پێ دەبەستن، بۆ ئەوەی هانیان بدات و پاڵیان پێوە بنێت بۆ کارکردنی بەردەوام، بە هەمووی توانایانەوە، دور بکەونەوە لە تەمەڵی و سستی و تەوەزەلی، گرنگترین ئامۆژگارییشە کە ڕاهێنەرانی گەشە پێدانی مرۆیی پیادەی دەکەن، بۆ ئەوەی سەرکەوتوبن لە ئەرکەکانیاندا. ناوەڕۆکی ئەم نوسینە تێگەیشتنە لە چەمکی گەشە پێدانی مرۆیی و ئامانجەکانی گەشەپێدانی مرۆیی و بەهێزکردنەکانی گەشە پێدانی مرۆیی و ئاستەنگەکانی بەردەم گەشە پێدانی مرۆیی دەخەینە ڕوو.

گەشە پێدانی مرۆیی پڕۆسەیەکە کە کۆبیر دەخاتە سەر مرۆڤ و کار دەکات بۆ گەشە پێدانی بەهرە و تواناکانی و بۆ ئەوەی بە کۆششی تایبەتی خۆی بگاتە ئاستێکی بەرزی بژێوی و ژیان کردن، جەنگە جیهانییەکان و کاریگەرییە لەناوبەرەکانی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ دەرکەوتنی چەمکی گەشە پێدانی مرۆیی، ئەمەش وایکرد دووبارە گەشە پێدانی مرۆیی دابڕێژنەوە و، چاو بخشێننەوە بە گەشە پێدانی مرۆیی، و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ گەورەترین سەروەتی وڵاتانە. پێناسەی گەشە

پێدانی مرۆیی بۆ مرۆڤ بریتیە لەوەی کە مرۆڤ بەنرخترین سەروەت و داهاتی گەلانە، گەشە پێدانی مرۆیی پرۆسەی گەشە پێدانی بژاردەکانی بەردەم مرۆڤە، هەرگیز لە جێگەیەك تواناکانی مرۆڤ کۆتایی نایەت وتەك کۆتایی هاتنی تەندروستی و، گەشەپێدانی زانیاری و چالاکییەکان، بەڵکو پشت دەبەستێت بە شتێکی دورتر لەوەی، وەك ئەوەی کە بەبێ جیاوازی سودی لە هەموو بوارەکاندا هەیە و، دەرفەتی سەرکەوتن دەخاتە ڕوو و، سود وەردەگریت لە کاتە بێ کارەکانت و، چێژ وەردەگریت لە ڕێزگرتن لەخود و مافەکانی مرۆڤ، بەشداری دەگات لە چالاکییە ئابورییە و سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان.

## ئامانجەکانی گەشە پێدانی مرۆیی:

بەردەست خستنی هۆکارە گرنگەکان بۆ ئاسانکاری لەسەر خەڵك لە ناو کۆمەلچگەدا و، دەرفەتی بەدەست هێنانی زانیاری دروست، کارکردنی بەردەوانم لە پێناو تواندنەوەی نەزانی و نەخوێندەواری لە ناو تەواوی کۆمەڵگەدا.

کارکردن بۆ سنورردارکردنی دیاردەی بێکاری و، کارکردن بۆ بەدەست هێنانی دەرفەتی باشتر لە هەموو ناوچە شارستانییە و شارە گەورەکان و ناوچە دەشتایی و گوند نیشنە سادەکان.

کارکردن لە پێنا و چاودێری تەندروستی و، پێشکەش کردنی هاوکاری و یارمەتی تەندروستی بۆ منداڵ و ئەوانەی پێویستیانە و بە ساڵاچوان.

کارکردن بۆ باشترکردنی ئاستی خۆشگوزەرانی بۆ تاك، دابینکردنی سەردەم پێداویستییە گرنگەکان بۆی، ڕێگری بۆ بڵاو نەبونیەوەی برسێتی، بەرزکردنەوەی ئاستی خۆراك پێدان.

دروستکردنی متمانەی مرۆۋ بەخۆی، هەستکردن بە شیاوێتی خودی، باشترکردنی وێنەی خود و، ئەمەش وادەکات زیاتر متمانە بە خۆی دەبێت.

باشترکردنی چالاکیی کەسێتی تاك و شارەزابون بۆ ورەبەرزی، دڵنیایی و هاوسەنگی دەرونی بۆی، شارەزابوون لەسەر چالاکیەکانی مرۆۋ و گەشە پێدانی، وەك پاراستنی و، بەهێزکردنی یادگە و، هونەر بڕوا پێهێنان و، چێشت لێنان و، هونەری دەستی و، وێنە کێشان.

گۆڕینی بیرو باوەڕ و ئەندێشەی خراپی مرۆۋ بەرامبەر بەخۆت، بە بیرو باوەڕی سود بەخش، وەك ئەوەی کە بڕوات بەخۆت نەبێت کە هەرگیز سەردەکەویت، بگۆڕیت بۆ ئەوەی کەت ئەتوانیت سەر بکەویت بەسەر هەموو ئاستەنگی و ئەستەمەکاندا.

گۆڕینی خوو نەریتی زیان بەخشن بە خو نەریتی سود بەخش، وەك پارێزگاری کردن لە کات و، ڕێزگرتنی بەڵێنەکان و،

دورکەوتنەوە لە دواخستنی کار و، بە جوانی و هاوکاری لەگەڵ هاوڕێکانت کار بکەیت.

گەشە پێدانی چەند ڕەوشت و پەسنی جوان لە مرۆڤدا، وەك: ڕاستگۆیی، بڕوابوون، متمانە بەخۆ بوون، خۆشەویستی کار، ئارامگری، کۆڵنەدان، خۆشنودی، ئارامی ئاوەزی، بەخشندەیی.

## بەهێزکردنەکانی گەشە پێدانی مرۆیی:

١- فێربوون: مرۆڤ ناتوانێت ئامانجەکانی بەدی بهێنێت بەبێ فێربوون، فێربون بەشدارییەکی زۆر گەورەی هەیە بۆ ملکەچ کردن و شکست هێنانی ئەو ئاستەنگیانەی ڕوبەڕوی مرۆڤ دەبن، ڕێگەکانی داهێنان و دەستکەوت ئاساندەکات، بۆ ئەوەی ئەو کەسە خۆی بسەلمێنێت لە ناو ئەو کۆمەڵگەی کە تیایدا دەژی.

٢- ڕاهێنان: ڕاهێنان بەشداری چالاکی هەیە بۆ گواستنەوەی چالاکی و بەهرەمەندی و ئەمون و شارەزایی و بیرو ئەندێشە و پیادەکردنی ئەو تەکنیکانەی کە مرۆڤ چێژی لێوەردەگرێت و، ئاستی سەیرکردنی بۆ پیادەکردنی بەرز دەکاتەوە، ئەمەش وادەکات مرۆڤ هان بدات بۆ کارکردن و داهێنان و پیشەگەری، بۆ ئەوەی سەرجەم بەهرەکانی نیشان بدات کە هەیەتی، بۆ ئەوەی بگاتە سەرجەم ئامانجەکانی.

٣- ڕۆشنبیری: کۆکردنەوەی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگەدا هاوکاری باشدەبێت بۆ خوێندنەوی ڕەوشتەکانی تاك، بەگوێرەی

ئەو ڕۆشنبیریەی لە کۆمەڵگەکەدا بونی هەیە، ڕۆشنبیری گشتی تەواوکاری فێکردنە، بەردی بناغەی فێربونە، گەنجێکی ڕۆشنبیری زیاتر هەست بەهەموو ئەو شتانە دەکات کە پێویستییەتی و پێی هەڵدەستێت، لەخۆی و بەبێ بەرنامە کار ناکات، بەردەوام پشت بە نەخشە ڕێگا دەبەستێت بۆ ئەوەی بتوانێت بگات بە ئامانجەکانی و بە ڕێگەیەکی دروست لە ناو ئەو چەند مانگە کەمەدا هەنگاو بنێت.

٤- گرنگی دان بە هۆکارەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی: ئەویش لەو شتانەی کە گەشەپێدانی مرۆیی بەهێز دەکات، گرنگی بە چاودێری ڕوداوەکان دەدات، لەڕوی دەرونی، دروستی و، کۆمەڵایەتی و، بۆ ئەوەی بە باشی ئاراستەیان بکات و ببنە هاوڵاتییەکی خاوەن بەرهەم و، چالاك، ئەویش لە ڕێگەی دەرهاویشتنی سەرجەم ماتە وزە شاراوەکانیان، بە شێوەیەکی زانستی سودی لێ ببینن بۆ ئایندەیەکی نوێ و گەشاوە.

## ئاستەنگەکانی بەردەم گەشە پێدانی مرۆیی:

١- کێشە سیاسییەکان: کێشە سیاسی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی پێشکەوتنی گەشە پێدانی مرۆیی لە کۆمەڵگە جیهانییەکاندا، ئەمەش لە دەر ئەنجامی وروژاندنی نەرێنی بۆ ئەو کێشانەی کە هەبوون، وەك جەنگ،

گەماڕۆی ئابوری، نەبونی ئارامی و سەقامیگیری لە دەرونی مرۆڤدا.

٢- کێشەی ئابوری: بارودۆخی ئابوری کاریگەری نەرێنی هەیە لەبەرێوەچونی گەشە پێدانی مرۆیی و، بڵاو بونەوە لە کۆمەڵگە جیهانییەکان، ئەویش بەهۆی هەژاری و، لەناوچونی ژێر خانی ئابوری و، بڵاو بونەوەی بێکاری و، کەمی هەلی کار.

٣- کێشەی تەندروستی: ئەو کێشانەیە کە بونەتە هۆی داڕوخانی ژێرخانی تەندروستی لای مرۆڤ، بەهۆی جەنگ و سیاسەت و لایەنی ئابوری، وەك بەدخۆراکی، بڵاو بونەوەی چەندین نەخۆشی مەترسیدار و، درم و پەتای قورس کە بە ئەستەمی کۆنترۆڵ دەکرێت.

٤- کێشەی فێرکردن: نەبونی فێرکردن و دامەزراوە زانستییەکان کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر سەرکەوتنی پرۆسەی گەشەپێدانی مرۆیی لە ناو کۆمەڵگەدا، چونکە گەشە پێدان پشت بە فێربونبونی مرۆڤ و زانی پێدانی دەبەستێت.

٥- کێشە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان: کێشەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئاستەنگانەن کە بەتەواوی کۆمەڵگە توشی ئیفلیجی دەکە و بەشێوەیەکی گەورە ڕێگر دەبێت لەبەردەم گەشە پێدانی کۆمەڵگە و پیشاندانی ڕۆڵی دروستی خۆی لە کۆمەڵگەدا، ئەویش بەهۆی هەڵگیرساندنی

ناکۆکی لە ناو تاکەکانی یەك کۆمەڵگەدا، زیاد لەوەش بڵاو بونەی نەفامی و دەمارگیری ئایدۆلۆژی.

## قۆناغە مێژوییەکانی گەشە پێدانی مرۆیی:

١- قۆناغی کلاسیکی (دێرین): لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، لەم قۆناغەدا گەشە پێدانی مرۆیی لەگەڵ چەند چەمکی دیکە پەیوەست بوون بەیەکەوە، وەك گەشەپێدانی ئابوری، زانایان تیایدا گرنگیان دەدا بە توێژینەوە و خوێندن لەسەر ئەو بارودۆخە ئابوریەی کە تێی کەوتوون بۆ ئەوەی بەرهەمی زیاتر بۆ گەلەکەیان بەرهەم بهێنن، لێرەدا تیۆریای کلاسیکی لە ئابوریدا دروستبوو، ئەم تیۆریایە لەو سەردەمەدا پشتی دەبەست بە هەندێك زانای گرنگ، وەك: ئادەم سمیس، تۆماس مالتوس، دیڤید ریکاردو.

دەقی ئەم تیۆریایە هاتووە کە دانیشتوانی و سەرمایە دوو پێکهاتەی گرنگن کە هاوکاری گەیشتن بە گەشە پێدانی ئابوری دەکەن، لێرەدا سورشتی ئابوری بەشێوەیەکی ڕون کاریگەری هەبوو لەسەر گەشە پێدانی مرۆیی، لە کۆتایی شەستەکانەوە گەشە پێدانی مرۆی گرنگی دا بە پیادەکردن و جێبەجێ کردنی کۆمەڵێ سیاسیەت، کە ئامانج لێی کەم کردنەوەی هەژاری و، دابەشکردنی داهات بە شێوەیەکی دادگەرانە بەسەر خەڵکدا.

٢- قۆناغی حەفتاکان تا نەوەدەکان: لەم قۆناغەدا وای لێهات کە کۆمەڵگە زیاتر بە گەشە پێدانی مرۆیی کاریگەر بن وەك

گەشەپێدانی ئابوری، کۆمەڵگە ڕۆژ ئاواییەکان فێری ئەوەبوون کە بەشێوەیەکی زۆرتر گەشە بە ژیان و بژێویان بدەن، بەڵام نەبوە هۆی ئەوەی خەڵك بەگشتی بەختەوەری بەدەست بهێنن. بە تێپەڕ بونی ساڵی (١٩٧٠) نەتەوە یەکگرتووەکان پەیان بەوەبرد کە پێویستە جارێکی دیکە گەشە پێدانی مرۆیی و ئامانجەکانی دا بڕژنەوە، لەکۆتایدا گەیشتن بە کۆمەڵێك ڕاستی و زانیاری گرنگ، ئەوانی: ئامانجی گەشەپێدانی مرۆی بەدی هێنانی خۆشگوزەرانییە بۆ مرۆڤ، لە میانیە بەدەست هێنانی چەندین سود بۆ کۆمەڵگە، هەروەها ئامانجی بلاّو کردنەوەی دادگەری و دابەشکردنی داهات بەشێوەی دادگەری، بۆ ئەوەی خەڵك هەست بە ئارخەیانی دەرونی ببێت.

## مادەکانی گەشە پێدانی مرۆیی:

چەمکی بەڕێوەبردنی کەرەستەکانی گەشەپێدانی مرۆیی، واتە تیشك خستنە سەر نەژادی مرۆیی کە لە دامەزراوە و کارگەکان کار دەکەن، جۆرێکی تایبەتە لە جۆرە گرنگەکانی کۆبیرخستنە سەر چۆنێتی خستنە کاری فەرمانبەران، ئەو ڕێگەی کە لە میانەوەی هەڵی دەبژێریت، کاردەکات بۆ ڕێکخستنی کارەکانیان، هەڵسەنگاندی پیشەکانیان، ڕاهێنانی فەرمانبەرە دڵسۆزەکان.

# چەند وتەیەکی سەربازی

با هەمیشە پلانەکانت وەك شەوتاریكو ناڕون بێت، بەڵام وەك بروسکە پیادەی بکە.

بە نهێنی پلان دابنێ، بە ئاشکرا جێ بەجێی بکە.

بەو ڕێگەیەی دەڕۆیت بەو ڕێگە مەگەڕێرەوە.

تەمەنای ڕوبەڕوی دوژمن مەکەن، ئەگەر ڕوبەڕوی دوژمن بونەوە، خۆڕاگربن.

تەنانەت بە ئاگابە لە سێبەرکەت، ڕەنگە ڕۆژێك لەڕۆژان زیانت پێ بگەیەنێت.

پاڵەوانەکان کەسانی ئاساییین، بەڵام ئەوان پێش پێنج خولەك لە جەنگ دەناسرێن. (ڕۆناڵد ریگن).

پەلاماری حەوت کەس مەدە کاتێك شانەی مانچەکەیت شەش فیشەك دەگرێت.

پێنوسو تفەنگ یەك لولەیان هەیە.

پێویستە مرۆڤایەتی سنورێك بۆ جەنگو کوشتار بهێنێت، ئەگینا ئەوان سنورێك بۆ مرۆڤ دادەنێن. ( جون کیندی).

جاسوسێکی باش لە جێگەیەکی باشدا، پەسەند ترە لە هەزار جەنگاوەر.

جەنگ خۆشە بۆ ئەوانەی بەشداریان تیا نەکردبووە. ( ئیراسموس).

جەنگ دەری ناخات ڕەوایەتی بەکێیە، بەڵکو مانەوە دەری دەخات.

ئەوانەی ئامانجی ڕونیانی هەیە، ئاوڕ بۆ فریودەر و شتە مادییەکان نادەنەوە.

خۆ کوژییە بڕۆیتە جەنگێکەوە ئامانجت سەرکەوتن نەبێت تیایدا. (جنڕاڵ دوگلاس مکارس).

خێراترین کار بۆ کۆتایی هاتنی جەنگ ئەوەیە خۆت بدەیت بەدۆڕان.

دوژمنی ناسراو، دوژمنێکی نیوە تێکشکاوە.

ڕاستی گویٚ بەهیچ شتێك نادات.

ڕاستی کارەکانی مرۆڤ ئەوەیە هەمیشە دەیەوێت کارە دروستە بکات، بەڵام ئەستەمە پیادە بکات و، ئەو کارە بکات. (نورمان شوارزکوف).

ڕاکردنی یەك سەرباز لە جەنگدا، گیانی تێکشکان لە سوپاکە دروست دەکات.

ڕەنگە یەك شەڕ بدۆڕێنین، بەڵام جەنگ نادۆڕێنین. (معرکە = حرب).

سەرکەوتن لە جەنگی ئەتۆمیدا ئەوەیە نەڕۆیتە ئەو جەنگەوە.

سەرکەوتنی ڕاستی ئەو سەرکەوتنەیە بە ئاشتی بە دەست بێت، نەك بە جەنگ.

سەرکردە وەك بازرگان وایە، سەرکێشی و، قوماربازی ناکات و، سەربازەکانی بۆ جێگەی نەزانراو نابات، ئەگەر دڵنیانەبێت قازانجێکی تەواو دەکات، ئەو سەرمایەکەی (سەرباز و، پێداویستی جەنگی) بە هەدەر نادات.

سوپاکان بە سکیان دەجەنگێت.

سوپا کیانێکی لاوازە، ئەگەر دیسپلین و پابەندبونی تیا بەرجەستە نەبێت.

شادەماری جەنگ داراییە.

چەکەکەت بەشێکە لە گیانت، هەرگیز بەجێی مەهێڵە، تا گیانت دەردەچێت.

گوێڕایەڵی بنچینەی سوپایە.

عارەقی زۆر لە ڕاهێناندا، خوینی کەم دەرژێت لە جەنگدا.

فیشەکی یەکەم مافی تۆیە، بەڵام فیەشکی دواتر مافی بەرامبەرەکەتە.

قەناسێکی شارەزا یەکسانە بە سوپایەك.

کاتێك گوێت لە دەنگی فیشەکی دوژمن بوو، بزانە تۆ زیندویت و، دەتوانیت خۆت ڕزگار بکەیت.

کاتێك لە گۆڕەپانی جەنگ بوویت، بزانە کەسێك چاودێریت دەکات، ئەگەرچی دوژمنیش دیار نەبێت.

کاتێك مردن لە ڕێی هەموان بێت، بۆ بە ترسەوە بژین؟.

لە پێناو خۆت بجەنگێ باجەکەی هەرچییەك بێت.

لە جەنگدا ڕەوایەتی قوربانی یەکەمە.

لە دەنگی فیشەك مەترسە، ئەو فیشەکەی دەتکوژێت دەنگی نییە.

متنانە بە دوژمنەکەت مەکە ئەگەر خۆشی تەسلیم کردبێت.

مرۆڤ خاوەنی پێداویستییەکانی بەردەستییە، بەڵام پلان گەورەی جەنگە.

مرۆڤ گیانی جەنگە، بەڵام دیسپلین و پابەندبوون.... گیانی مرۆڤە!

مرۆڤ هەر چەکێك دروستبکات، هەر دەبێت تاقی بکاتەوە.

ململانێی کەسێك مەکە، هیچی نەبێت لە دەستی بدات.

من نازانم لە جەنگی جیهانی سێیەمدا چی جۆرە چەکێك بەکار دەهێنن، بەڵام دەزانم لە جەنگی جیهانی چوارەمدا مرۆڤ بە بەرد و، دار شەڕ دەکات. ( ئەلبێر ئەنیشتاین).

نەبونی جەنگ، واتای هەبونی ئاشتی نییە.

هەتا پیاو مابێت جەنگیش بونی دەبێت. (ئەلبێرت ئەنیشتاین).

هەر سەربازێك ڕێزی خۆی بگرێت پێویستە بەشداری جەنگ بکات، ئەگەر پێشی ناخۆشبێت، چونکە هەندێك شت هەیە پێویستە لەپێناوی بجەنگیت. (جنڕاڵ نورمان شوارزکوف).

هەرگیز مرۆڤایەتی لە ئاشتیدا نەبووە، بەڵکو لە کاتی جەنگ ڕاگرتنی کاتیدابووە.

هەركات جەنگ زیاتر توند دەبوو، بزانە كۆتایی هاتنی نزیكە.

هەركەس تامەزرۆی شەڕی شەو بێت، شەڕی ڕۆژ زۆر خۆش دەبێت لای.

هەركەس سەربانی بە دەست بێت باخچەو ڕێگاكانی دەكەوێتە ژێر دەست.

هەركەس وتی قەڵەم لە كلاشینكۆف بەهێزترە، ئەوە بزانە هەرگیز پێشتر گوێی لە دەنگی دۆشكە نەبووە. (جنڕاڵ دوگلاس مكارپ).

هەزار فیشەك لە ڕاهێناندا بتەقێنە، بۆ ئەوەی یەك فیشەك لە بەرامبەر دوژمندا بەهەدەر نەدەیت.

هەموان دەترسن، ئازا ئەوەیە كۆنترۆڵی ترسەكەی دەكات و، دەری نابڕێت.

هەمیشە دەسەڵاتی بەهێز. ڕێگری دیموكراسییە. (ڕۆناڵد ڕیگن).

هەمیشە ئامادەباش بە.

هیچ كەسێك ناتوانێت كەمینت بۆ دابنێت، مەگەر ئەوەی شارەزای هەنگاوەكانت بێت.

هێڵی پێشەوەی جەنگ كاتێك دیاری دەكرێت لەگەڵ دوژمن تێك بڕژێیت. ( كولن پاولّ).

وا ڕاهێنان بکە کە لە جەنگدایت،، وا بجەنگێ کە لە ڕاهێناندایت.

وابکە پلانەکەت وەك شەو تاریك بێت و، کەس نەیبینێت، بەڵام لەکاتی جێ بەجێکردنیدا وەك هەورەبروسکە ئەنجامی بدە.

وەفدە دبلۆماسییەکانی سەرەتا وەك ئەو سەربازانە کاردەکەن لەکاتی کۆتایی جەنگدان. (ویل روجز).

وریا مامەڵە کردن ترس نییە.

ئازایەتی خۆڕاگرتنی چەن ساتێکە پاشان سەرکەوتن دێت.

ئازایەتی ناونیشانی سەرکەوتنە.

ئازایەتی ئەوە نییە ڕوبەڕو مردن ببیتەوە، بەڵکو ئازایەتی ئەوەیە ڕو بەڕو ئەستەمییەکان ببیتەوە.

ئەگەر بە یەك فیشەك دوژمنەکەت نەکوشت، کەواتە ئێستای تۆ نیشانەی یەکەم فیشەکی ئەویت.

ئەگەر بۆسەکەت وەك پیلانەکەت بەڕێوە چوو، بەئەوە بزانە تۆ لە کەمیندایت.

ئەگەر ترسایت بزانە ڕێگەی گەڕانەوەت لە خۆت تێك داوە.

ئەگەر جەنگەکەت لەسەر مافێکی ڕەوابوو، بزانە تۆ سەرکەوتویت، ئەگەر دواش بکەویت.

ئەگەر خەڵك ڕقیان لێت بوو بزانە تۆ سەرکەوتویت.

ئەگەر خەڵکت گەمارۆ دا بواری هەڵهاتنیان پێ بدە، چونکە زۆر پەستان خستنە سەر مریشکێکیش بەڕوتا هەڵ دەشاخێت.

ئەگەر دەست پێشخەر نەبیت لە ڕاودا، بزانە تۆ نێچیریت.

ئەگەر دوژمن ناسی و، خۆشت ناسی، ئیدی لە ئەنجامی جەنگ مەترسە.

ئەگەر دوژمنەکەت مێرولەیەك بوو بە بچوکی مەزانە.

ئەگەر ڕێگا ئارام بوو و، هێرشەکان بە ئاسانی دەڕۆشت بەڕێوە، بزانە تۆ لە کەمیندایت.

ئەگەر لە جەنگدا خۆتو دوژمنەکەت ناسی و، هەڵسەنگاندنت بۆ کرد ئیدی پێویست بە ترس ناکات لە دەر ئەنجامی جەنگەکە.

ئەگەر ئاشتیت دەوێت خۆت بۆ جەنگ ئامادە بکە.

ئەو سەرکردەی زەوی دەدۆڕێنێ بەڵام جەماوەر و، پێگەی خەڵکی لە ژێر دەستە، دەتوانێت هەستێتەوە، بەڵام سەرکردە کە زەوی دەباتەوە و، خەڵك دەدۆڕێنێت هەرگیز سەرکەوتو نابێت.

| ز | سەرباس | ل |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٤ |
| ٢ | مێژوی دانانی پلەی سەربازی | ٦ |
| ٣ | پلە سەربازییەکان | ١٤ |
| ٤ | مێژوی دروستبونی پۆلیس | ٢١ |
| ٥ | باوەڕی سەربازی ( العقيدة العسكرية ) | ٤١ |
| ٧ | ئاسایشی نەتەوەیی | ٦٠ |
| ٨ | ئاسایشی نێو دەوڵەتی | ٨٣ |
| ٩ | هەواڵگری | ٨٧ |
| ١٠ | دەروونزانی سەربازی | ٩١ |
| ١٢ | فەرماندەیی | ١٠٤ |
| ١٣ | هونەر و کارامەییەکانی فەرماندە | ١١٢ |
| ١٥ | ڕاگەیاندنی جەنگی | ١١٦ |
| ١٢ | گەشە پێدانی مرۆیی | ١٢٣ |
| ١٣ | چەند وتەیەکی سەربازی | ١٣١ |